# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

سێشەممە ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ _ ٢١ی ئاوریلی ٢٠١٥ | ژمارە ٦٥٤ | www.kurdistanukurd.com


## بەرەو پیلی سەدو پازدەیەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستان



ڕێزگرتن لە١١ی بانەمەڕ، ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد، ڕێز گرتنە لە ڕێبەرو سەرکردەیەک کە زۆر لە شانازیو دەسکەوتەکانی مێژووی هاوچەرخی نەتەوەکەمان کە لە سەر دەستی ئەو بەرهەم هاتوون‌و لە دایک بوون.

بۆیە پێویستە وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی، بە شکۆیەکی تایبەتەوە، یادی بکرێتەوە.

ل ١٢

## نارەزایی دەربڕینی سەرانسەریی مامۆستایانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# سەلمێنەری لێبڕاوی‌و بەهێزبوونی ئیرادەی خەباتی مەدەنی لە کوردستان







مامۆستایانی قوتابخانەو خوێندنگەکانی زۆربەی شارەکانی هەر چوار پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین لە بارودۆخی پیشەکەیان و پێشێلکرانی مافەکانیان لە بەر دەم ئیدارەی پەروەردە و فێرکردنی شارەکانیان کۆ بوونەوە.

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو، ٢٧ی خاکەلێوە، مامۆستایانی قوتابخانەو خوێندنگەکانی زۆوربەی شارەکانی کوردستان لە دژی هەڵاواردن‌و ناعەدالەتی لە سیستەمی فێرکردن‌و پەروەردەو بێ کیفایەتیی بەڕێوەبەرانی ئەو ئیدارەیەو وەزارەتی پێوەندیدار، کۆبوونەوەی نارەزایەتیدەربڕینیان پێک هێنا. بەشدارانی کۆبوونەوەکە داوای بەدواداچوونی کێشەو گرفتی خۆیان وەک توێژی فەرهەنگیی کۆمەڵگایان کرد.

شایانی باسە لە مانگی ڕەشەمەی ڕابردووش‌دا مانگرتنێکی سەرانسەریی مامۆستایانی ئێران بەڕێوە چوو. ئەوکاتیش وەک نارەزایەتیدەربڕینی ٢٧ی خاکەلیوە، مامۆستایانی شارەکانی کوردستان بە شێوەیەکی یەکگرتوانەتر و بەرینتر لە مامۆستایانی شوێنەکانی دیکەی ئێران، هاتنە سەر شەقام . ئەمەش نیشاندەری لێبراوی وبەهیزبوونی ئیرادەی بەرەوپێشبردنی خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

### ڕاگەیاندراو

## بەبۆنەی کۆتایی هاتنی پلینۆمی دوازدەهەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

ڕۆژەکانی ٢٢ تا ٢٤ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی (١١ تا ١٣ی ئاپریلی ٢٠١٥ی زایینی) ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، دوازدەهەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی و جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی و ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی بەڕێوە برد.

پلینۆم بە ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە بیرەوەریی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێ کرد. پاشان ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی کە خوێندنەوەی هەلومەرجی سیاسیی نێودەوڵەتی و دوایین ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە ئێران و ناوچە و هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستا و دوورەدیمەنی خەباتی گەلەکەمان لەبەر ڕووناکایی ئەو هەلومەرجەی لە خۆ گرتبوو، لەلایەن کاک خالیدی عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە پێشکەش کرا.

لە سەرەتای ڕاپۆرتی سیاسیدا، وێڕای وەبیرخستنەوە و چاوپێداخشاندنی گرینگترین ئاڵوگۆڕەکانی سیاسەتی جیهانی لە ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی ڕێبەری دا، پلینۆم جارێکی دیکە هەڵوێستی مەنتقی و واقعبینانەی پێشووی حیزبی لەسەر ئەو دۆسیەیە بە دروست زانی کە بریتی بوو لە خۆبواردن لە تەمابەستن بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕادیکاڵی جیهانی دەرەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەهۆی ئەم پرسە و بەستنەوەی ئاجێندای خەبات و تێکۆشان بە چاوەڕوانی لە سیناریۆیەکی لەم چەشنە. بە باوەڕی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی، سەرباری هەموو کەڵکێکی فێڵبازانە کە ڕێژیم هەوڵ دەداچ لەو کێشەیە و چ تەنانەت لە چارەسەرەکەی وەربگرێ، چارەسەر و هەڵوەژێردرانی ئەو مەسەلەیە لەبەر ئەوە بەقازانجە کە مەیدانی مانۆڕی ڕێژیم لە خانەی ئەمنیەتی جیهانیدا لەڕێگەی دەستڕاگەیشتنی لە کورتماوەدا بە چەکی ناوکی سنووردار بێتەوە و چیدیکەش هەموو سەرنجی کۆمەڵگای جیهانی بەبیانوو و هۆکاری ئەم مەسەلەیەوە لەو پرسانەی بۆ خەڵکی ئێران مەسەلەی ئەسڵیین، واتە دێموکڕاسی و مافی مرۆڤ و مافی پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە، وەرنەگێردرێ.

بێگومان پلینۆم ئەو ڕاستییەی لەبیر نەکرد کە ڕێککەوتنیک لەو پێوەندییەدا بە مانای چارەسەری پایەداری پرسەکە نابێ چونکە لە بنەڕەت ڕا کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی جێگەی متمانە و بەرپرسیارێتی هەڵگر نیە و دەکرێ لەمەودواش لەم پرسە وەک ئامرازێک بۆ بەلارێدابردنی بەناو «غرووری میللی»ی ئێرانییەکان و پارامێترێک بۆ دەستئاوەڵایی لە سەرکوتی ناوخۆیی و خراپکاریی ناوچەیی کەڵک وەربگرێ.

ل ٣

## خامنەیی: ڕۆژاواییەکان غەڵەتی زیادی دەکەن!



عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕۆژاوای بەوە تاوانبار کرد کە «بەبێشەرمی» هەرەشە لە ئێران دەکا و «غەڵەتی زیادی» دەکا.

ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە دیدار لەگەڵ فەرماندەکانی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی – بۆنەی ڕۆژی ئەرتەشەوە – ئیشارەی بەو هەرەشانە کرد کە لە دژی کۆماری ئیسلامی دەکرێن و گوتی: ماوەیەک بوو بێدەنگ بوون، کەچی چەند ڕۆژ پیشتر یەکێک لەوانە دەمی کردۆتەوە و باسی چاوەدیری کردن بەسەر شوێنە نیزامییەکانی هێناوەتە گۆڕێ. ئەوانە غەڵەتی زیادیین، دەکرێن!

هەر لەو پێوەندییەدا جێنشینی فەرماندەی سپای پاسداران تەئکیدی لەسەر قسەی خامنەیی کردەوە و گوتی ڕێگە نادەین حەریمی میللی ئێران بشێوێندرێ. هەر کەس بیهەوێ سەردانی شوێنە نیزامییەکانی ئێران بکا، بە «سرب» داغ وڵامی دەدەینەوە.

## هێلگا ئێشمید لەسەر گەمارۆکانی سەر ئێران و مووشەکی – ٣٠٠




بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی ڕۆیتێرز پێشتریش، ئاژانسی نێودەوڵەتی باسی لە چاوەڕوانیی خۆی لە بارەی پێشکەوتنی ئەم دانووستانەکان کردبوو، ئەوە لە حاڵێکدایە کە جێگری بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا گوتبووی، پێویستە ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە لەسەر کۆتایی پیهێنان بە گەمارۆکانی سەر ڕێژیمی ئێران و وڵاتانی ٥+١ دڵنیا بکاتەوە.

هێلگا ئێشمید، جێگری سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا بەر لە سەفەر بۆ موسکۆ لە لێدوانێکدا بۆ هەواڵدەریی «ئینتێر فەکس»ی ڕووسیە گوتی: بە هەمان شێوە کە لە بەیننامەی لۆزانیش‌دا هاتووە، گەمارۆکان تەنیا پاش بەجێ گەیاندنی بەڵێنییەکانی ئێران و پشتڕاستکرانی ئەم بابەتە لە لایەن ئاژانسی نێودەوڵەتیی وەزە، هەڵدەوەشێنەوە.

ناوبراو هەروەها لە بارەی بڕیاری ڕووسیە بۆ ڕادەستکردنی مووشەکە ئێس ٣٠٠ەکان بە ڕێژمی ئێران گوتی: ئێمە پێشتریش نیگەرانیی خۆمان لەم بارەوە بە ڕووسیە ڕاگەیاندووە، بە تایبەت لە بارودۆخی ئێستای ئەم ناوچەیەدا کە ناردنی ئەم مووشەکانە بۆ ئێران دەتوانێ زیاتر پەرە بە نائەمنی و ناسەقامگیر بوونی ناوچەکە بدا.




ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و هەڵسەنگاندنێکی کورت

٤



ڕاسانێک بۆ داکۆکیکردن لە مامۆستایان

٥




ڕۆژی جیهانیی ژینگە دەرفەتێک بۆ ژیان

٦



لە باسە گرنگەکانی پلینۆمی دوازدەیەم (١)

٧



ڕووشاندنی هەستی هونەرمەندان بە چ مەبەستێک؟!

١١

## خالید عەزیزی:
# بە بایەخەوە لە چالاکیو جموجۆڵی چالاکانی سیاسیو مەدەنیی نێوخۆ دەڕوانین

خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی سیاسی تەشکیلاتیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە حیزبەکەی بەبایەخەوە لە چالاکیو جموجۆڵی چالاکانی سیاسیو مەدەنیی کورد لە نێوخۆی ئێرانو ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڕوانێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆبوونەویەکدا کە ڕۆژی یەکشەممە، ٣٠ ی خاکەلێوە بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتبوو، تیشکی خستەسەر باسەکانی پلینۆمی ١٢ ی حیزبی دێموکڕاتو باسی لە خوێندنەوەو تێڕوانینی حیزبی دێموکڕات لە هەمبەر پرسە ڕۆژەڤەکانی کورد لە ئێرانو کوردستان کرد.

کاک خالید عەزیزی لە پێوەندی لەگەڵ لێحاڵیبوونی وڵاتانی ١+٥ لەگەڵ ئێران لەسەر کێشەی ئەتومیی ئەو وڵاتە گوتی لە ڕوانگەی ئێمە ساغبوونەوە لەسەر ئەو لێکحاڵیبوونە کۆتایی کار نییەو هێشتا ڕوون نییە کە دەروەستیی لایەنەکان بەو لێحاڵیبوونە چۆن دەکرێ ببێتە بنەمای ڕێککەوتنو چ گەرەنتیەک بۆ پێبەندبوونی ئێران بە ڕێککەوتنەکان لە ئارادا دەبێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو بەشەی قسەکانیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لە ڕوانگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە کێشەی ئێرانو دنیای دەرەوە لەسەر کەیسی ئەتومی پێوەندیی بە دێموکراسییەوە نییە، پێوەندی بە مافی مرۆڤەوە نییە، پێوەندی بە مافی کوردەوە نییەو پێوەندیی بە داخوازە سەرەکییەکانی خەڵکی کوردستان وەک کێشەی ژیانو مافو ئازادییەکانیانەوە نییە، بۆیە سیاسەتو بڕیارەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەند نییە بە دەرەنجامی ئەو ڕێککەوتنە، بەڵام ئەگەر لە دەرەنجامی ئەو ڕێککەوتنەدا ئاڵوگۆڕێک بە قازانجی بزووتنەوەو کۆمەڵانی خەڵک بێتە پێشی، ئەوا حیزبی دێموکرات دەستی بۆ قۆستنەوەی ئەو هەلو دەرفەتانە ئاوەڵایە.

خالید عەزیزی لەو بەشەی باسەکەیدا گوتی ئەوە بە ئەرکی خۆمان دادەنێین کە لە پێوەندییەکانمان لەگەڵ وڵاتانو لایەنەکانی بەرامبەری ئێران پێیان بڵێین کە ئەزموونی حاکمییەتو ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی دەری دەدا ئەو ڕێژیمە جێی متمانە نییەو لە عەقڵییەتی سیاسیی کۆماری ئیسلامیدا پاشگەزبوونەوە، تێهەڵچوونەوە، کارشکێنی، فرتو فێڵو پێبەند نەبوون بە دەروەستییەکان بەشێکە لە فەرهەنگی سیاسیی کۆماری ئیسلامی.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا پەڕژایە سەر ئەوە کە کۆماری ئیسلامی بە دروستکردنی قەیران لە وڵاتانی دیکە دەیەوێ لەلایەک ڕۆڵی خۆی لە هاوکێشە ناوچەییەکان هەم وەک کێشەخوڵقێنو هەم وەک بەشێک لە چارەسەری قەیرانەکان بەسەر کۆمەڵگای جیهانیدا بسەپێنێو؛ هەم بەو جۆرە کێشەو قەیرانە نێوخۆییەکانی پێ پەردەپۆش بکا.

خالید عەزیزی لە درێژەی باسەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە تا ئێستا کۆماری ئیسلامی ئیستێعدادی ئەوەی لە خۆی نیشان نەداوە کە بیەوێ لە ڕێگەی دانوستانەوە ئاوڕ لە چارەسەری پرسی کورد لە ئێران بداتەوە، بۆیەش حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە شێلگیرییەوە خەباتو تێکۆشانی خۆی لە هەموو بوارو ڕەهەندە جۆراوجۆرەکان لە پێناو بردنەپێشێی بزووتنەوەی کورددا درێژە پێدەدا.

لەو بەشەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بایەخەوە باسی لە ئەرک وەخۆگری، تێکۆشانو چالاکیی هەڵسووڕاوانی سیاسیو مەدەنیی کورد کردو جەختی لەسەر پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تێکۆشانی چالاکانی کورد لە هەموو بوارەکانی سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبیو ژینگەپارێزیدا کردەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا کۆمەڵێک پرسی تەشکیلاتیی هێنایە بەرباس کە لە پلینۆمی ١٢ ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا تاوتوێ کراونو بڕیاریان لەسەر دراوە.






# چاوپێکەوتنی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانو مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان



ڕۆژی سێشەممە ٢٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٤( ١٤ی ئاپریل) هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، لە هاوینەهەواری پیرمام، سەردانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد. هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن شاندی خانەخوێ بە سەرپەرستیی کاک فازل میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشوازیی لێ کرا.

لە سەرەتای دانیشتنەکەدا، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین لە نوێکردنەوەی دیدار لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان تیشکی خستە سەرگرنگترین پرسەکانی پێوەندیدار بە عیراقو هەرێمی کوردستان کە دیارە شەڕی داعش لە گەڵ هەرێمی کوردستانو لە گەڵ دەوڵەتی عێراق لە سەرووی هەموو پرسەکان دابوو. میرانی لەم بارەیەوە باسی لە پرۆسەی پاشەکشێ پێکردنی داعش لە بەشێکی زۆری ناوچە داگیرکراوەکانو سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە کرد. تەئکیدیشی کردەوە کە هەتا داعش لە موسڵ دەرنەکرێ هەرێمی کوردستان هەست بە ئاسوودەیی ناکا.

کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و هۆیەکانی سەرهەڵدانی ئەم کێشانە تەوەرێکی دیکەی باسەکەی سکرتیری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات بوو. بەڕێز میرانی، وێرای ئاماژە بە ڕووەوچارەسەرچوونی ئەم کێشانە، خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان و پشتیوانیی ئەوان لە سیاسەتی نەوتیی حکوومەتی هەرێمی بە فاکتەرێکی گرنگ لە ململانیی نێوان هەرێم و بەغدادا زانی.

پرسی سەرۆکایەتیی هەرێم لەو بابەتانە بوو کە ڕێزدار میرانی ڕوانگەی پارتی دیموکرات و هێز ولایەنەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان لەم بارەیەوەی خستە روو و ئاماژەشی بەو هەوڵانە دا کە بە مەبەستی هەموار کردنی دەستوورو یاسای پێوەندیدار بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە نیوان ئەو پارتە و لایەنەکانی دیکە لە ئارا دا هەیە.

پێگەیشتنی ئەم دواییانەی ئێرانو کۆمەڵگەی جیهانی لە سەر کەیسی ناوکیی بابەتیکی دیکە بوو کە سکرتیری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات، هەڵسەنگاندنی خۆیانی لە بارەیەوە باس کردو ئاکامەکانی وەها ڕێککەوتنێکی بە قازانجی خەڵکی ئێران، لێک دایەوە.

پاشان بەڕێز خالید عەزیزی ڕوانین و هەڵسەنگاندنی حیزبەکەی لە بارەی نوێترین ڕووداو و ئاڵوگۆرە گرنگەکانی پێوەندیدار بە ناوچە و ئێران و کوردستان، باس کرد. عەزیزی وێڕای وەبیرهێنانەوەی هەڵوێستی هاوینی رابردووی حیزبی دیموکرات کە ئامادەیی نیشاندان بۆ ناردنی هێزی پێشمەرگەی دیموکرات بۆ بەرەکانی شەڕی دژ بە داعش و بەرگری لە خاکی هەرێمی کوردستان بوو، دووپاتی کردەوە کە ئێمە لە هەموو مەیدانەکانی سیاسەت و تیکۆشانمان دا بەرگری و داکۆکی لە دەسکەوتەکانی نەتەوەی کورد لەم بەشەی کوردستانمان بە ئەرکی خۆمان زانیوە. لە دیدار و بیروراگۆڕینەوەکانیشمان لە گەڵ هیزە سیاسییەکانی باشووردا، هاندەری تەبایی و یەکریزیی ئەو هیزانە و کۆمەلانی خەڵکو، ڕاوەستان و خۆڕاگریی یەکگرتووانەیان لە بەرامبەر دوژمنان و نەیارانی ئەم هەرێمە دابووین.

لە پێوەندی لە گەڵ ڕێککەوتنی لۆزان و ئاکامەکانی دا، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕێککەوتن لەم بارەیەوەی لە ڕاستای بەرژەوەندو ویستی خەڵکی ئێرانو لە ڕاستای کەمکردنەوەی گرژیو ئاڵۆزیی ناوچەییو جیهانیدا هەڵسەنگاند و وەبیریشی هێنایەوە کە حیزبی ئێمە هەموو کات کۆمەلانی خەڵک لە نێوخۆی کوردستانی هان داوە بە هیوای هێرشی دەرەکی بۆ سەر ئێران، ئەرکی خۆیان کە خەبات دژی ستەمو دیکتاتۆری و بێمافی لە نێوخۆی ولات دایە، پشت گوێ نەخەن. هەر بۆیەش بەردەوام هانی داون ئەوەندەی دەگونجێ دەرفەتەکان و زەرفییەتەکان لە نێوخۆی ولات بۆ بردنە پێشی خەباتە ڕەواکەیان بە کار بێنن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، بە ئاماژە بە بارودۆخی تایبەت لە ناوچەکە و لە پێناوی بەردەوامیو پاراستنی سەقامگرتوویی هەرێم ،هیوای خواست دانوستان و هەوڵەکانی پارتی دیموکراتو لایەنەکانی دیکە لە بارەی پرسی هەموار کردنی دەستوور و یاسای پێوەندیدار بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەرچی زووتر بگاتە ئاکامی دڵخواز.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا چووە سەر کۆمەڵێک پرس و بابەتی دیکەی پێوەندیدار بە حیزبی دیموکراتو ڕۆژهەلاتی کوردستان کە بە لای پارتی دیموکراتی کوردستانەوە شیاوی بایەخ پێدانن.

# سەردانی هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژ

UTENRIKS-
DEPARTEMENTET

هەیئەتێکی کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە لە ئۆسلۆ کرد.

ڕۆژی چوارشەممە، ٢٠ ی خاکەلێوە هەیئەتێکی بەشی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆروێژ، پێکهاتوو لە خوسرەو قادری، بەرپرسی گشتی پێوەندییەکانو ناسر قادرپوور، بەرپرسی بەشی پێوەندییە بیانییەکان، لە سەر بانگهێشتنی بەشی رۆژهەڵاتی نێوەراستی وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژ، سەردانی وەزارەتیان کردو لە لایەن خاتوو «هەیدی ئێلبورگی یوهانسێن»، بەرپرسی بەشی رۆژهەڵاتی نێوەراست و باکووری ئەفریقای وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژەوە پێشوازیان لێکرا.

هەیئەتی حیزبی دێموکرات لەو کۆبوونەوەیەدا راپۆرتێکی تێروتەسەلیان کە لە لایەن کۆمیتەی مافی مرۆڤی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە لە سەر وەزعی مافی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠١٤ لە ئێران ئامادە کرا بوو، ڕادەستی وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژ کرد.

لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا، هەیئەتی حیزبی باسیان لە سەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، سەرکوتی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینیەکان لە لایەن رێژیمی ئێران و دۆخی خراپ و نالەباری زیندانییانی سیاسی کورد لە ناو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دا کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دانیشتنە دا هاورێیانی بەشی پێوەندییەکانی حیزب لە نۆروێژ، باسیان لە سەر رێکەوتنی نوێی ئێران و وڵاتانی ٥ کۆ یەک لەسەر مەسەلەی ناوکیی ئێران کرد و داوایان کرد کە لە لایەن نۆروێژ و وڵاتانی دیکەی رۆژئاوا، دوای ئەو رێککەوتنە، مەسەلەی مافی مرۆڤ لە ئێران پشتگوێ نەخرێ و بەڵکو دەبێ زیاتر لە جاران زەخت بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران لەو بوارەدا.

لە کۆتایی دا خاتوو هەیدی ئێلبورگی وێرای سپاس و دەستخۆشی بۆ ئەو زانیارییانە هیوای خواست کە بتوانن بە هاوکاری رێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووکان بتوانن مەسەلەی رەوشی مافی مرۆڤ و ئازادییەکان لە ئێران و وڵاتانی دیکە بەرەو باشتر بەرن.

سەردانی شاندێکی نوێنەرایەتیی کۆمەڵە لە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر

لە کۆبوونەوەی هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەهەولێر لەگەڵ کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێراندا پێوەندییەکانی دوولایەنو باسە گرینگەکانی ڕۆژ تاوتوێ کران.

ڕۆژی چوارشەممە ١٩ی خاکەلێوەی ٩٤ هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە هەولێر بە سەرپەرستیی زاگرۆس خسروی سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان لە هەولێر کردو لەلایەن شاندیی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکرات ئیبراهیم زێوەییو حەسەن کاکیلیەوە پێشوازییان لێکرا.

لەو دانیشتنەدا هێندێک بابەت و تەوەری پێوەندیدار بە پرسی کوردو هێزولایەنە سیاسییەکانی کوردستان و رووداوەکانی ناوچەو جیهان هاتنە بەر باسو ئاڵوگۆری بیرورایان لە سەر کرا.

# سەردانی شاندێکی نوێنەرایەتیی کۆمەڵە لە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر



لە کۆبوونەوەی هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەهەولێر لەگەڵ کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێراندا پێوەندییەکانی دوولایەنو باسە گرینگەکانی ڕۆژ تاوتوێ کران.

ڕۆژی چوارشەممە ١٩ی خاکەلێوەی ٩٤ هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە هەولێر بە سەرپەرستیی زاگرۆس خسروی سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان لە هەولێر کردو لەلایەن شاندیی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکرات ئیبراهیم زێوەییو حەسەن کاکیلیەوە پێشوازییان لێکرا.

لەو دانیشتنەدا هێندێک بابەت و تەوەری پێوەندیدار بە پرسی کوردو هێزولایەنە سیاسییەکانی کوردستان و رووداوەکانی ناوچەو جیهان هاتنە بەر باسو ئاڵوگۆری بیرورایان لە سەر کرا.

# ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان

## فینلاند

**کومیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی فینلاند بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان سمیناڕێکی پێکهێنا.**

لەو سمینارەدا کە ڕۆژی شەممە، ١٥ی خاکەلێوە بەبەشداریی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانو نوێنەری هێزو لایەنە سیاسیە کوردستانییەکان و فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکانی فینلاند بەڕێوەچوو، بە خوێندنەوەی سروودی نیشتمانی ئەی ڕەقیبو ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدان دەستی پێکردو پاشان لوقمان زەهرایی و عەزیز شێخانی باسەکانیان پێشکێش کرد.

لەو سمینارەدا لوقمانی زەهرایی و کاک عەزیز شێخانی لە ڕوانگەی خۆیانەوە بە خوێندنەوەی ڕووداوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان ئاوریان لە دەورو نەخشی کاریگەرو بەرچاوی سەرۆک کۆماری کورد قازی موحەممەد دایەوە.

لوقمان زەهرایی و کاک عەزیز شێخانی لە بابەتەکانیاندا بە ئاماژەدان بە هۆکارە دەرەکیو ناوخۆییەکانی شکستی کۆماری کوردستان، جەختیان لەوە کردەوە کە ئەو کۆمارە بە پێی قۆناغ و هەلومەرجی پێکهاتنەکەی یەکێک لە لاپەرە پڕ لە سەروەرییەکانی نەتەوەی کورد کە پڕ بە واتا نیشتمانی بوون و نەتەوەیی بوونی بەرجەستە کرد.

لەبەشێکی دیکە ئەم سمینارەدا کۆرگێرەکان بە جەختکردن لەسەر ئەوەی کە قازی و هاوڕێیانی بە باوەڕەوە بەرگرییان لە کۆمارو دەستەکەوتەکانی کردوە، تیشکیان خستە سەر ئەوەی کە ئەوان بە هەست بە بەرپرسایەتییەوە هەموو بەرپرسایەتیی کۆمارو دامەزراندنی و کارو دەسەکەوتەکانی لە ئەستۆ دەگرن لە پێناو پاراستنی خەلک و پێشگیری لە کوشتارو قەتل وعامی خەڵکی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی کۆماری کوردستاندا.

بەشێکی دیکەی ئەم سمینارە پێکهاتبوو لە خوێندنەوەی پەیامی هێزولایەنە سیاسیەکان. ئەو لایەنانەی پەیامیان پێشکێش کرد بریتی بوون لە پەیامی بنەماڵەی شەهیدانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە لایەن خاتوو بەهار قادری.

پەیامی کۆمەڵەی شورشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە لایەن خاتوو پەروین خاڵەندی. پەیامی بزوتنەوەی گۆران کە لەلایەن کاک سیروان سابیر و پەیامی فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکانی فینلاند کە لەلایەن کاک مەجید حەقییەوە پێشکێش کرا. کۆتایی بەرنامەکە خوێندنەوەی سروودی ئەی شەهیدان بوو کە ئامادەبوان پێکەوە خوێندیانەوە

## نۆروێژ

**لە وڵاتی نۆروێژ لە ڕێوڕەسمێکدا کە بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە پێکهاتبوو، یادو بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان بەرز ڕاگیرا.**

کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی یەکشەممە، ١٥ی خاکەلیوە بە هاوکاری یەکیەتیی لاوانو ژنانی دێموکراتی کوردستانو کۆمیتە ناوچەی ئۆسلۆ، ئاکەشهووسی حیزب لە ڕێوڕەسمێکدا کە بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان پێکی هێنابوو، سمیناڕێکی سیاسی بۆ هاشم ڕۆستەمی، بەرپرسی بەشی ئامووزیشی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بەڕێوە برد و هەروەها بە پێشاندانی فیلمێکی دۆکۆمێنتاری لەلایەن سمایل ماملێ، یادی پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانی بەرز ڕاگرت.

لەو سمینارەدا هاشم ڕۆستەمی باسەکەی خۆی لە سێ تەوەری ژیانو تایبەتمەندیو کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، پێشەوا قازی و کۆماری کوردستانو شوێنەواری شەری جیهانی دووهەم لە سەر کوردستانو ناوچەکە لەگەڵ پێشەوا قازی محەممەد و دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا پێشکێش کرد.

لە بەشی کۆتایی باسەکەیدا هاشم ڕۆستەمی، بە پشتبەستن بە بەڵگەکانی ڕۆژنامەنوسێکی ئەرتشی بە ناوی سەروان کیومرس ساڵحی کە لە دادگا دا بەشدار بووە و ئەو ڕاپۆرتەی بۆ گوڤاری «ئەرتەش» ـ کە نهێنی بووە ـ تۆمار کردووە، باسی لە سەر ئازایەتیو قارەمانەتی سەرۆک کۆماری کوردستانو هاوڕێیانی سەیفی قازی و سەدری قازی لە کاتی دادگایی کردنیاندا کردووە و دەڵێ کە ئەوە قازی محەممەد بوو دادگای محاکەمە و دادگایی کرد.

لە بەشێکی دیکەی سمینارەکە دا مەحموود بیرۆ، بەرپرسی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی سووریە، وتارێکی لە سەر کەسایەتیو ڕۆڵی پێشەوا قازی محەممەد لە دامەزرانی کۆماری کوردستاندا پێشکەش کرد و وێرای دەربڕینی ڕێزو وەفاداری خۆی بۆ رووحی پاکی یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان، هیوای خواست کە هەردوو لایەنی دێموکرات وەسییەت نامەی پێشەوا لە بەرچاو بگرن و لانی کەم بتوانن ئەو بۆنەو ڕێورەسمانە بە یەکەوە بگرن.

بەشی دووهەمی بەرنامەکە تایبەت بوو بە پیشاندانی فیلمێکی دوکۆمێنتاری لە ژێر ناوی « تراژدیای کۆمار» کە هونەرمەند سمایل ماملێ ئامادەی کردبوو

## ئاڵمان

**بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان کۆڕێک لەلایەن کومێتەی هاوکاری هێزە کوردستانییەکان لە ئالمان بەڕێوە چوو.**

کومێتەی هاوکاری هێزە کوردستانییەکان بەبۆنەی ساڵڕۆژی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد ڕێوڕەسمێکی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و سەربەستیی کوردستان پێکهێنا.

لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی هاوبەشی هێزە کوردستانییەکان لە لایەن سوڵتان گوڵاوی پێشکەش کرا .

لەو پەیامە دا جارێکی دیکە پێداگری لە سەر گرینگیو پێویستیی کاری هاوبەش لە نێوان هێزە کوردییەکان کرابۆوە بە تایبەت لەوهەلومەرجەیدا کە داگێرکەرانی کوردستان هەوڵی لاوازکردنی یەکیەتیی نەتەوەی کورد دەدەن.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا ئەیوب ئەیوبزادە، لە سەر کەسایەتیی پێشەوا قازی و ڕۆڵی بەرێزیان لە دامەزراندنی کۆماری کوردستانو ئامانجەکانی وتارێکی پێشکەش کرد.

بەرێزیان لە وتارەکەی خۆی دا بە وردی چووە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی کەسایەتی پێشەوا لە ئاست و بوارە جیاوازەکان، لە بواری کۆمەڵایەتی، سیاسی، نەتەوایەتیی و مرۆڤایەتیەوەو چەند نموونەی لە دەسکەوتە دیارەکانی پێشەوا کە لە کۆماری کوردستاندا دا بەدی هاتن هینایەوە، وەک پێکهینانی کۆمارێکی دێموکراتیک بۆ کوردو رزگاری کورد لە ژێردەستی و دابین کردنی ئاشتیو ئارامی بۆ گەلی کورد.

لە دەرێژەی کۆریادەکەدا حوسین بەخشی لە سەر ١٠ی خاکەلێوە باسێکی پێشکەش کرد.

شایانی باسە پێشکێش کردنی چەند سروودو هۆنراوە لەلایەن مامۆستا حاکمو دوکتور ئیبراهیم مەحموود چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادە بوون.

# بەشداریی هەیئەتێکی کۆمیتەی دەرەوەی حیزب لە کۆنگرەی ڕێکخراوی فیدائیانی خەڵک ( اکثریت)

**هەیئەتێکی کۆمیتەی دەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی ڕێکخراوی فیدائیانی خەڵکدا بەشداری کرد.**

لەسەر بانگهێشتنی ڕێکخراوی فیدائیانی خەڵک (اکثریت)، هەیئەتێک بە سەرپەرستی خالید حەسەنپور، ئەندامی ڕێبەریی حیزب، ڕۆژی هەینی ٢١ ی خاکەلێوە(١٠ی ئاوریل) لە شاری کۆڵنی ئاڵمان بە شدارییان لە کۆنگرەی چاردەیەمی ئەو ڕێکخراوەدا کرد.

لەو کۆنگرەیەدا پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بەو بۆنەوە ئامادەکرابوو، لە لایەن خالید حەسەنپورەوە خوێندرایەوە.

لە پەیامی حیزبدا وێرای پیرۆزبایی لە ڕێکخراوی فیدائیان، قامک خرابوە سەر نوێترین هەڵویستی حیزب سەبارەت بە ڕێکەوتنامەکەی ئێران و وڵاتانی ٥+١ کە دەگەل پێشوازی بەشداران رووبەرو بوو .

لەو کۆنگرەدا کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ درێژەی هەبوو بێجگە لە ئەندامانی ڕێکخراوی فیدائیانی خەڵک (اکثریت) ژمارێکی بەرچاو لە ئەندامانی یەکیەتیی فیدائیانی خەڵک و شۆرای کاتی سۆسیالیستەکان و هەروها چەپە سەربەخۆکانیش بەشدار بوون .

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە کۆنگرەی چاردهەمی فیدائیان دوو تەوەرەی بنەرەتیی یەکیەتیی چەپ و چارەسەری مەسەلەی نەتەوەکانی ئێرانی خستبوە نێو دەستوری کاری خۆیەوەو لە بەشی پەیوەندیدار بە کێشەی نەتەوکان لە ئیران دەرفەت بە خالید حەسەنپور درا تا لە لایەن هەیئەتی حیزبەوە، روانگەو هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەسەر چۆنیەتیی چارەسەری مەسەلەی میللی لە ئێران بۆ بەشداران روون بکاتەوە.

شایانی باسە لە ڕەوتی کاری کۆنگرە هەیئەتی حیزب توانی دەگەڵ بەشیکی بەرچاو لە کەسایەتییەکانو نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکان دیدار و چاوپێکەوتن بکا.

درێژەی:

# ڕاگەیاندراو بەبۆنەی کۆتایی هاتنی پلینۆمی دوازدەهەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

هەرلەوکاتەدا بەڵام پلینۆم لەو باوەڕەدا بوو کە قۆناغەکانی پاش ڕێککەوتن و هەروەها ئەو مەوعیدانەی لە یەک دوو ساڵی ئایندەدا کۆماری ئیسلامی لەنێوخۆی وڵاتدا لەپێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکان و ئایندەی «ڕەهبەریی نیزام» لەپێشنی دەتوانن سەفئاراییی و مشت و مڕی تازە لەنێوان باڵەکانی ڕێژیمدا بەدووی خۆیاندا بێنن. لەلایەکی دیکەشەوە وەک دەبینین هەوڵێکی جیددی لە ناوچەدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نفووز و پێشڕەویی لەوە زیاتری ڕێژیم لە قەیرانەکانی ناوچەدا لە ئارادایە کە دوایین نموونەیان هاوپەیمانیی وڵاتانی عەرەبی و ناوچە بەدژی حوسییەکانی ژێرپشتیوانیی ئێران لە یەمەنە.

هەموو ئەمانە دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە ئەگەر لەلایەک لە دۆسیەی ناوکیدا ڕێککەوتنێک بەڕێوەیە کە مەرج نیە بە قازانجی مەرامە ناسالمەکانی ڕێژیم بێ، لەلایەکی دیکەوە ڕێژیم چ لە ناوخۆ و چ لە ئاستی ناوچەدا بەرەوڕووی کۆمەڵێک کێشە و چالشی جیددییە. هەربۆیە پێویستە ئاجێندای خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران بە سوود وەرگرتن لە هەموو ئەو دەرفەت و بەستێنانەی دەکرێ لە هەردوو ئاستدا شکڵ بگرن، ڕێک بخرێ.

لە بەشێکی دیکەی کارەکانی پلینۆمی دوازدەهەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتدا بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەلومەرجی خەبات و تێکۆشان لە ناوخۆی وڵات بەلەبارچاوگرتنی ئەو بارودۆخە خرایە بەر باس. لەو بەشەدا پلینۆم وێڕای سەرنجدانەوە بە ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای خەباتی مەدەنی، کار و تێکۆشانی بژاردە سیاسی و مەدەنییەکانی کورد لە نێوخۆی وڵاتی بەرز نرخاند و کۆمەڵێک ڕێکاری لەبواری برەوپێدانی هەوڵ و هیممەتی ئەو بژاردانە و هەروەها هەوڵدان بۆ هێنانە مەیدان و لە مەیداندا ڕاگرتنی خەڵک بە شێوازی جۆراوجۆر و لەپێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلانەی بۆ ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستاندا گرینگن خستە بەر باس.

هەر لەو بڕگەیەدا کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وێڕای وەبیرخستنەوەی حزوور و چالاکیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و پارێزەرانی ڕۆژهەڵات لە ساڵی ڕابردوودا و بەرزنرخاندنی دەسکەوتەکانی ئەم حزوور و جموجۆڵە لەبواری بووژاندنەوەی ورە و گیانی خەباتگێڕی لە نێوخۆی وڵات، بەستێن و چەند و چۆنیی درێژەدانی ئەم کار و چالاکییانەی بۆ داهاتوو تاوتوێ کرد.

بڕگەیەکی دیکەی کارەکانی پلینۆمی دوازدەهەمی کۆمیتەی ناوەندی بۆ باس لە پێوەندی و هاوکاریی نێوان حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و هێزەکانی تری کوردستان تەرخان کرابوو. لەو بەشەدا وێڕای هەڵسەنگاندنی پێوەندییەکانی حیزب لەگەڵ هێزەکانی کورد لە باشوور، باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان و دووبارەکردنەوەی پەیامی یەکڕیزی و تەبایی، بەشێوەیەکی تایبەتی سەرنج درابووە ئەو هەوڵانەی بۆ دروستکردنی چوارچێوە و بنەمایەک بۆ لێکگەیشتن و هاوکاریی نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادان و لەو پێوەندییەدا دەفتەری سیاسیی حیزب ڕاسپێردرا کە هەوڵ و تێکۆشانێکی کە لەو پێوەندییەدا دەستی پێ کردووە، درێژە پێ بدا.

دوایین بەشی کارەکانی پلینۆمی دوازدەهەمی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆمەڵێک باسی نێوخۆیی و تەشکیلاتی تەرخان کرابوو. لەو بەشەدا وێڕای سەرنجدان بە کۆمەڵێک لایەنی کاروباری حیزب لە چەند مانگی ڕابردوودا، کۆمەڵێک بڕیار و ڕاسپاردە لەو پێوەندییەدا بەمەبەستی کارپێکردن و جێبەجێکردن لە ماوەی داهاتوودا بەپەسند گەیشتن. هەر لێرەدا هەوڵ و تێکۆشانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕات بە مەبەستی کۆکردنەوەی یارمەتیی دارایی بۆ حیزب بەرز نرخێندرا و پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی لەو بارەوە بەگەرمی سوپاس و پێزانینی خۆی لە بەرامبەر تەشکیلاتی حیزب بەتایبەتی لە دەرەوەی وڵات دەربڕی.

دوایین برگەی کارەکانی پلینۆمی دوازدەهەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕات بۆ ئامادەکاری بۆ دوو ڕووداوی گرینگی سیاسی و تەشکیلاتی کە لە ساڵی تازەدا لەپێش حیزبی دێموکڕاتن تەرخان کرابوو،واتە یادکردنەوەی حەفتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و بەستنی کۆنگرەی شازدەهەم. لەپێوەندی لەگەڵ کۆنگرەدا، ڕێکاری پێویست لەمەڕ هەنگاونان بەرەو گرتنی ئەو کۆنگرەیە بەپەسند گەیشت و بۆ ئەو مەبەستەش پلینۆم کۆمیتەیەکی ئامادەکاری کۆنگرەی شازدەمی دیاری کرد و ئەو کار و ئەرکانەی پێویستە ئەو کۆمیتەیە لە مانگەکانی داهاتوودا جێبەجێیان بکا، دەستنیشان کرد.



**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وێڕای وەبیرخستنەوەی حزوور و چالاکیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و پارێزەرانی ڕۆژهەڵات لە ساڵی ڕابردوودا و بەرزنرخاندنی دەسکەوتەکانی ئەم حزوور و جموجۆڵە لەبواری بووژاندنەوەی ورە و گیانی خەباتگێڕی لە نێوخۆی وڵات، بەستێن و چەند و چۆنیی درێژەدانی ئەم کار و چالاکییانەی بۆ داهاتوو تاوتوێ کرد**

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٤**
**(١٤ی ئاپریلی ٢٠١٥)**

# ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و هەڵسەنگاندنێکی کورت



**مستەفا مەعرووفی**

٢٢ی ئاوریلی ١٨٩٨ یەکەم ژمارەی «کوردستان»، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لەلایەن میقداد میدحەت بەدرخانەوە لە شاری قاهیرە دەرچوو. ١١٧ ساڵ لەو مێژووە تێپەڕیوە. دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە لە ڕووی سیاسی و فەرهەنگییەوە گرنگییەکی زۆری هەیە؛ لەو ماوەیەدا ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە بواری جیاجیادا گەلێک خزمەتی بە نەتەوەی کورد کردوە، بەڵام کەندو کۆسپێکی زۆریشی لەسەر ڕێگای هەن. هەرچەند چارەنووسی ئەم ڕۆژنامەیەش لە چارەنووسی کوردی بێ ماف و لەتلەتکراو جیا نەبوو، بەڵام بوو بە دەسپێکی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی کە هەتا ئێستا بە بێ ئەوەی خاوەنی دەوڵەت و وڵاتی سەربەخۆ بێ، درێژەی هەیە.

لەم وتارەدا لە دوو ڕوانگەوە سەیری ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی کراوە؛ یەکەم، ئەو کاریگەرییە پۆزەتیڤانەی کە ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەسەر دۆخی سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردی هەبووە و هەیە، دووەم، ئەو کەموکورتی و کۆسپانەی کە ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەگەڵیان بەرەو ڕوویە.

لە ڕووی فەرهەنگییەوە ڕۆژنامەنووسیی کوردی کاریگەرییەکی یەکجار پۆزەتیڤی لەسەر کورد هەبووە. ئەگەر نەڵێین یەکەم ڕۆژنامەی کوردی یەکەم هەنگاوی کورد بۆ نووسینی پەخشانە (نثر)، دەتوانین بڵێین لە یەکەم هەنگاوەکانە. هەتا ئەو کاتە زمانی نووسین وەک زۆربەی نەتەوەکانی دیکە، زمانی هۆنراوە و شیعر بوو.

هەتا ئەو سەروبەندە شیعر ئەرکی باسکرنی هەموو مەسەلەکانی لەئەستۆ بوو؛ مەسەلە فەلسەفی، کۆمەڵایەتی، سیاسیەکان، مێژوویی و چیرۆک هتد بە زمانی شیعر بوون. بە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا نەدەکرا هەموو شتێک هەر بە شێعر و هۆنراوە بێ، چونکە هەم زەحمەتە، هەم تەنیا شاعیران لەدەستیان دەهات. بۆیە بۆ باسکردنی مەسەلە سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و زانستییەکان و گەیاندنی هەواڵ و ڕووداوەکان پێویست بوو پەخشان دابکەوێ. دەستپێکرانی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی و بە واتای دەستپێکردن یان لانی کەم پەرەگرتنی پەخشان نووسی بوو.

دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردی لە کاتێکدا سەرکوت، ئینکار و حاشاکردن لە بوونی کورد سیاسەتی باوی وڵاتانی دابەشکەری کوردستان بوو، خزمەتێکی زۆری بە چەسپاندن و تەسبیتی زمانی کوردی کرد. زمانێک کە تەنیا لایەنی زارەکی هەبێ، یان بەرەو دابەشبوون دەچێ یان فەوتان، جا ئەگەر هەوڵی تواندنەوە و ئاسیمیلەکرنیشی لەسەر بێ مەترسییەکە چەند بەرابەر دەبێ. زمانێک بە نووسین تۆمار دەبێ، لە خۆرا نیە لەو جێگایانەدا کە نەیارانی کورد کێشەیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ قسەکردن و ئاخاوتن بە زمانی کوردی نیە، گیروگرفتیان لەگەڵ خوێندنی و نووسین بە زمانی کوردی هەیە. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا ڕۆژنامە بە زمانی کوردی توانیویەتی لەم بوارەدا خزمەتێکی گەورە بکا.

لە بواری مێژوودا، بەشی زۆری مێژووی کورد یان بەدەستی بێگانە یان لە لایەن دوژمنانیەوە نووسراوە. ڕۆژنامەنووسیی کوردی توانیویەتی هەم ببێتە سەرچاوەی مێژوویی بۆ نووسەرانی کورد، هەم گەلێک قەڵەم پەروەردە بکا کە بۆخۆیان مێژووی کورد بنووسن.

ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە کاتێکدا کورد خاوەنی دەوڵەت و وڵاتی سەربەخۆ نیە کە پێوەندیی لە نێو هاووڵاتانی کورد دا پێک بێنی، تا ڕادەیەک بوو بە پردی پێوەندیی پارچەو ناوچە دابەشکراوەکانی کوردستان. زۆر جار دیتراوە کە ڕۆژنامەیەک لە پارچەیەک بۆ پارچەیەکی کوردستان و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە دەستاودەست کراوە.

لەهەمووی گرنگتر ڕۆژنامەنووسی بۆخۆی بناخەی بوارەکەنی دیکەی ڕاگەیاندن و تەنانەت کتێب نووسینە. ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن و، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا سایتە ئەنتەرنێتییەکان کەم و زۆر بنەمای کارەکانیان لەسەر ڕۆژنامە نووسییە. ئەم دزگایانەش بە هۆی کەڵکوەرگرتن لە پێشکەوتنە تێکنیکییەکان کاریگەریی زۆریان لەسەر کۆمەڵگای کوردی هەیە و سنووری سیاسی و ئیدئۆلۆژییەکان ناتوانن پێشیان پێبگرن. ئەگەر لە ڕابردوودا ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی دەیتوانی سەری خوێنەرەکەی یان هەڵگرەکەی بە با بدا ،لە سەردەمی ئەمڕۆدا ڕۆژنامە بە شەپۆلەکان تەیارن کە بە زەحمەت پێشیان پێ دەگیرێ.

لە کاتێکدا کورد هیچ کات پێی وا نەبووە کە دەتوانێ لە ڕێگای چەکەوە مافەکانی بەدەست بێنێ و ئەو چەکەی پێیەتی تەنیا بۆ دیفاع لە خۆی بووە، و لە کاتێکدا سانسۆر و نەبوونی ئازادیی تێکۆشانی سیاسی دەنگی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردی کپ کردوە، ئەوە بەشی زۆری ڕۆژنامەکانن کە بیری ئەحزابی سیاسیی کوردیان بە کورد و غەیری کورد گەیاندوە. کەوابوو ڕۆژنامەنووسی تریبوونی هەرەگرنگی هێزە سیاسییەکانی کورد بووە.

**هەتا ئێستا ڕۆژنامەیەکی کوردی بە تەواوی مانای ڕۆژنامە کە بەبێ وەبەرچاو گرتنی لایەن یان ئیدئۆلۆژی سیاسی کە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییە گشتییەکانی کورد و خاڵە هاوبەشەکانی خەڵکی کوردستان بە هەموو جیاوازییە ئایینی، زمانی و ناوچەییەکان بێ، نیە. بۆیە ڕۆژنامەنووسیی کوردی جارێ مەودایەکی زۆری لەگەڵ ستانداردەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی هەیە.**

ڕۆژنامەنووسیی کوردی تەنانەت لەو وڵاتانەدا کە خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی قەدەغەیە ـ هەرچەند هیچ کات جێگای خوێندنی سیستەماتیک ناگرێتەوە ـ بەڵام تا ڕادەیەک بۆشایی ئەم بوارەشی پڕ کردۆتەوە، بە تایبەتی لە نێو توێژی گەورە ساڵاندا.

ئەگەر بێینە سەر باسی کەند کۆسپەکان و کەموکورتییەکانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، بە داخەوە سەرەڕای مێژوویەکی لەقەدەر دوور و درێژ، هێشتا ئەم بوارە کەند و کۆسپی جیددی لەسەر ڕێگان:

پێش، هەموو شتێک کورد خاوەنی وڵات و دەوڵەتی سەربەخۆ نیە کە ڕۆژنامە بە شێوەیەکی ڕۆژانە و ڕێکوپێک لەسەرتاسەری کوردستان بڵاو بێتەوەو ڕۆژنامەنووسی ئەرکی پێشەیی خۆی پڕ بە مانای وشەی خۆی بە جێ بێنێ. ئەو وڵاتانەش کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە ئەوەندە ئازاد و دیموکرات نین کە نووسەرانی کورد و ڕووناکبیرانی کورد بتوانن بە کەڵکوەرگرتن لەو ئازادییە ئەرکی پێشەیی خۆیان بەجێ بێنن.

گیروگرفتێکی گەورەی دیکەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی نەبوونی زمانی یەکگرتوو یان زمانی ستانداردە. جگە لەوەی لەهەر ناوچەیەک دەرفەتی دەرچوونی ڕۆژنامە دەرەخسێ زیاتر بە زمانی ئەو ناوچەیە دەنووسرێ، تەنانەت ئەو ڕۆژنامە کوردیانەی کە دەرفەتی چاپ و بڵاو بوونەوەیان بە ڕێژەیەکی زۆر بۆ ڕەخساوە پێڕەوی لە پرەنسیپی زمانی یەکگرتوو ناکەن و لانی کەم بە دوو شێوەزار دەنووسن.

هەتا ئێستا ڕۆژنامەیەکی کوردی بە تەواوی مانای ڕۆژنامە کە بەبێ وەبەرچاو گرتنی لایەن یان ئیدئۆلۆژی سیاسی کە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییە گشتییەکانی کورد و خاڵە هاوبەشەکانی خەڵکی کوردستان بە هەموو جیاوازییە ئایینی، زمانی و ناوچەییەکان بێ، نیە. بۆیە ڕۆژنامەنووسیی کوردی جارێ مەودایەکی زۆری لەگەڵ ستانداردەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی هەیە.

ڕۆژنامەی کوردی بە هۆی ئەوەی بە تەواوی گرێ نەدراوەتەوە بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و نەبووە بە بەشێک لە ژیانی ئەوان، ئەگەر سوبسیدی حیزبێک و ڕێکخراێکی سیاسیی لە پشت نەبێ ناتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ. ڕۆژنامەیەک یارمەتیی ماڵیی لە پشت بێ، بەسراوەیی سیاسییشی دەبێ و لە ئاکامدا ناتوانێ وەک ڕۆژنامەیەکی پیشەیی کار بکا و هەموو ئەو شتانە بڵاو بکاتەوە کە خەڵک مافیان هەیە لێی ئاگادار بن.

بەشی زۆری ڕۆژنامە نووسیی کوردی لە دوو بارەوە کێشەی سیاسیی هەیە؛ یان بەشێکن لە ڕاگەیاندنی ئەحزاب کە ئاماژە بە کەموکورتیی ئەم ڕۆژنامانە کرا، یان لە لایەن دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا قەدەغەن. ئەو ڕۆژنامە کوردییانەش کە لە ئێران یان تورکیە بڵاو دەبنەوە لە باشترین حاڵەتدا دەرفەتی باس لەسەر مەسەلە کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەکانیان هەیەو سەرەنجام ئەو دەوڵەتانە کەش و هەوایەکی وایان بۆ دەخوڵقێنن کە بۆخۆیان ڕاوەستن، بۆیە لە نێو ئەمانەدا ڕۆژنامەیەک بەدی ناکرێ کە خاوەنی تەمەنێک و ڕابردوویەکی دوور و درێژ بێ.

لەگەڵ ئەوەدا بەشی هەرە زۆری کورد بەسەر چارەنووسی خۆیدا زاڵ نیە، ناچارە بە زمانی دووەم خوێندن و نووسین فێر بێ، بەو حاڵەش زمان و فەرهەنگی خۆی پاراستوە، لەوەدا کورد زۆر قەرزداری بواری ڕۆژنامە نووسییە، بوارێک کە بەردی بناخەی بریتییە لە ڕۆژنامەی کوردستان کە بە دەستی بە توانای میقداد میدحەت بەدرخان دانرا. دەستێکی بە توانا بناخەی مێژوویەکی تا ئێستا ١١٧ ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی دانا، دەستێکی بە توانا یان دەستانێکی بە تواناش پێویستە ڕێگای بۆ خۆش بکەن و بەرەو پێشی بەرن و لە ستانداردەکانی پیشەی ڕۆژنامە نووسیی نزیک بکەنەوە.

# لێکتێگەیشتنی ناوکی ، ئارامی بەر لە تۆفان



**ئارەش لورستانی**
**وەرگێڕان: تەها**

بەیاننامەی سوئیس، کە بە ڕێککەوتنی ناوکی لۆزانیش بەناوبانگە؛ ناسێنەر چوارچێوەی ڕێککەوتنێکە، کە دەبێ بە هاوبەشی هەردوولا بەپێی بەرنامەیەکی گشتگیر هەتا ١٠ی پووشپەڕ بە ئاکام بگا. بەڵام ڕاستی و دروستی و ئاکامی ئەو دانوستانانە، دوو دەق و دوو گێڕانەوەی جیاوازە کە هەر کام لە لایەنەکان وەک ڕێککەوتن دەیخەنەڕوو و، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بڕیاردان لە سەر ڕاستبوون و ناڕاستبوونی هەر کام لە گێڕانەوەی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی ئێران و تەنانەت کۆمەڵگەی جیهانییش زۆر ئەستەم بێ.

ئەگەر بڕوانینە کاردانەوەی وڵاتان و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان بەم ڕێککەوتنە؛ دەبینین ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئینگلیز، فەڕەنسا، ڕووسیا، ئاڵمان، چین، تورکیە، کۆماری ئازەربایجان، ئیتالیا، عەرەبستان، عێراق، عەممان، قەتەر، ئوستڕالیا، ئوتریش، کورەی باشوور و تەنانەت حیزبوڵڵاش کاردانەوەی ئەرێنی هەبووە و زۆربەی بەرپرسانی حکوومەتی وەک حەسەن ڕوحانی، سەرکۆمار، عەلیئەکبەر هاشمی، سەرۆکی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم، عەلی لاریجانی، سەرۆکی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، سادق لاریجانی، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری، محەمەدجەواد زەریف، وەزیری دەرەوە، عەلیئەکبەر ساڵحی، سەرۆکی ڕێکخراوی وزەی ناوکی، ئایەتوڵڵا ئیمامی کاشانی، وتاربێژی نوێژی هەینی تاران، حەسەن فیرۆزئابادی، سەرۆکی ناوەندی گشتیی هێزە چەکدارەکان، محەمەدعەلی جەعفەری، فەرماندەی سپای پاسدارانیش دەگەڵ دەربڕینی خۆشحاڵی خۆیان، هەندێکیان بە پەیامی پیرۆزباییەوە داکۆکییان لەو ڕێککەوتنە کردوە.

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دەورووژێ کە ئەویش ئەوەیە؛ هۆکاری ئەو هەمووە خۆشحاڵی و ڕەزامەندییە چییە؛ لە کاتێکدا لایەنەکان خۆیان دەڵێین ئەمە تەنیا ڕێککەوتنە لە سەر دیاریکردنی چوارچێوەیەک بۆ سازان و ئەو ڕێککەوتنە لایەنی حقووقیی نیە، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو ڕێککەوتنەی ئەمریکا باسی دەکا، دەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی وێکناچن، کەواتە ڕەنگە تێگەیشتن لە هۆکاری شادی و خۆشحاڵی زۆربەی وڵاتان و تەنانەت بەرپرسانی خودی کۆماری ئیسلامی و تێڕامانی دروست لە پرسەکە، زیاتر لە تێگەیشتنی بابەتەکە نزیکمان بکاتەوە.

ئەگەر سەرنج بدەینە دەستپێکردنی بەهاری عەرەبی کە کۆماری ئیسلامی ناوی دەنا «وشیاری ئیسلامی»، و تا ڕەوشی ئێستای ناوچەکە، چاومان بە ململانێ و بەرەنگاریی دوو ئایدیا و دوو کارکردی جیاواز و تەنانەت دژیش دەکەوێ. یەکەم حاڵەت، مەیل و بەشداریی بەربەرینی خەڵکە لە بزووتنەوەیەکدا کە ویستوویانە و دەیانەوێ وڵات بەرەو دیموکراسی بەرن و حکوومەتێکی نیشتمانی دامەزرێنن، دوویەم حاڵەتیش؛ کار و کردەوەکانی فاکتەرە دەرەکییەکانە (جا پشتیوانی کۆماری ئیسلامی بێ لە پێناو دەستبەسەرداگرتن و بەلاڕێدابردنی شۆڕشەکانی وڵاتانی ناوچە و، یا هەڵسوکەوتی ڕۆژاوا، بەتایبەت ئەمریکا بە ئاراستەی دابینبوونی بەرژەوەندییەکانی خەڵک) کە بە دوای بەرینکردنەوەی پانتایی دەسڕۆیشتوویی و سنووری دەسەڵاتی خۆیانن. بە واتایەکی دیکە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە دوای تێپەڕین لە دیکتاتۆری و دامەزراندنی ئاشتی سەقامگیر و پێشکەوتنەوەن، کەچی هێزە ڕۆژاواییەکان و بەتایبەت ئەمریکا و لەم لایەشەوە کۆماری ئیسلامی وەک هێزێکی ناوچەیی بەرەو بەلاڕێدابردنی ئەو ویستانە هەنگاو دەنێن. بەریەککەوتن و هاوبەشی بەرژەوەندیی نێوان ئێران و ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بووەتە هۆی گرژتربوونی ئەو قەیرانانەی کە ئەمریکای ناچارکرد دژکردەوەی جیددی هەبێ و هەڵوێست بگرێ.

کەواتە پرۆژەی بەپیتکردنی ناوکی ئێران کە چەندین ساڵ پێش بەهاری عەرەبی ببووە هۆی کێشە و گرفت لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لە لایەن ئەمریکاوە بووە هۆی هۆکاری سەرەکی گەمارۆکان و شەڕێکی بێئاکامی لەسەر سنووری دەسڕۆیشتوویی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە نێوان ئێران و ئەمریکا لە ژێر ناوی «مەترسی دەسڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی» لێکەوتەوە. کۆماری ئیسلامیش بە بەرینکردنەوەی پانتایی شەڕ لە عێراق، سووریە، لوبنان و وڵاتانی دەوری کەنداو، ئەو ڕەوشەی قەیراناویتر کرد و تێچووەکانی کێشەکانی بۆ خۆی و ئەمریکاش هێندە زۆر بەرز کردەوە، کە ئەو شەڕە بوو بە قومارێکی دوولایەنە. بۆ وێنە کۆماری ئیسلامی لە هەندێک وڵاتان یارمەتی حکوومەتی ناوەندی کردووە تا نارەزایەتییەکانی خەڵک سەرکوت بکرێن و، لە هەندێک وڵاتانیش بە پشتیوانی و بەهێزکردنی گرووپە دژبەرەکان هەوڵی پێشخستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی داوە. دیارە کۆماری ئیسلامی پاش گەلاڵە کردنی هیلالی شیعی، کارێکی زۆری بۆ بە ئاکام گەیاندن، تۆکمەکردن و پشتیوانی لە گرووپە تیرۆریستییە جۆراوجۆرەکان لە سەراسەری دنیا داوە، بە جۆرێک کە زۆربەی ئەو وڵاتانە بە هۆی ترسان لە کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی یا گرووپەکانی سەر بە ئێران، هەوڵیان داوە دژ بە کۆماری ئیسلامی هەڵوێست نەنوێنن و تەنانەت پێوەندیی ئابووری بەرینیش دانەمەزرێنن.

**گرنگترین ئەو ئاماژە و سیگناڵانەی شادی و خۆشحاڵی کاتیی ئەو ڕێککەوتنەیان کردەوە بڵقی سەر ئاو و مەترسی قەیراناویتر بوونی دۆخەکەیان نیشان دا؛ کۆنگرەی ئەمریکا و دەوڵەتی ئیسرائیل لە لایەک و دژکردەوەی بەپارێزەوەی عەلی خامنەیی و قسەکانێتی دوای ڕێککەوتنی ناوکی لۆزان لە لایەکی دیکەوە**

گرنگترین ئەو ئاماژە و سیگناڵانەی شادی و خۆشحاڵی کاتیی ئەو ڕێککەوتنەیان کردەوە بڵقی سەر ئاو و مەترسی قەیراناویتر بوونی دۆخەکەیان نیشان دا؛ کۆنگرەی ئەمریکا و دەوڵەتی ئیسرائیل لە لایەک و دژکردەوەی بەپارێزەوەی عەلی خامنەیی و قسەکانێتی دوای ڕێککەوتنی ناوکی لۆزان لە لایەکی دیکەوە. دیارە عەبباس ئێراقچی لە وتووێژێکی تلویزیۆنیدا ئاماژەی کرد کە هەموو دانوستانەکانی نێوان دەوڵەتی یازدەیەم و وڵاتانی ڕۆژاوایی تەواو بووە و لەو دانوستانانەشدا بۆچوونی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی لەبەر چاو نەگیراوە؛ بە واتایەکی دیکە کۆماری ئیسلامیش ئەگەر پێویست بکا لەم بوارەدا مەجلیس لە بەرانبەر کۆنگرەی ئەمریکادا بە کاردێنێ.

سەرەڕای ئەو سیاسەتە یەک بان و دوو هەوایەی لایەنەکان لەم دانوستانانەدا گرتیانەبەر _ ئەم دۆخە نیشاندەری ئاڵۆزبوونی لەڕادەبەدەری دانوستان و دژواربوونی هەلومەرجی ڕێککەوتنی کۆتاییە؛ بە چەشنێک تا دوایین ساتەکانیش ئەم شێواوی و حەساسییەتە دەبینرا _ بۆوە نابێ لە ئێستاوە بڕیار بدەین و گەشبین بین، ڕەنگبێ ئەو دانوستانانە هێمنی بەر لە هەڵکردنی تۆفانێک بن و ڕووداوگەلێکی زۆر چاوەڕواننەکراو و ناخۆش ڕوو بدەن.

بەڵام لە کۆتاییدا ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر و ڕوون دیارە و، ئەویش پاشەکشەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەت وەلی فەقیهە لە هێڵە سوورەکانی سەرەتای شۆڕشی ١٣٥٧، وەک دروشمی دوژمنایەتیکردنی ئەمریکا؛ بە چەشنێ ڕێبەری ڕێژیم پاش ڕێککەوتنی لۆزان لە قسەکانیدا لە کۆڕی (مداحان) دا، ئەگەری هاوکاری و وتووێژی دەگەڵ ئەمریکا لەسەر بابەتی دیکەش بەدوور نەزانێ و بە کارکردی ڕاستگۆیانەی ئەمریکا لە فایلی ناوکی بەستەوە، واتە ڕاست وەک دروشمەکەی «نه شرقی، نه غربی، جمهوری اسلامی»، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕووسیای _یەکیەتی سۆڤییەتی جاران_ نوێنەر و نوێنگەی ڕۆژهەڵاتی وەک دۆست و هاوپەیمان قبووڵ کرد، ئەمریکاش وەک نیشانە و نوێنگەی ڕۆژاوا، هەنووکە خەریکە ڕێگەی تابۆشکێنی و تێپەڕین لە هێڵە سوورە حکوومەتییەکان دەبڕێ.

# راسانێک بۆ داکۆکیکردن لە مامۆستایان



سمایل شەرەفی

لە ماوەی کەمتر کە دوو مانگی رابردوودا و لە ئاستێکی بەربەرین دا مامۆستایانی قوتابخانەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە کۆبوونەوە لە دەوری یەکتر، دەستیان دایە نارەزایەتی دەربڕین.

بە پێی بانگەوازی مامۆستایانی کورد و بە سەرنجدان بەو دروشمانەی کە ئەوان لە پلاکاردەکانیان دا بەرزیان کردبۆوە، دەکرێ داخوازییەکانیان لە چەند رەهەندی جیاوازەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێ.

سەرەکیترین داخوازیی مامۆستایان سرینەوەی هەڵاواردنێکە کە، خۆیان لە هەژاریی و دەستکورتیش بە گرانترو زەقتر دەبینین. هەڵاواردنێک کە مامۆستایان پێیان وایە بە دوای خۆیدا بێ رێزو بە کەمگرتنی پێگەی ئەوانی لە کۆمەڵگادا لێ کەوتۆتەوەو دەڵێن «ئەگەر ئەم هەڵاواردنە درێژەی هەبێ، چیدیکە پیشەی مامۆستایەتی ئەو ئەرزش و بایەخە کۆمەڵایەتی و پیشەییەی نامێنێ و ئەوان ناچار دەبن بۆ پاراستنی رێزو کەرامەتی خۆیان و پیشەکەیان روو لە دەرفەتێکی دیکەی کاری بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکان بکەنەوە.»

حەقدەست و مووچەی مامۆستایانی قوتابخانەکان لە ئێران بە بەراوەرد لە گەڵ فەرمانبەران و کارمەندانی دەوڵەتی لە دامودەزگاکانی دیکەی دەوڵەتی و پیشەیی‌دا، زۆر کەمەو وەک خۆیان باسی دەکەن، رابردووی کاریی مامۆستایان لە پیشەکەیان دا، هیچ لە بەرچاو ناگیرێ و بە پێچەوانەی کارمەندانی دیکەی دەوڵەتی، لە دیاری کردن و بڕینەوەی حەقدەست و موچەدا، رابردوو و سابیقەی کاری وەک ئیمتیاز لە بەرچاو ناگیردرێ.

داوایەکی دیکەی مامۆستایان پێڕاگەیشتن بە نیزامی پەروەردەو فەزای ئاموزشیی قوتابخانەکانە. ئەوان پێیان وایە ئەو بودجەیەی کە بۆ کاروباری پەروەردە لەم وڵاتەدا تەرخان دەکرێ وڵامدەر نیە. مامۆستایانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێیان وایە لە پێوەندی لە گەڵ تەرخانکردنی ئەو برە بوودجەیەی کە بۆ سیستمی فێرکردن لە ئێران دا تەرخان دەکرێ، کە دەگاتە کوردستان هەڵاواردنەکە بە ئاشکرا بەرچاو دەکەوێ و قوتابخانەکانی کوردستان بە بەراوەرد لە گەڵ شارو ناوچەکانی دیکەی ئێران، زیاتر پشت گوێ دەخرێن.

لە پێوەندی لە گەڵ تەرخانکردنی بوودجە بۆ سیستمی فێرکردن لە ئێران، شێرزاد عەبدوڵڵاهی، کارناسی کاروباری فێرکردن و راهێنان دەڵێ: «لە ئێران دا مامۆستایان هیچ ئەنگیزەیەکی کارییان بۆ نەماوەتەوە. بودجەی پەروەردە و فێرکردن لە ساڵی رابردوودا تەنیا بیست میلیارد تمەن بووە کە لە سەدا نەوەدو نۆی (٩٩٪) سەرفی حەقدەست و مووچەی مامۆستایان و کارمەندانی ئەم وەزارەتە کراوە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە پەروەردە و فێرکردنی ئێران یەک میلیۆن و سی هەزار کارمەندو پێرسنۆل و دوازدە میلیۆن و سێسەدهەزار قوتابیی هەیە کە لە هەمووی سەرسووڕهێنەرتر ئەوەیە کە لە سەرانسەری ئێران دا تەنیا سەدو سێ هەزار قوتابخانە بوونی هەیە!!»

گرینگی نەدان بە سیستمی پەروەردە و فێرکردن و پشت گوێخستنی مامۆستایان و پێرانەگەیشتنیان، زۆرێک لە چاودێرانی ئامووزشیی نیگەران کردوەو پێیان وایە درێژەکێشانی ئەم بارودۆخە شوێنەراری مەترسیدار لە سەر نەوەکانی داهاتووی ئەم کۆمەڵگایە و هەروەها سیستمی فێرکردن لە وڵات دا دادەنێ.

دابەزینی کەیفییەتی فێرکردن لە قوتابخانەکان، خەمێکی دیکەی مامۆستایانی نارازی‌یەو هۆکارەکەشی بۆ «بەچاوی کەم سەیرکردنی پیشەی مامۆستایی» لە لایەن کاربەدەستانەوە دەگێرنەوە و دەڵێن: «ئێمە کە دەغدەغەی ماڵیمان هەبێ و هەست بە هەڵاواردن بکەین، ناتوانین سەرنجی پێویست بدەینە ئەرکەکانمان و خۆی پێوە ماندوو بکەین».

مامۆستایانی قوتابخانەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، خەمێکی دیکەی تایبەتیان هەیە، خەمێک کە لە کوردبوونی خۆیان و قوتابییەکانیانەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەوەیش خوێندن بە زمانی زگماکی‌یە.

بەداخەوە تا ئێستایش قوتابیانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەتاییترین مافی ئینسانی خۆیان، کە خوێندن بە زمانی دایکیی خۆیانە بێ بەش کراون و ئیزنی خوێندن بە زمانی کوردییان پێ ناردێ. ئەم بێ مافییەی قوتابیانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، نیگەرانیی مامۆستایانی کوردی لێ کەوتۆتەوە.

لە درێژەی ئەم دوو جار نارەزایەتی دەربڕینەی مامۆستایان دا، مامۆستایانی کورد هاوکات لە گەڵ بێزاریی دەربڕینیان بەرامبەر بە کەمیی مووچەکانیان و ئەو هەڵاواردنانەی کە بە ناڕوا بە سەریان دا سەپاوە، بە خەمەوە داکۆکییان لە خوێندن بە زمانی زگماکی کردوەو خوێندنی قوتابییەکانیان بە زمانی کوردی بە مافێکی رەواو ئینسانی دەزانن.

مامۆستایانی کورد بە باشی لەو زەروورەتە ئاموزشییە تێگەیشتوون کە خوێندن بە زمانی زگماکی چەندە دەتوانێ شوێنەواری ئەرێنی لە سەر کەیفییەتی راهێنان و بارهێنانی منداڵان دابنێ.

لەم پێوەندییە ئازاد نمەکی، یەکێک لە مامۆستایانی کوردی قوتابخانەکانی شاری سنە دەڵێ: «دڵنیام لەوەیکە ئەگەر منداڵانی ئێمە ئیزنیان پێ بدرێ کە بە زمانی خۆیان بخوێنن زۆر باشتر لە ئێستا لە دەرسەکانیان تێدەگەن.

ناسالمبوونی فەزای ئاموزشیی قوتابخانەکان لە ژێر نیزامی ئامووزشیی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دا، بابەتێکی دیکەیە کە تا رادەیەکی زۆر مەترسیدارەو نیگەرانیی چاودێرانی ئامووزشی و مامۆستایانی لێ کەوتۆتەوە.

بەداخەوە ئەمە تەنیا تایبەت بە قوتابخانەکان نیەو زانکۆکانیش دەگرێتەوە. بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە هەر ئەوەندە بەسە کە پێش ئەوەی بچینە حەوشەی قوتابخانەو زانکۆکان، سەرنجێکی ئەو تابلۆ تایبەتییە بدەین کە لەسەر درگای حەوشەو حەساری ئەم شوێنە پیرۆزانە بە ناوی «پایگاە مقاومت بسیج» ی فلانەوە هەڵواسراوە. بە بینینی ئەم تابلۆیە پێش ئەوەی بیر لە هەلومەرجی ئامووزشی بکەیەوە دەستبەجێ وێنەی پادگانێکت لا وێنا دەبێ کە بەداخەوە لە واقعییەتیش دا، قوتابخانەو زانکۆکانی ئێمە کراونەتە مەکۆیەک بۆ «سیخوڕپەروەری» و «جاسوسی کردن» لە سەر یەکتری!!

کەمیی قوتابخانەکان و قەرەباڵغبوونی کلاسەکان و نەبوونی پێوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان مامۆستاو قوتابی دا بە هۆی «متكلم الوحد»ە بوونەوە، بەداخەوە فەزای ئامووزشی قوتابخانەکانی کوردستان سالم و دڵخواز نین.

ئەوەی لە ماوەی کەمتر لە دوومانگی رابردوو دا لە هەڵوێستی مامۆستایان دیتمان، راسانێک بوو دژ بە هەڵاواردن و بەکەم سەیرکردنی پەروەردەو داکۆکی کردن لە مافی زەوتکراوی خۆیان. بەڵام ئەو هەوڵ و نارەزایەتی دەربڕینانە کاتێک دەتوانێ ئاکامی باشی چ بە نیسبەت نیزامی ئاموزشی و چ بە نیسبەت مافەکانی مامۆستایان لێ بکەوێتەوە کە ئیرادەیەکی یەکگرتووانە و بەردەوامی لە پشت بێ.




**مامۆستایانی قوتابخانەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، خەمێکی دیکەی تایبەتیان هەیە، خەمێک کە لە کوردبوونی خۆیان و قوتابییەکانیانەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەوەیش خوێندن بە زمانی زگماکی‌یە**



**مامۆستایانی کورد بە باشی لەو زەروورەتە ئاموزشییە تێگەیشتوون کە خوێندن بە زمانی زگماکی چەندە دەتوانێ شوێنەواری ئەرێنی لە سەر کەیفییەتی راهێنان و بارهێنانی منداڵان دابنێ**

## ئێعدامی ٥٥ کەس لە ٣ حەوتوودا لە نێو بێدەنگیی راگەیەنەکاندا

لە زیندانەکانی ئێرانداو، لە ماوەی کەمتر لە ٣ حەوتوودا ٥٥ کەس ئێعدام کران.



کۆمیتەی نێودەوڵەتیی دژ بە ئیعدام لە راگەیەندراوێکدا، وێڕای ڕاگەیاندنی هەواڵی ئێعدام کرانی ٥٥ کەس لە زیندانە جیاجیاکانی ئێران لە ماوەی کەمتر لە ٣ حەوتوودا، داوای لە ڕاگەیەنە فارسی زمانەکان کردووە تا کۆتایی بە بێدەنگیی خۆیان لە بەرامبەر ئەم بابەتەدا بێنن.

لەم راگەیەندراوەدا هاتووە کە کۆماری ئیسلامی پاش ڕێککەوتنی لۆزان دەستی بە کوشتو کوشتار لە نێو زیندانەکاندا کردووە. زۆربەی بنەماڵەی زیندانییان باس لە ئەگەری ئێعدامکرانی ڕۆڵەکانیان دەکەن‌و، کۆمەڵێک لەم بنەماڵانە دەڵێن کاربەدەستانی زیندان پێیان ڕاگەیاندوون بۆ دواجار و بە مەبەستی دوایین دیدار بچنە زیندان و سەردانی ئازیزانیان بکەن.

لەم راپۆرتەدا هاتووە کە لە ماوەی ئەم مانگەدا ٣ کەس لە زیندانی وەکیل ئابادی مەشهەد، کەسێک لە شیراز، ٢ کەس لە زیندانی بووشێهر، کەسێک لە دیزڵ ئابادی کرماشان، کەسێکی دیکە لە زابۆل، ٤ کەس لە شیراز، ٢ کەس لە بەندەرعەبباس، ١١ کەس لە رەجایی شار، ٨ کەس لە کەرەج، ٤ کەس لە عادڵ ئابادی شیراز، کەسێک لە مەهریز، ٤ کەس لە زیندانی ئیسفەهان و ١٥ کەس لە قزڵحەسار لە ماوەی ٣ حەوتوودا ئێعدام کراون.

کۆمیتەی نێودەوڵەتیی دژ بە ئێعدام دەڵێ ڕزگار کردنی گیانی هەزاران کەسی مەحکووم بە ئێعدام لە سلوولە مەرگەکانی کۆماری ئیسلامیدا، ئەرکی سەر شانی گشت ئەم کەسانەیە کە گوێیان لەم هەواڵانە دەبێ و لەم جینایەتانە ئاگادار دەکرێنەوە.

— — — — — — —

## خنکانی ٧٠٠ کۆچبەری ناقانوونی لە دەریای مەدیترانە

بە وتەی کومیساریای بەرزی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەنابەران، بە هۆی نقومبوونی پاپۆڕێکی هەڵگری کۆچبەرانی ناقانوونی لە دەریای مەدیترانە، نزیک بە ٧٠٠ کەس خنکان.



ئەم بەلەمە شەوی شەممە لە ئاوەکانی وڵاتی لیبی لە ٢٢٠ کیلۆمیتریی نزیک باشووری جەزیرەی ئیتالیایی لامپدۆزا بە زیاتر لە ٧٠٠ کۆچبەرەوە نقوم بووەو و گاردی ساحیلیی ئیتالیا لە نیوە شەوی شەممەدا لەم ڕووداوەدا ئاگادار کرایەوە.

بەپێی دوایین ڕاپۆرت تا ئێستا تەنیا ٢٨ کەس ڕزگار کراون و بە وتەی ئەم کەسانە لەم ڕووداوەدا ڕزگاربوون، ئەم بەلەمە کاتێک وەرگەڕاوە کە زۆربەی خەڵکەکەی نێوی لە لایەک کۆبوونەتەوەو پاشان وەرگەڕاوە.

# ڕۆژێک بۆ ژینگە دەرفەتێک بۆ ژیان



کوێستان فتوحی

ژینگە شوێنێکە ژیانی تێدایە. ژیانی مرۆڤ، حەیوان، باڵەندەو دارو گوڵ و گیاو هەموو بوونەوەرەکانی سەر زەوی. گەر حەز لە ژیان دەکەین و ژیانمان پێخۆشە، گرنگە ژینگەکەشمان خۆشبوێ و وەک خۆمان بیپارێزین. ئەرکی پارستنی ژینگە لەسەرشانی مرۆڤە. خۆشەویستیی نیشتمان هەر ئەوە نیە دروشمی ڕەنگاورەنگ هەڵگرین و ئاڵاکەی بەرز بکەینەوە و بەسەر مێژووی پڕلە خەبات و خۆڕاگریی ئینسانەکان لە دژی داگیرکەرانی خاکەکەی هەڵبلێین، ئەوە تەنیا لایەنێکیەتی لە خۆشەویستیی نیشتمان. کەسێک یان کەسانێک کە بەڕاستی وڵاتی خۆیان خۆش بوێ‌و بیانهەوێ لە زیان‌و مەترسییەکانی دوژمن بیپارێزن، دەبێ ئەو بەرپرسایەتیی و دەروەستییەشیان تێدا بێ، ژینگەکەی، کە بەشێکە نیشتمانەکەی لە زبڵ‌وزاڵ‌و پاشماوەکان کە دوژمنی ژینگەن، بیپارێزن.

ئەگەر پێمان وابێ پاراستنی ژینگە تەنیا ئەرکی دەسەڵات و دەوڵەت و ئەو لایەنانەی بودجە و سەروەت و سامانی وڵاتیان بەدەستەوەیە، خۆدزینەوەیە لە ئەرکێکی گرنگی مرۆڤانەی سەرشانمان. بێگومان ئەوە ڕاستە لە پلەی یەکەم‌دا پاراستنی ژینگە لەدەستی ئەو هێزو لایەنانە دایە کە دەستەڵات‌و سامان‌و بوودجەی وڵاتیان بەدەستەوەیە، بەڵام هەر تاکێکی کۆمەڵگەش دەتوانێ لەم ئەرکە گرنگەدا هاوکار و بەشدار بێ.

هەموومان بۆ خۆمان و منداڵ و ئازیزەکانمان ئارەزووی ژینگەیەکی جوان و خاوێن و ئارام دەکەین. پێشمانخۆشە دوای هەموو هیلاکی و قەرەباڵغییەکانی شوێنی ژیان و کارمان، جاروبار بۆ حەسانەوە و ئارمبوونەوە بچینە داوێنی سروشت و چێژ لە جوانییەکانی ببینین. بەتایبەتی لە وەرزی بەهاردا کە وەرزی سەیران و چێژ وەرگرتنە لە جوانییەکانی سروشت. کەوایە با ئەو مافەش بۆ سروشت بە هەموو پێکهاتەکانیەوە بە ڕەوا بزانین. ئەگەر سروشت جوانی و ئارامییمان پێ دەبەخشێ، پێویستە و ئەرکە لەسەرمان ئێمەش میهرەبان بین لەگەڵی و بیپارێزین لە ناشیرینی و نامێهرەبانییەکانی دەستی خۆمان.

پارێزگاری لە ژینگە! ئەو وشە جوانەی کە بەگوێی زۆربەمان ئاشنایە. کە وایە ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم وشەیە ئەرکێکی ئینسانی و نیشتمانیشمان دەخاتەسەر شان. ئەگەر بڕوانینە ڕێگاکانی پارێزگاری لە ژینگە و سروشتی دەوروبەرمان، ڕەنگە ئەرکی ئێمە تاکەکان سادە و چووک بێنە بەرچاو، بەڵام لە عەینی چووکی‌دا بەڕێوەنەبردنی ئەوانەن دەتوانن ئاکامی نەرێنییان بۆ دوارۆژی وڵات و ئینسانەکانی بەدواوە بێ. بۆ نموونە فڕێدانی تەنیا کیسەیەکی پەلاستیکی ڕەنگە پێمان وابێ ئاساییە و گاریگەرییەکی زۆر خراپی نەبێ لەسەر زەوی، بەڵام ئەگەر بزانین هەر ئەو کیسەیە زیانەکەی بۆ سروشت و بۆ گیانلەبەرانی دیکە چ دەبێ، هەرگیز ئەو کارە ناکەین. هەر ئەو کیسەیە بە دەیان و سەدان ساڵ دەکێشێ تاکوو ئاسەواری لەسەر خاک دەسڕێتەوە. هەر ئەو کیسەیە جگە لەوەی زەوی ناحەز و ئاوەکانی ژێر زەوی پیس دەکا، ڕەنگە گیانلەبەرێکیش بکوژێ، چونکە لە لاق و سەروملی باڵندەیەک دەهاڵێ و دواتر بە لەناوچوونی کۆتایی بێ.

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەریتێکی جوان

ژینگەی خاوێن، نیشانەی ئاگایی و وشیاریی کۆمەڵگەیە. کۆمەڵگەی پێشکەوتوو پێویستی بە پێشزەمینەی فەرهەنگی و فکری هەیە کە کەلتووری ژینگەپارێزی یەکێکە لەو پێشزەمینانە کە کۆمەڵگە بۆ ئامانجە ئامادە دەکا. ژینگەپارێزی و ژینگەدۆستی، ئەو نەریتە جوان‌و و ئەو ئەرکە ئینسانی و نیشتمانییەیە کە چەند ساڵێکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنێو خەڵکی ئاگا و بەتایبەتی چالاکان و تێکۆشەرانی مەدەنی و ژینگەپارێزی دەستی پێکردوە و، بەخۆشییەوە خەریکە لە زۆربەی شارو ناوچەکان پەرە دەستێنێ.

وەڕێ خستنی کەمپەین‌و چالاکیی ژینگەپارێزی وەک؛ ڕێگرتن لە سووتاندنی دارستان و لێرەوارەکان، ئازادکردنی باڵندەکێوییەکان، شکاندنی تفەنگە ڕاوییەکان‌و هەرەوەزی بۆ پاکوخاوێنی سەیرانگەو شوێنەگشتییەکان، کۆڕ و کۆبوونەوەی جەماوەری بۆ ئاگایی دان بە خەڵک، لەناوبردنی قلیانەکان و .... هەموو ئەوانە دانانی بناغەی ئەو فەرهەنگە جوانەیە کە بە خۆشییەوە لە زۆر شار و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆتە ئەرک. هەر ڕۆژە هەواڵی چالاکییەکی لەم چەشنە لە شارێک و ناوچە و گوندێک بڵاو دەبێتەوە. ڕەنگە لەم ڕۆژگارە پڕ لە جەنجاڵ و پڕ لە شەڕو ئاژاوەدا، ئەوجۆرەکارانە بچووک بێنەبەرچاو، بەڵام هەر ئەو کارانەیە ئەوکەلتوورە دروست دەکەن کە ئینسانەکان داهاتوویەکی ڕووناکتر بۆخۆیان و نەوەکانی داهاتوو بنیات بنێن و نیگەرانی مەترسییەکانی پیسبوونی ئاووهەوا نەبن. ئەگەر تێکۆشەرانی ژینگەپارێز و ژینگە دۆست لە کوردستان بەمشێوەیەی ئێستا بەردەوام کار بۆ ئەم عەقڵیەتە بکەن‌و پەرەی پێبدەن، ئەگەر کاناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردستان هاوکار و ڕێنیشاندەری خەڵک بۆ چەسپاندنی کەلتووری ژینگەپارێزی بن، بە دڵنیاییەوە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داهاتوویەکی ڕوون و گەشتری دەبێ و خۆی ئامادە دەکا بۆ پێشکەوتنی زیاتر و گەورەتر.






## ڕۆڵ و ئەرکی ژنان

لە کوردستان هەروەک وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان، منداڵان لەگەڵ زەویی و ئاسمان‌و گیانلەبەران ڕووحێکی پاک‌و بێگەردیان هەیە، بەڵام هەرکە گەورە دەبن زۆربەیان بەداخەوە لەگەڵ سروشت‌و گیانلەبەران دڵڕەقانە دەجووڵێنەوە. ئەوەی منداڵان واڵی‌دەکا و کەسایەتییانی لەسەر بنیات دەنرێ، ڕەفتاری گەورەکانەوە. منداڵان تا ئەمڕۆش زۆرتر هەر نامێهرەبانییان لەگەڵ سروشت‌و گیانلەبەران لە گەورەکانەوە بینیوە و فێر فێربوون. بەتایبەتی ئازاردانی حەیوانات و گیانلەبەران یەکێکە لە کەلتووورە ناشایستەکانی کۆمەڵگەی ئێمە.

بۆیە لەم پێوەندییەدا دایک دەتوانێ گەورەترین ڕۆڵی لە دروستکردنی کەلتووری ژینگە پارێزی‌و نەوەیەکی مێهرەبان لەگەڵ سروشت و گیانلەبەران هەبێ.

پاراستنی ژینگە ئەمڕۆکە وەک یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی گەشەسەندنی جیهانییە و پێویستیی بە بەشداریی ڕاستەقینە‌و ئاگایی کۆمەڵگە هەیە. ژنان بە هۆی ئەوەی نەخش و ڕۆڵی زۆرتریان لە ئیدارەی بنەماڵە و پەروەردە و فێرکردنی منداڵ‌دا هەیە، دەتوانن وەک هێزیکی کاریگەر، هەر وەک چۆن دەتوانن نیگابان و پارێزەری منداڵەکانیان بن، هەر ئاواش دەتوانن نیگابان‌و پارێزەری ژینگە بن‌و ئەم نەریتە جوانە بگوازنەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو.

هەرکەس لەئاست خۆیەوە بەتایبەتی دایکان‌و باوکان لەم بوارەوە ئەرکێکی زۆر بەرپرسانەیان لەسەرشانە. ئەوان دەتوانن نەوەیەک بۆ ئەو نیشتمانە پەروەردە بکەن کە سروشتیان خۆشبوێ‌و ڕێزی لێ‌بگرن‌و لەگەڵ خۆپاراستن لە هێندێک گیانلەبەری مەترسیدار، پێوەندییەکی دۆستانە و مێهرەبانانەیان لەگەڵیان‌دا هەبێ. ئەمانە دەبێ وەک تایبەتمەندیی بەرزو جوانی ئینسان سەیر بکرێ. گەورەکان بەرپرسن لە ئاست سروشت‌دا بە هەموو پێکهاتەکانیەوە. ئارامی‌و خۆشی تەنیا مافی ئینسان نیە، بەڵکوو گیانلەبەران‌و سروشتیش ئەو مافەیان هەیە کە ڕێزیان لێ‌بگیرێ.

ئەو ڕەوتەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن تێکۆشەرانی ژینگەپارێزەوە دەستی پێکردوە، دەبێ وەک خەباتێکی نیشتمانی و ئینسانی ببینرێ‌و بەپێزانینەوە سەیری بکرێ. بە تایبەتی ئەو لایەنانەی میدیا و کاناڵی ڕاگەیاندنیان لەبەردەست دایە، وەک ئەرکێکی کەلتووری بە هیچ بیانوویەک لایەنی ژینگەپارێزی نابێ لەبیر بکەن و وەک بەشێک لە خەباتی خۆیانی بزانن. کوردستان نیشتمانێکی جوانە، پارێزگاری لەوجوانییە، ئەرکی هەموو تاکێکی ئەو وڵاتەیە.

بەو هیوایە ڕەوتی پارێزگاری لەژینگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە کەلتوورێکی گشتی‌و هەموو لایەک بەئەرکی نەتەوەیی، نیشتمانی و ئینسانی بزانن‌و منداڵانی داهاتووی ئەم نیشتمانە دوور لە نەخۆشییەکان کە زۆرتر بەهۆی پیسبوونی ئاو و هەواوەیە، داهاتوویەکی گەش و خاوێن چاوەڕوانییان بکا.

ڕۆژەڤی ئێران

# گرفتە میتۆدیکەکانی شرۆڤەی پرسە سیاسییەکان



حەسەن شێخانی

زانستە مرۆییەکان کە زانستی سیاسەت یەکێک لەوانە و، کۆمەڵگەی مرۆیی زۆر پێچەڵپێچ و ئاڵۆزن. زۆر فاکتۆر و هۆکار لە ڕووداوێکی سیاسی دا کاریگەر و بەشدارن. زۆر جار دێتە پێش کە هەندێک فاکتۆر کە لە لێکدانەوەی پرسێک دا ڕەچاو نەکراون، ئاکامی پرسەکە بە تەواوی دەگۆڕن. ئەگەر بەبێ پێشداوەری و بە شێوەیەکی بێلایەنانە و بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ڕەهەندەکان، پرسەکان شرۆڤە بکەین و بە پێی ئەمەش پێش بینی ڕەوتی ڕووداوەکان بکەین، دیسان ئەگەری هەڵە و وەڕاست نەگەڕانی شرۆڤە و پێش بینییەکان هەیە؛ چ بگا بەوەی کە بە پێشداوەرییەوە لە سەر پرسەکان قسە بکەین و بمانەوێ ڕووداوەکان بە باڵای ئایدۆلۆژییەکان بگرین.

هەر بوارێک لە بوارەکانی ژیان و هەر زانستێک لەو زانستانەی کە مرۆڤ بەرهەمی هێناون و گەشەی پێداون، میتۆد و ڕێکاری شرۆڤەی تایبەت بە خۆیان هەیە. لە زانستە سروشتییەکان دا داتاکان زیاتر قابیلی کۆنترۆڵ و ئەندازەگیرین و، شیتەڵکاری و شرۆڤەشیان بە هەبوونی مادده و فاکتۆرگەلی دیاریکراو، ئاسانترە. بۆ نموونە لە زانستی شیمی کە زانستێکی سروشتییە، دەگوترێ ٢ هیدرۆژن لەگەڵ ئۆکسیژنێک دەبێتە ئاو. ئەم فۆرمولەش لە هەموو شوێنێک ڕاست دەردەچێ، تەنیا پێویستە کە ئەو دوو ماددەیەت بە ڕێژەی باسکراو هەبێ. لە حاڵێک دا کۆمەڵگەی مرۆیی و پێوەندییە مرۆییەکان زۆر پێچەڵپێچتر و جیاوازترن. ئەگەر بە زێهنییەتی زانستە سروشتییەکان لە پرسە سیاسییەکان بڕوانین، ناتوانین لێیان تێبگەین و تووشی هەڵەی شرۆڤە دەبین.

ئێستا لەم پێشەکییە ناسین ناسانەوە دەچینە نێو باسەکە و بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە مەبەستی وتارەکە، لە خوارەوە دوو جۆری شرۆڤە ئاماژە پێ دەکەم و بۆ هەر کامیشیان پێناسەیەک لە ڕوانگەی خۆمەوە دەخەمە ڕوو.

١)شرۆڤەی هێڵی-چارەهەڵنەگر: گرفتێک کە زۆر جار لە شرۆڤەی پرسە سیاسییەکان دا دێتە ئارا ئەوەیە کە بە شێوەیەکی تاک هۆکاری مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ. ئەم ڕوانینە پرسەکان زۆر سادە دەکاتەوە و لە ئاڵۆزیی واقعیی خۆیان دایاندەشۆرێ و لە کۆمەڵێک هۆکارەوە بۆ تاک هۆکاری دیاریکەر، دایدەبەزێنێ. گرینگتر لەوەش لە نێوان تاک هۆکاری دیاریکەر و بەرەنجام دا، هێڵێکی چارەهەڵنەگر وێنا دەکا؛ بەو واتایە کە هۆکاری ئای، حەتمەن بەرەنجامی بی، لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە دەگوترێ هەر وڵاتێک تەریک بکەوێتەوە و ئابوورییەکەشی بەرەو داتەپین بچێ، ئەوە حەتمەن دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی خەڵک لە دژی دەسەڵات. غافڵ لەوە کە تەریککەوتنەوە و دۆخی خراپی ئابووری، بە شێوەیەکی چارەهەڵنەگر نابێتە هۆی سەرهەڵدان و ڕووخانی حکومەتێک؛ نموونەش کۆریای باکوورە.

لەم جۆرە شرۆڤەدا دەگوترێ ئەگەر دنیای دەرەوە بە ڕووی ئێران دا بکرێتەوە و ئابووریی ئێران تا ڕادەیەک ببووژێتەوە، کۆماری ئیسلامی سەقامگیر و پارێزراو دەبێ. یەکەم ئەوەی کە پێوەندیی بەربڵاوی نێونەتەوەیی ناتوانێ ڕێگە لە سەرهەڵدانی خەڵکی ناڕازی بگرێ؛ میسر و تونس دوو نموونەی سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن. بێجگە لەوەش بەستنەوەی هەر ڕاپەڕینێک بە (تاک)هۆکاری خراپیی دۆخی ئابووری، ڕێگە لەوە دەگرێ کە نەتوانرێ لەو ڕاپەڕینانە بگەین کە هۆکاری سیاسی، ئەتنیکی، دێموکراسیخوازییان هەیە یان ئەو هۆکارانە ڕۆڵێکی گرینگتر و سەرەکیتریان گێڕاوە. کەواتە لێرەشدا کرانەوە بە ڕووی دنیای دەرەوەدا و باشتر بوونی دۆخی ئابووری ناتوانێ زەمانەتی لە سەرکار مانەوەی حکومەتێک بکا، مەگەر ئەوەی کە لە بواری ئازادی و دێموکراسییەوە پەرەی سەندبێ و ڕێز لە ئازادی و مافەکانی خەڵکیش بگرێ.

ئەوەی کە ئەم جۆرە ڕوانینە ناتوانێ لێی تێ بگا ئەوەیە کە، هۆکارێکی دیاریکراو لە بەستێنی جۆراوجۆردا، دەکرێ ئاکامی جیاوازی لێ بکەوێتەوە. ڕاپەڕینی خەڵک لە سووریە دەبێتە هۆی شەڕی نێوخۆیی و وێرانبوونی ئەو وڵاتە و لە سەرکار مانەوەی هەتا ئێستای ڕێژیمی سووریە. بەڵام ئەگەر لە ئێراندا خەڵک هەستێ و ماوەیەکیش خۆڕاگرێ، نامومکین نییە حکومەت زووتر لەوەی بیری لێ دەکرێتەوە، ئیرادەی سەرکوت لە دەست بدا و ئاکامێکی دیکەی لێ بکەوێتەوە.

٢)شرۆڤەی ئایدۆلۆژیک: لێرەدا شرۆڤە لەگەڵ دژکردەوە و دژایەتیی سیاسی تێکەڵ دەکرێ. زۆر جار لایەنی تەبلیغی و پۆپۆلیستی لێکدانەوەیەک ئەوەندە زاڵ دەکرێ کە زیان لە شرۆڤەکە دەدا و لە چوارچێوەی شرۆڤە دەیترازێنێ.

یەکێک لە پێداویستییەکانی شرۆڤە ئەوەیە کە ئۆبژێکتیڤ بێ و لە هەڵسەنگاندن دا تا ڕادەیەک بێ لایەنی ڕەچاو کرابێ. چونکە شرۆڤە لەگەڵ نووسینێکی دروشم ئامێز و وروووژێنەرانەی خەڵک هاندەر جیاوازیی هەیە. لە شرۆڤەی ئایدۆلۆژیک دا ئارمانج و ئاواتەکان لە بەرگی شرۆڤەدا دەخرێنە ڕوو؛ بە کورتی لەم شرۆڤەیەدا قاڵبیکی پێش وەخت ئامادەکراو هەیە کە هەر ڕووداو و ئاڵوگۆڕێکی پێ دەپێورێ و لە ڕاستیدا هەوڵ دەدرێ کە ڕووداوەکان لە چوارچێوەیەکی تەسکی ئایدۆلۆژیک دا بترنجێنرێن. ئەم شرۆڤەیە تەنیا ڕەهەندێک لە پرسەکان دەبینێ کە هاوخانە لەگەڵ ئایدیاکەی. بە توندی تەبلیغتەوەرە؛ هەموو ژانرەکانی ڕاگەیاندنی، تاک ڕەهەندی و دروشم ئامێزە. ئەم شرۆڤەیە لە ڕووی میتۆدیک و نێوەرۆکەوە هەژارە و ئاڵۆزی و دینامیزمی پرسەکان نادیدە دەگرێ و ڕەش و سپی بینە. لە جیاتی دروست کردنی هیوا، «توهم» دروست دەکا. چونکە دەیەوێ دڵخوازانە و لە سەر بنەمای نادیدە گرتنی ڕەهەندە تاڵەکانی ڕاستییەکان، خۆش بینی و هیوایەکی ناواقعی بخولقێنێ.

ڕاستە لە سیاسەت دا لە تەبلیغات و دروشم کەڵک وەردەگیرێ، بەڵام ناوکی سیاسەت هزر و عەقڵانییەتە. ڕاستە ئێمە کەسانێکی سیاسین و دەبێ هەمیشە چاوێکمان لە ئامانجە سیاسییەکەشمان بێ و، ئۆپۆزیسیۆنیین و دەبێ خەڵک لە دژی کۆماری ئیسلامی هان بدەین و هیوایان پێ ببەخشین، بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە ئاواتەکانمان ئەوەندە لە شرۆڤەی ڕووداوەکاندا دەخیل بدەین کە بابەتی بوونی بباتە ژێر پرسیار.

### له باسه گرنگه‌كانی پلینۆمی دوازده‌یه‌م (۱)

# حه‌فتایه‌مین ساڵی دامه‌زرانی حیزبی دیموكراتی كوردستان



قادر وریا

له ڕۆژانی ۱۳-۱۱ی ئاپریلی ۲۰۱۵( ۲٤-۲۲ خاكه‌لێوه‌ی ۱۳۹٤) پلینۆمی دوازده‌یه‌می كۆمیته‌ی ناوه‌ندیی هه‌ڵبژێراوی كۆنگره‌ی ۱۵ی حیزبی دیموكراتی كوردستان به‌ڕێوه چوو. له‌م پلینۆمه‌دا زۆر باسی گرنگ كران كه هه‌ر كامیان له شوینی خۆیان دا گرنگن‌و پیویسته به جیا بكه‌ونه به‌رباس، بۆئه‌وه‌ی ڕاسپارده‌و په‌یام‌و ڕێنوینییه‌كانیان باشتر ده‌ستنیشان بكرێن‌و له به‌ر ڕووناكیی ئه‌وان‌دا تێكۆشانی ڕۆژانه‌مان به‌ره‌وپێش به‌رین. له‌م زنجیره وتاره‌دا هه‌وڵ ده‌درێ هه‌ر جاره‌ی سه‌رنجه‌كان له سه‌ر یه‌كێك له باسه‌كانی ئه‌م پلینۆمه چڕ بكه‌ینه‌وه:

**۷۰ ساڵه‌ی دامه‌زرانی حیزبی دیموكراتی كوردستان:**

كوردستان، به هه‌موو به‌شه‌كانییه‌وه، حیزبێكی سیاسیی به ته‌مه‌نتر له حیزبی دیموكراتی كوردستانی تێدا نیه. ئه‌م حیزبه له ۲۵ی گه‌لاوێژی داهاتوودا، ۷۰ ساڵ ته‌مه‌ن ته‌واو ده‌كاو پێ ده‌نێته حه‌فتاویه‌كه‌مین ساڵی تێكۆشانی خۆی.

۷۰ساڵ تێكۆشان‌و خه‌بات‌و به‌رده‌وامی له سه‌ر ڕێگاو ئامانجێكی ڕزگاریخوازانه‌ی نه‌ته‌وه‌یی‌و پێشكه‌وتووانه، به تایبه‌تی كه ئه‌و تێكۆشان‌و به‌رده‌وامییه‌ی له ئاكامی فیداكاریی ڕۆڵه‌كانی‌و پشتیوانیی بێپسانه‌وه‌ی خه‌لكه‌كه‌ی‌دا مسۆگه‌ر بووبێ، جێگای شانازییه. حیزبی دیموكراتی كوردستان، حه‌قی خۆیه‌تی ئه‌گه‌ر سه‌باره‌ت به هه‌بوونی درێژترین مێژوو له بزووتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌یی‌و شۆڕشگێڕانه‌ی كورددا شانازی به خۆی بكا. به‌ڵام زۆر باشتر ده‌بێ كه ئه‌و حیزبه له ڕۆیشتن به‌ره‌و ئه‌و بۆنه‌یه‌و له حه‌فتایه‌مین ساڵی تێكۆشانی‌دا، هه‌ر ته‌نیا لاپه‌ڕه پڕشنگداره‌كان‌و خاڵه به‌هێزه‌كانی مێژووی خۆی نه‌بینێ. جیی خۆیه‌تی له گه‌ڵ ئاوڕدانه‌وه له هه‌موو هه‌ورازو شانازییه‌كان، نشێوه‌كان‌و لاوازییه‌كانی مێژووی خۆشی ببینێ.

**۷۰ساڵه‌ی مێژووی حیزب، پێویسته هانده‌ری ڕێبه‌ران، به‌ڕێوه‌به‌ران، تێكۆشه‌ران‌و هۆگرانی ئه‌و حیزبه بێ كه به شوێن وڵامی كۆمه‌ڵێك پرسیاری جیدی‌و گرنگیش‌دا بگه‌ڕێن**

۷۰ساڵه‌ی مێژووی حیزب، پێویسته هانده‌ری ڕێبه‌ران، به‌ڕێوه‌به‌ران، تێكۆشه‌ران‌و هۆگرانی ئه‌و حیزبه بێ كه به شوێن وڵامی كۆمه‌ڵێك پرسیاری جیدی‌و گرنگیش‌دا بگه‌ڕێن. وه‌ك نموونه له خۆیان بپرسن كه چۆنه دوای حه‌فتا ساڵ خه‌باتی ئه‌م حیزبه‌و گۆڕانی دوو ڕێژیمی سیاسیی له زۆر باره‌وه جیاوازله ئێران، هێشتا ئالوگۆڕێكی ئه‌وتۆ له ڕوانینی ده‌سه‌ڵات له ئێران به‌رامبه‌ر كورددا نه‌هاتوه‌ته ئاراوه‌و هێشتا كورد له‌م وڵاته به لانیكه‌می مافه‌كانیشی نه‌گه‌یشتوه؟ ئه‌و مافانه‌ی ئه‌م حیزبه بۆ نه‌ته‌وه‌ی كورد له ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستان داوایان ده‌كا، قورس‌و نه‌گونجاون یا عه‌یب له جۆری خه‌بات‌و تێكۆشان بۆ ئه‌م داوایانه دایه؟ پرسیارێكی دیكه ئه‌وه‌یه له به‌شی هه‌ره‌زۆری مێژووی ئه‌م حیزبه‌دا، ڕێبه‌رییه‌كه‌ی‌و به‌شه ئاشكراو هه‌ره كاریگه‌ره‌كه‌ی، له دووره‌وڵاتی‌داو، زۆربه‌ی هه‌ره زۆری حیزبه‌كه كه ئه‌ندامانی ئه‌و حیزبه‌و خودی حیزبه‌كه‌ش له نیو ئیران‌و له ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستان، به شێوه‌ی نهێنی خه‌باتیان كردوه. هه‌ر چی ئه‌م دۆخه درێژتر بۆته‌وه، كاریگه‌ریی حیزب له سه‌ر كۆمه‌ڵگه كه‌مترو، كێشه‌ی نیوخۆیی حیزب‌و كۆسپه‌كانی سه‌ڕڕێی تێكۆشانی زیاتر بوون. ئه‌م وه‌زعه هه‌تا كه‌ی درێژه‌ی ده‌بێ؟و چۆن ده‌كرێ گۆڕانی به سه‌ر دابێ؟ پرسیارێكی دیكه‌ش پیویسته له‌م پرسیارانه زیاد بكه‌ین: مێژووی ئه‌م حه‌فتا ساڵه، ئه‌گه‌ر له لایه‌كه‌وه، مێژووی خه‌بات‌و به‌ربه‌ره‌كانیی باشترین ڕۆڵه‌كانی نه‌ته‌وه‌یه‌ك له گه‌ڵ داگیركه‌رانی نیشتمانه‌كه‌یان‌و پێشێلكه‌رانی سه‌ره‌تاییترین مافه نه‌ته‌وه‌یی‌و ئینسانییه‌كانیانه، له لایه‌كی دیكه‌وه ئه‌و مێژووه، پڕیه‌تی له ململانێی نێوخۆیی، وێكهه‌ڵنه‌كردن‌و لێكدابڕان‌و له‌مه‌یدانوه‌ده‌رنان‌وهه‌ڵوه‌راندنی سیماو وزه‌و تواناكانی به ده‌ستی یه‌كتر. هه‌ر له درێژه‌ی ئه‌م پرسیاره‌دا، پرسیاری بۆ زۆر كه‌س له‌مانه گرنگتر ئه‌وه‌یه ئه‌و حیزبه‌ی به هیممه‌تی یه‌كگرتنخوازه‌كانی، توانی له په‌نجاساڵه‌ی مێژووه‌كه‌ی‌دا، یه‌كگرتوویی خۆی به ده‌ست بێنێته‌وه‌و به هه‌ر حیكمه‌تێك‌و زه‌حمه‌تێك بوو بۆ ماوه‌ی ۱۰ساڵ ئه‌م یه‌كگرتووییه‌ی خۆی پاراست، له به‌ره‌به‌ری ٦۰ ساڵه‌ی ته‌مه‌نی‌دا، چاره‌نووسی خۆی دایه‌وه ده‌ستی نه‌یارانی یه‌كگرتوویی‌و جارێكی دیكه گه‌رای لێكترازانێكی دیكه‌ی تێدا دانرایه‌وه‌و سه‌رئه‌نجام بۆ جاریكی دیكه تووشی له‌تبوون‌و دابڕان بۆوه. ئیستا كه حه‌فتایه‌مین ساڵی ته‌مه‌نی خۆی تێپه‌ڕ ده‌كا، ئایا دیموكراته‌كان له ته‌واوییه‌تی خۆیان‌دا، له ئاستی گه‌وره‌یی‌و قه‌باره‌ی مێژووه‌كه‌ی خۆیان‌دا ده‌بن‌و،به‌م زووانه له توانایان‌دا هه‌یه ئاره‌زووی خه‌ڵكی كوردستان كه یه‌كگرتووبوونه‌وه‌ی حیزبی دیموكراته، وه‌دی بینن؟

داهاتووی حیزبی دیموكرات‌و هه‌ڵچنینی داهاتوویه‌كی نوێی سیاسی بۆ خه‌ڵكی ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستان، له گره‌وی به خۆداهاتنه‌وه‌و خۆڕێكخستنه‌وه‌ی هه‌ڵگران‌و میراتگرانی ئه‌و مێژووه دوورو درێژه دایه، له گره‌وه‌ی دۆزینه‌وه‌ی وه‌ڵامێكی گونجاو بۆ ئه‌م پرسیارانه دایه.

۷۰ساڵ مێژووی حیزب،۷۰ ساڵ خه‌بات‌و خۆبه‌ختكردنی ڕێبه‌ران، كادره‌كان، پێشمه‌رگه‌كان‌و ئه‌ندامانی ئه‌و حیزبه، ۷۰ ساڵ كاری سیاسی، فه‌رهه‌نگی، كۆمه‌ڵایه‌تی‌و ۷۰ ساڵ تێكۆشان له شار و شاخ، له نێو به‌ندیخانه‌و له دووره وڵاتی، له سه‌نگه‌ری پێشمه‌رگایه‌تی‌و له كۆڕو ناوه‌ندی دیپلۆماسی، حیزبی دیموكراتی به شار به شارو ناوچه به ناوچه‌و گوند به گوندی ڕۆژهه‌لاتی كوردستانه‌وه گرێ داوه. ئه‌وه ده‌بێته ۷ ده‌یه كه حیزبی دیموكرات به یه‌كه‌م خاوه‌ن‌و به سه‌ره‌كیترین هه‌ڵگری پرسی ڕه‌وای نه‌ته‌وه‌ی كورد له ئێران ده‌ناسرێ. ئه‌م مێژوویه،خۆشه‌ویستییه‌كی بێوێنه‌ی بۆ حیزبی دیموكرات له نێو نه‌ته‌وه‌كه‌ی‌و ئیعتیبارێكی تایبه‌تی بۆ ئه‌و حیزبه له ده‌ره‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌كه‌ی پێك هێناوه. ئه‌وانه‌و ئه‌و هێزه‌ی به كرده‌وه‌و به شێوه‌ی «بالقوه» له گه‌ڵ حیزبی دیموكرات دان، سه‌رمایه‌یه‌كی گه‌وره‌ن بۆ سیاسه‌تكردن له كوردستان‌و ئێران‌و ناوچه‌و جیهان‌دا، به‌و مه‌رجه‌ی دیموكراته‌كان، حیزبێكی یه‌كگرتوو سه‌رله‌نوێ‌و به دابینكردنی زه‌رفییه‌تی پێكه‌وه بوون‌و عه‌قلیه‌تی وێكهه‌ڵكردن‌و ئه‌زموون وه‌رگرتن له خه‌سارو هه‌ڵه‌كانی ڕابردوو بنیات بنێنه‌وه. به‌و مه‌رجه‌ی هێز و تواناكانی خۆیان له جیاتی به هه‌ده‌ردان له كێشه و ناكۆكیی نیوخۆیی‌دا، بۆ وڵامدانه‌وه به‌و كێشه‌و پرسیارو چاوه‌ڕوانیانه‌وه ته‌رخان بكه‌ن كه له ده‌ره‌وه‌ی حیزب‌و له نیو كۆمه‌ڵگاو له لایه‌ن سه‌رده‌مه‌وه، به‌ره‌وڕوویان ده‌كرێته‌وه.

۱۰ ساڵ له‌مه‌وبه‌ر كاتێك به‌ره‌و ٦۰ ساڵه‌ی دامه‌زرانی حیزبی دیموكرات ده‌چووین، به ئاگاداری له‌و نیازو هه‌وڵانه‌ی له ڕه‌وتی كۆنگره‌ی سێزده‌و به دوای ئه‌و كۆنگره‌یه‌دا، بۆ له‌باربردنی یه‌كڕیزی‌و یه‌كگرتوویی حیزب هه‌ستم پێده‌كردن‌و ده‌مدیتن‌و خه‌فه‌تم پێوه ده‌خواردن، هه‌ر ئه‌م قسانه‌ی ئیستام به ده‌ربڕینێك كه له كه‌شوهه‌وای ئه‌و كات‌دا ده‌گونجا، كردبوو. ئیستا هه‌ر ئه‌و قسانه‌ی ئه‌و كات دووپات ده‌كه‌مه‌وه، به‌و هیوایه‌ی، ئه‌وانه‌ی ئه‌و كات سه‌رمه‌ست له سه‌ركه‌وتن به سه‌رهاوڕێیانی خۆیان‌دا، گوێی بیستنی ئه‌م قسانه‌یان نه‌بوو، ئێستاو به دوای دیتنی ئاسه‌واری زیانباری ئه‌م جۆره «سه‌ركه‌وتن»و غه‌ڕره‌بوونه، كه‌مێك وه‌خۆ هاتبنه‌وه‌و به دوورله ده‌مارگرژی‌و كورتبینییه‌كانی ئه‌و كات، گوێ بۆ ئه‌م په‌یامه هه‌ڵ بخه‌نه‌وه:

«حیزبی دیموكرات له هه‌لومه‌رجێك‌دا به‌ره‌و ده‌یه‌یه‌كی نوێ له تێكۆشان هه‌نگاو ده‌نێ كه ڕووداو و گۆڕانه‌كان له ئاستی نێونه‌ته‌وه‌یی‌و ناوچه‌دا، به قازانجی به‌ره‌وپێشچوونی خه‌باتی ئازادیخوازانه‌و بزووتنه‌وه‌كانی داواكاری دیموكراسی‌و فیدراڵیزم‌و مافی مرۆڤ ده‌چنه پێش. ڕێژیمی ئێرانیش له ڕیزی پێشه‌وه‌ی ئه‌و ڕێژیمانه دایه كه له نیوخ و ده‌ره‌وه فشارێكی زۆری بۆ پێكهینانی گۆڕان له سه‌ره.حیزبی دیموكرات به‌و رابردووه پڕشانازییه‌وه كه هه‌یه‌تی، به خۆشه‌ویستی‌و نفووزی بێوێنه‌ی له نیو خه‌ڵكی كوردستان دا، به ئه‌زموونی ده‌وڵه‌مه‌ندو سامانیكی مه‌عنه‌ویی گه‌وره كه كۆی كردوه‌ته‌وه، به هه‌ڵگرتنی دروشمی گونجاو بۆ ئه‌م سه‌رده‌مه، بێگومان ده‌توانێ له سه‌ره‌تای ده‌یه‌ی حه‌وته‌می ته‌مه‌نی خۆی‌دا، ڕۆڵێكی گه‌وره‌ی له ژیانی سیاسیی گه‌له‌كه‌ی‌و ولاته‌كه‌ی‌دا هه‌بێ. ئه‌مه‌ش به‌ر له هه‌موو شتێك به پاراستنی ده‌سكه‌وته‌كانی ڕابردووی‌و یه‌ك له‌وان *پاراستنی یه‌كیه‌تیی ڕیزه‌كانی‌و دڵگه‌رمكردنی سه‌رجه‌م تێكۆشه‌رانی خۆی به داهاتووی ئه‌و حیزبه دێته دی.*

حیزبی دیموكرات له بڕگه‌و قۆناغه‌كانی دیكه‌ی ته‌مه‌ن‌و ژیانی خۆی‌دا نیشانی داوه كه له‌و ئاسته له به‌رپرسایه‌تی‌و پیگه‌یشتوویی سیاسی دایه كه وه‌دیهێنه‌ری چاوه‌ڕوانییه‌كانی خه‌ڵكی كوردستان بێ. له ده‌روازه‌ی ٦۰ ساڵه‌ی دامه‌زرانیشی دا ده‌توانێ سه‌لماندنه‌وه‌ی ئه‌م ڕاستییه بكا به جێژنانه‌یه‌ك بۆ كۆمه‌ڵانی میلیۆنیی خه‌لكی كوردستان كه دڵیان له گه‌ڵ تێكۆشه‌رانی دیموكرات دا لێ ده‌دا.»

ڕۆژنامه‌ی «كوردستان»، ژماره٤۱۵، ۳۱ی جۆزه‌ردانی ۱۳۸٤،وتاری «به‌ره‌و ٦۰ ساڵه‌ی دامه‌زرانی حیزب»



**داهاتووی حیزبی دیموكرات‌و هه‌ڵچنینی داهاتوویه‌كی نوێی سیاسی بۆ خه‌ڵكی ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستان، له گره‌وی به خۆداهاتنه‌وه‌و خۆڕێكخستنه‌وه‌ی هه‌ڵگران‌و میراتگرانی ئه‌و مێژووه دوورو درێژه دایه، له گره‌وی دۆزینه‌وه‌ی وه‌ڵامێكی گونجاو بۆ ئه‌م پرسیارانه دایه**

## له ڕۆژهه‌ڵاته‌وه...

# حیزبی دیموكرات‌و ئه‌ركه فه‌رامۆشكراوه‌كانی!



خالید محه‌ممه‌دزاده

پلینۆمی دوازده‌هه‌می كۆمیته‌ی ناوه‌ندیی حیزبی دێموكڕاتی كوردستان ڕه‌نگه یه‌كێك له‌و پلینۆمانه‌ی ئه‌و حیزبه بێ كه به‌هۆی ئاماژه‌ی به‌یاننامه‌ی كۆتایی پلینۆم به پرسی چالاكیی چه‌كدارانه و بڕیاری به‌ستنی كۆنگره‌ی شازده‌هه‌می ئه‌و حیزبه و هه‌روه‌ها خۆبواردن له ئاماژه به پرسی یه‌كگرتنه‌وه‌ی دێموكڕاته‌كان زۆرترین ڕه‌نگدانه‌وه و كاردانه‌وه‌ی له بیروڕای گشتیی ده‌ره‌وه‌ی ئه‌و حیزبه‌دا به‌دووی خۆیدا هێناوه.

حیزبی دیموكراتی كوردستان یه‌ك له‌و هیزه سیاسیانه‌یه كه له چه‌ند ساڵی رابردوودا هه‌ڵگری روانینێكی جیاوازتر له زۆر پرس له كوردستان بووه، هه‌ر له به‌شدارینه‌كردنی چه‌كدارانه‌ی له شه‌ری داعش(به هوی بی مه‌یلی به‌رپرسانی باشوور) و گواستنه‌وه‌ی هێزه‌كانی بۆ رۆژهه‌ڵات له قالبی پاریزه‌رانی رۆژهه‌ڵات، گرتنه‌به‌ری دانوستان له گه‌ل ئێران‌و هێنانه‌گۆڕێی پرسی رۆژهه‌ڵاتمیحوه‌ری‌و روانینی جیاوازی بۆ لێكتێگه‌یشتنه ئه‌تۆمیه‌كه و به‌ره‌پیشبردنی پرسی یه‌كگرتنه‌وه له گه‌ڵ حدكاو گرتنه به‌ری روانینی جیاواز به‌رامبه‌ر به دۆخی نێوخوی رۆژهه‌لاتی كوردستان.

ئه‌م حیزبه كه داوای دامه‌زرانی كۆماری كوردستان له رۆژهه‌ڵات ده‌كات‌و له‌و ساڵانه‌ش زۆرترین شوكی له‌م هه‌رێمه داوه به جۆرێك كه كاردانه‌وه‌ی زۆریشی له رۆژهه‌ڵاتی مه‌جازی به دوای خۆی هێناوه، به‌ڵام نابێ له بیری بچێت كه ئه‌وه‌ی ئه‌م هێزه ده‌توانی له هاوكێشه سیاسییه‌كان بهێلێته‌وه، جیاوازبونیه‌تی له سه‌ر بنه‌مای وه‌گه‌ڕخستنی كۆی تواناكانی له گه‌ڵ كۆی هێزه سیاسییه‌كانی‌تری رۆژهه‌ڵات‌و نه‌ك بوون به به‌شێك له‌وان.

كێشه‌ی حیزبه‌كانی رۆژهه‌ڵات له ئێستا ئه‌وه‌یه كه زۆر لێك ده‌چن‌و جیاوازییه شكڵییه‌كانیان نه‌یتوانیوه جیاوازی روانینی فیكری‌و سیاسی بخوڵقێنن‌و ره‌نگه زۆرترین جیاوازیان دابه‌شبوونیان بێت به سه‌ر دوو روانینی حیزبی به سه‌ر كورستان داو ئه‌مه‌ش وایكردوه خوێندنه‌وه‌ی رۆژهه‌ڵاتی بۆ دۆخه‌كه بوونی نه‌بێت.

ئه‌ركی یه‌كه‌می حدك به‌پله‌ی یه‌كه‌م كاركردنه له سه‌ر رۆژهه‌ڵات. حدك ده‌بێ كۆنگره‌ی داهاتووی بكات كۆنگره‌ی چالاكتركردنه‌وه‌ی له كۆی بواره‌كان‌و له هه‌موو پتانسیه‌لی سوود وه‌ربگرێت بۆ به‌رۆژكردنه‌وه‌ی رۆژهه‌ڵات‌و گه‌ڕانه‌وه‌ی گوتاری كوردستانی بوون له سه‌ر بنه‌مای رۆژهه‌ڵات.

ئه‌مه‌ش به پله‌ی یه‌كه‌م پێویستی به فۆرماتكردنه‌وه‌ی ئه‌م هێزه‌یه له نێوخۆیداو به جۆرێك كه ده‌بێ پێداچونه‌وه له هه‌موو رێگری‌و كۆسپه نێوخۆییه‌كانی چالاكتركردنه‌وه‌ی ئه‌م هێزه بكات.

رۆژهه‌ڵات مێحوه‌ری كه ئه‌و هێزه هه‌ڵگریه‌تی ده‌بێ له لێدوانی میدیایی بگوازرێته‌وه بۆ كۆی جومكه‌كانی ژیانی سیاسی رۆژهه‌ڵات‌و ئه‌مه‌ش پێویستی به دانوستان‌و هاوبه‌شی له گه‌ڵ كۆی ئه‌و هێزانه هه‌یه كه خه‌باتی كوردستانی له سه‌ر بنه‌مای رۆژهه‌ڵات گرنگی یه‌كه‌می هه‌یه بۆیان. پێویسته كار بۆ كۆكردنه‌وه‌ی جیاوازییه‌كانی رۆژهه‌لات بكات له ده‌وری میزیك تا ئاستی به‌ستنی كۆنگره‌ی رۆژهه‌ڵاتی كوردستان. ئه‌م راستییه وه‌بیر هه‌موویان بێته‌وه كه خودی هێزه سیاسییه‌كان ناتوانن به‌شێك بن له پرۆسه‌ی ئیهمالكردنی رۆژهه‌ڵات.

ده‌بێ گوتاری یه‌كگرتنه‌وه، یا ریككه‌وتن كه ئه‌م هێزه هه‌ڵگرییه‌تی زۆر به‌رفروانتر بكرێته‌وه بۆ نێو كۆی هێزو گرووپه سیاسی‌و مه‌ده‌نییه‌كان‌و له‌وێشه‌وه ئه‌م یه‌كگرتنه‌وه شۆر بێته‌وه بۆ وه‌گه‌رخستنی ئه‌و پتانسیه‌لی نستووه‌و به لارێدا براوه‌ی له رۆژهه‌ڵات هه‌یه. رۆئیای یه‌كگرتنه‌وه ده‌بێ په‌ل بهاوێ بۆ نێو جیاوازییه‌كانی كۆمه‌ڵگای رۆژهه‌ڵات‌و قه‌تیس نه‌مێنێته‌وه له خولیایه‌كی مه‌حفه‌لی تاراوگه‌نشینی.

حدك له كونگره‌ی داهاتوودا ده‌بێ خاوه‌ندارییه‌تی له كۆی سه‌مبول‌و ره‌مزو ده‌سكه‌وته‌كانی رۆژهه‌ڵات بكات‌و بۆ خۆی ببێ به هه‌ڵگری به‌شێك له‌م سه‌مبول‌و ره‌مزانه وه‌ك به په‌سند گه‌یشستنی ئاڵای كوردستان‌و گشتاندنی كۆی ئه‌م بۆنه نه‌ته‌وه‌ییانه‌ی هه‌ن بۆ نێو كۆمه‌ڵگای رۆژهه‌ڵات‌و بیكات به بریاری ره‌سمی‌و سیاسی.

ساڵێك كه دادێ ساڵێكی پر له چالاكی‌و رووداوی سیاسی له ئێران‌و كوردستان ده‌بێت، ئه‌وه‌ی ئه‌م هێزه پێویسته كاری له سه‌ر بكات دانوستان‌و هه‌وڵدان بۆ پێكه‌وه‌یی بوونه له گه‌ڵ كۆمه‌ڵگای مه‌ده‌نی رۆژهه‌ڵات‌و گۆی گرتن له خواستی نێو ئه‌م كۆمه‌ڵگایه به جۆرێك كه كۆی ئه‌مانه بتوانێ خێرایه‌كی زیاتر به پرۆسه‌ی سیاسی كوردی له ئێران به پرسی كورد بدات.

حدك له ساڵێك كه دادێ‌و له كۆنگره‌ی داهاتووی له ژێر تاقیكردنه‌وه‌یه‌كی گه‌وره داده‌بێ‌و ده‌بێ وڵامی ئه‌م پرسیاره بداته‌وه كه ئایا وه‌ك هێزه گۆرانخوازه‌كه‌ی جاران ده‌مێنێته‌وه‌و به‌رنامه‌ی روون‌و پراكتیكی هه‌یه بۆ دابه‌زاندنی ئه‌م جیاوازیانه‌ی؟ یا ده‌بێ به به‌شێك له پرۆسه‌ی خاو وخلیج و پڕ له چاوه‌روانی‌و بێ به‌رنامه‌یی حیزبی سیاسی له رۆژهه‌ڵات كه له ئێستا هه‌یه؟!

پێموایه حدك ده‌بێ رێگای یه‌كه‌م بگرێته به‌ر.

# لێک تێگەیشتنی لۆزان سەرکەوتنی ئەتۆمی یا ڕزگاربوون لە قەیرانی ئابووری



عومەر باڵەکی

لە ماوەی ڕابردوودا دوای ئەوەی لەسەرپرسی ئەتۆمی ئێران لایەنەکانی وتووێژکار لە شاری لۆزانی سویس گەیشتنە تفاهم بۆ ئەوەی لە ماوەی سێ مانگی داهاتوودا بەستێنی ئەوە بڕەخسێنن کە لەسەرخاڵە سەرەکییەکانی جێگای ناکۆک بگەنە ڕێکەوتننامەیەک جێگای پەسەندی هەردوو لایەنی وتووێژکار، دوای گەڕانەوەی هەیئەتی وتووێژکاری ئێرانی، لە هێندێک شارو شاروچکەی ئێران خەڵک کەوتنە شایی‌و هەڵپەرکێ‌و خۆشی دەربڕین. دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئەو خۆشی دەربڕینەی خەڵکی بەنیشانەی ڕەزامەندیی خەڵک داناکە دەستەی وتوویژکاری ئێران سەرکەوتووبوون. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو شایی و خۆشی دەربڕینە بۆ سەرکەوتنی دەوڵەتی ئێران لە وتووێژە ئەتۆمییەکان بوو، یا هیوادار بوون بوو بەلاچوونی ئابلۆقە ئابوورییەکان و ڕزگاربوونیان لە وەزعییەتی نالەباری ئابووری کە لە ژێر ناوی پەروەندی ئەتۆمی بە سەریان‌دا سەپاوە؟

هەروەکی ئاگادارین ماوەی نزیک بە ١٢ ساڵە کێشەیەک لە نێوان دنیای ڕۆژئاوا لە لایەک و ئێران لە لایەکی دیکەوە هەیەو هەتا ئێستا لە نزیک بە ١٢ پێتەخت‌و شارو وڵاتانی جیاجیا کۆبوونەوەو وتووێژی نێوان لایەنەکان بەڕێوەچووە. لەو وتووێژانەدا مەبەستی ڕۆژئاوا ئەوە بووە کە ئێران دەستی نەگاتە چەکی ئەتۆمی، چونکە بەپێی یاساو بنەماکانی کۆماری ئیسلامی‌و قسەو دیالۆگی ڕێبەرانی ئەو نیزامە دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە ڕێژیمێکی لەو چەشنە جێگای باوەڕو متمانە نییە کە ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی‌و لە لایەکی دیکەوە ئێران هەر بەپێی باوەڕو مەبناکانی خۆی دەیهەوێ ببێتە «ام القرای اسلام» لە ژێر ئاڵای مەزهەبی شیعەی باوەڕدار بە ویلایەتی ڕەهای فەقی‌و لە بەدەسەڵات گەیشتنی هەتا ئێستای لەگەڵ دابێ بە دایم بەرنامەو پلانی بۆ هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بە یەکێک لە پایەو بناخەکانی ئەساسی سیاسەتی دەرەکی کۆماری ئیسلامی بووە، و ئیدامەی ئەو سیاسەتە نەک نەبۆتە هۆی پێشکەوتنی ئێران لە بواری خۆش بژێوی خەڵکی ئێران‌و بەتایبەتی لە ماوەی ئەو دوو سێ ساڵەی ڕابردوودا کاتێک بە هۆی ملبادانی کۆماری ئیسلامی لە پیتاندنی ئۆرانیوم‌و نزیک بوونەوە لە دروست بوونی چەکی ئەتۆمی کۆمەڵێک ئابلۆقەی ئابووری لە لایەن وڵاتانی ئەمریکاو یەکیەتیی ئورووپاو شووڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و هێندێک وڵاتانی دیکەی خرانە سەر ئابووری ئێران‌و ئەوە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵک داناوە.

لەمێژە لە ژیانی مرۆڤایەتی‌دا ئەو ئەسڵە سەلمێندراوە کە ئابووری ژێرخانی هەر کۆمەڵگایەک پێک دێنێ. هەربۆیە دەتوانین بڵێین نزیک بە زۆربەی زۆری کێشەو گرفتەکانی نێو هەر کۆمەڵگایەک ڕیشەی لە ئابووری وڵات دایە. بێکاری‌و لێک جیا بوونەوەی ژن‌و مێرد، تووشبوون بە مادە هۆشبەرەکان، لادانی ئەخلاقی‌و تەنانەت قەتڵ‌و دزی هەموو دەگەڕێتەوە بۆ وەزعی خراپی ئابووری ئەو کۆمەڵگایە کە مەسئولیەت‌و بەرپرسیاریەتی ڕاستەوخۆ دەکەوێتەوە سەرشانی سیستمی حوکمڕانی‌و دەوڵەتی ئەو وڵاتە. هەروەکی پێشتر ئیشارەمان پێ کرد هەم ئابلۆقە ئابووریەکانی ڕۆژئاوا کەبە هۆی کەڵەوەکێشی لەگەڵ دنیا بۆ دەست ڕاگەیشتنی بە چەکی ناوکی بەسەرئێران دا سەپاوەو هەم ئەو هەموو خەرج‌و باجە کە کۆماری ئیسلامی لە دەستتێوەردانەکانی خۆی بۆ هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران کردویەتی‌و هەم سیاسەتی هەڵەی ئابووری دەوڵەت لەماوەی ٣٦ ساڵی ڕابردوودا وای لە ئابووری ئێران کردووە کە بازاری ئێران توانای هەناردەکردن یا هێنانی شتومەکی پێویستی ژیانی خەڵکی نەبێ. بۆ نموونە بایەخی دراوی ئێرانی لە بەرامبەر دراوە خاریجیەکان بە ڕادەیەک بایەخی هاتۆتە خوارەوە کە توانایی کڕینی خەڵک بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی ڕۆژانەیان تووشی کێشەی کردوون و لە لایەکی دیکەوە ناسەقامگیری دەوڵەت لە بواری ئەمنی‌یەوە بۆتە هۆی ئەوە کە بانک‌و شیرکەتە خاریجیەکان‌و سەرمایەداران، لە ئێران سەرمایەگوزاری نەکەن‌و ئەوە بۆتە هۆکارێکی گرینگ کە ڕێژەی بێکاری ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لە زیاد بوون بکا بە ڕادەیەک کە ئێران لە ڕیزبەندی دەوڵەتان‌دا لە بواری ڕێژەی بێکاریەوە لە ڕیزی وڵاتانی یەکەم‌دا ڕادەوەستێ. لە حالێک‌دا ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەند بە زەوەی‌و زاری کشتوکاڵ و کانگای زۆری ژێرزەوی‌یە کە ئەگەر دەوڵەتێکی دیموکراتیک‌و خەڵکی لەسەر کورسیی دەسەڵات بێ دەتوانێ بەو ئیمکاناتە سروشتییە کە هەیەتی ڕادەی بێکاری بەڕادەیەکی بەرچاو دابەزێنێ و کارێکی بەرچاو بۆ بێکارانی ئێستا دەستەبەر بکا.

هەروەکی پێشتر باسمان کرد ئابووری هەر وڵاتێک ڕادەی سەقامگیری سیستمی دەسەڵاتداریەتی ئەو وڵاتە دەست نیشان دەکا بۆیە کاتێک وەزعی ئابووری بەهۆی سیاسەتی هەڵەی سیستمی حوکمڕانی ڕێژەی بێکاری دەچێتە سەرێ‌و کاتێک بێکاری پەرەی ئەستاند کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێ لەسەر ژیانی خەڵک‌و ڕادەی لێک جیابوونەوەی ژن‌وو مێرد ڕوولە زیادبوون دەکاو کاتێک ژن‌و مێردێک بە هۆی وەزعی نالەباری ئابووری تووشی لێک جیابوونەوە دەبن‌و یەکەم کەس کە زیانی پێ دەکەوێ منداڵەکە لەکۆمەڵگایەکی لەو بابەتەدا تووشی چارەنووسێکی نادیار دەبێ.

بێجگە لەو نمونەیە، وەزعییەتی خراپی ئابووری هەژاری‌و کەم داهاتی پەرە پێدەداو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانیش وەک گیرۆدەبوون بە مادەهۆشبەرەکان‌و فسادی ئەخلاقی‌و دزی‌و ڕاوەڕووت لە کۆمەڵگادا پەرە دەستێنێ، کە بە داخەوە بە هۆی سیاسەتی هەڵەی کۆماری ئیسلامی لە بەڕێوەبردنی وڵات‌دا هەموو ئەو نەهامەتیانە بەسەر گەلانی ئێران‌دا هاتووە و ئێستا بە دەستیەوە دەناڵێنن.

لە کۆتایی‌دا جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە دووپات بکەینەوە کە بە وەزعە شپڕێوەی کۆمەڵگای ئێران لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دەبێ خەڵکی ئێران دڵیان بەوە خۆشبێ کە نوێنەرانی دەوڵەت لە سەر میزی وتووێژو دانوستانەکان‌دا لەگەڵ دنیای ڕۆژئاوا لەسەر پرسی پەروەندەی ئەتۆمی‌دا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە یان بۆ ئەوە شایی‌و هەڵپەرکێ دەکەن کە ڕەنگە لێک تێگەشتنی ئێران‌و وڵاتانی ٥+١ ببێتە هۆی ئەوە کە ئابلۆقە ئابوورییەکان لەسەر ئێران لابچن‌و دەروازەیەکی هیوا بە ڕووی خەڵکی ئێران بکرێتەوەو ئەوکات هانایەکیان لە بواری ئابووری‌و خۆش‌بژێوی ژیان وەبەر بێتەوەو لەو وەزعە شەپرزەییە ئابوورییە کە ئاکامی سیاسەتی هەڵەی کۆماری ئیسلامی‌یە ڕزگاریان بێت.

**به وەزعە شپڕێوەی کۆمەڵگای ئێران لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دەبێ خەڵکی ئێران دڵیان بەوە خۆشبێ کە نوێنەرانی دەوڵەت لە سەر میزی وتووێژو دانوستانەکان‌دا لەگەڵ دنیای ڕۆژئاوا لەسەر پرسی پەروەندەی ئەتۆمی‌دا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە یان بۆ ئەوە شایی‌و هەڵپەرکێ دەکەن کە ڕەنگە لێک تێگەشتنی ئێران‌و وڵاتانی ٥+١ ببێتە هۆی ئەوە کە ئابلۆقە ئابوورییەکان لەسەر ئێران لابچن**

دەکرێ بۆچونی دووهەم دروست بێ چونگە هەم بەرپرسانی ئێرانی و هەم بەرپرسانی وڵاتانی ٥+١ لێدوانی جیاواز لە یەکتری دەدەن و هەر کامیان بۆ خۆراکی بیروڕای گشتی خۆیان تەفسیری بەیاننامە سیاسییەکەی لۆزان دەکەن و تەنانەت «آیت الله» خامەنەیی دەڵێ بۆ پیرۆزبایم لێ دەکەن خۆ هیچ ڕووی نەداوە؟ چونگە ئامانجی خامەنەیی دەست ڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی بووکە بەو پێودانەی وتووێژەکان چوونە پێش ئەو ئامانجەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی نایەتەدی هەر بۆیە نارازییە. بەڵام تێگەیشتنی خەڵک شتێکی دیکەیە و ڕاست بە پێچەوانەی خامەنەییە و هیوا دەخوازن ئاکامی وتووێژەکان فەزایەک بخولقێنی کە لەو وەزعە ئابووریە خراپە ڕزگاریان بێت.

# سیاسەتی ئەمریکا گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیمە



تەهای ڕەحیمی

نزیک بە چوار دەیە ململانێی زلهێزێکی وەک ئەمریکا دەگەڵ هێزێکی ناوچەیی ئیدیۆلۆژیکی و بەدوور لە هەر پرەنسیپێکی سەردەم‌پەسند و سەربەگۆڵمەز و بەگێچەڵی وەک ئێران، لە ئاکام‌دا بە شوێنێک گەیشتوە، کە لە زمانی ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە دەبیستین؛ سیاسەتی جیهانی ڕۆژاوا بە شوێن‌کەوتن لە ئەمریکا تەنیا لە گۆڕینی ڕەفتاری ئەم سیستمەدا خۆی دەبینێتەوە، نەک گۆڕینی بناخە و بن‌کۆڵی کۆڵەکە لەقەکانی ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆیە کە وەک وەرهەمێک جگە لە کۆمەڵگەی ئێران، ناخی زۆربەی کۆمەڵگەکانی ناوچەکەشی داوەشاندوە و شێرپەنجەئاسا ریشاڵی نەخۆشییەکانی خزاندۆتە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینەوە.

بەشێک لە کوردستانیش کە بە چارەنووسی تارانەوە بەستراوەتەوە، بەداخەوە لە ژێر زەبروزەنگی ئەو سیستمەدا داپلۆساوە و، لە هەر ڕێگەیەکەوە کە لواوە، بەرەو هەڵدێر و داڕمان هەلدێشتراوە و هەروەها دەکرێ بڵێین هەنووکە بزووتنەوەی ئەم پارچەیەی کوردستان کە لە سەرەتای سەردەمی نوێوە و بە تایبەت دوای شەڕە گەورە جیهانییەکانەوە بەردەوام لە ترۆپک و پەل‌هاویشتن دابووە، ئێستا دوور لە سەردەمی زێڕینی خۆی دەژی و پارت و لایەنەکانی ئەم پارچەیە بەهۆی کۆمەڵێک فاکتەری جۆراوجۆر و بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی کورد، جگە لە هەندێک جموجۆڵی وەرزی و چالاکی میدیایی و ڕێکخستن، بە کردەوە پانتایی خەباتیان لە ڕۆژهەڵات چۆڵ کردوە. لە ڕەوتی مێژووی کورددا بە داخەوە کەم هەڵکەوتوە هەرسێک فاکتەرە گرنگەکانی سەرکەوتن و سەرگرتنی داوا و خەونی کورد لە پارچەکانی کوردستان و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێکڕا ئامادەییان هەبووبێ، مەبەست لە فاکتەری نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی. کۆماری کوردستان بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی محەمەد بە ڕوونی دەرخەری غایب‌بوونی یەکێک لە هەرە گرنگترین ئەو فاکتەرانە بوو، کە هیوای لەمێژینەی گەورەترین گەلی بێ‌دەوڵەتی جیهانی کاڵ‌کردەوە.

بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای هەوراز و نشێوێکی زۆر و، لە دەستدانی کەڵەپیاو و، مەزنەڕێبەری وەک د. قاسملوو و د. شەڕەفکەندی و ..... هەنووکە بە ناچاری لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات دوورکەوتۆتەوە و ماوەیەکی زۆرە لە ڕێگەی ڕێکخستن و کاناڵە پێوەندییە میدیاییەکانەوە دەخزێتەوە نێو هەناوی کۆمەڵگە، بەڵام سنووردداربوونی ئیمکاناتی ئۆپۆزیسیۆن و گەشە نەستاندنی لە هەموو بوارەکانەوە لە چاو دەرفەت و توانایی سیستمی پاوانخوازی تێۆکراسی کۆماری ئیسلامی و گرنگتر لە هەمووش؛ دابڕان لە کۆمەڵگە و سەرچاوەی هێزی خۆی، بەردەوام تای تەرازووی بەلای ڕێژیم‌دا قورستر کردوە، ئەگەرچی لە سەردەمی لە لووتکەدابوونی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتیش‌دا تای تەرازووی هێز هەر بە قازانجی سیستم قورستر بووە.

حیزبی دیموکرات، لە قۆناخی ڕاگرتنی شەڕی چەکداری و کەمپ‌نشینیدا، دەگەڵ ئەوەی بە گوێرەی دەرفەت و ڕەخسانی هەل، جارناجار ئامادەیی فیزیکی خۆی لە ناوچەکانی کوردستان دووپات کردۆتەوە، بەڵام زیاتر خواستی ئەوە بوو و هەر لەم پێناوەشدا هەوڵەکانی چڕ کردۆتەوە کە بتوانێ بنەما سەرەکی و فەلسەفەی جەوهەری دامەزراندنی و پێکهاتنی، واتە چارەسەری پرسی کورد لە ڕێگەی دیالۆگ و دیپلۆماسییەوە بەئاکام بگەیەنێ و ، بە ڕێگەی جۆراوجۆر بتوانێ دیسان وێژار و دیسکۆرسی دانوستان و وتووێژ دەگەڵ ناوەند زیندوو بکاتەوە، کە دوایین هەوڵە فەرمییەکانی لە کۆبوونەوەکانی بزاڤی کورد لە سەردەمی شۆڕشی ٥٧دا دەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی کاتی تاران بەرجەستە بووە. هەروەها حیزبی دیموکرات لە ماوەی تاراوگەنشینی‌دا لە زۆر بواری بنچینەیی و بنەڕەتی‌دا هەنگاوی قووڵی هەڵێناوەتەوە کە گۆڕینی دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ فیدراڵیزم یەکێک لەم هەنگاوانەیە.

بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات و یەکێک لە سەرەکیترین هێزەکانی واتە حیزبی دیموکرات، شوێن‌پەنجە و مۆرکی لە ڕەوتی بزاڤی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵات کوردستان پڕشنگدارە و بەبێ ئاوڕدانەوە لە مێژووی پڕ لە تێکۆشان و شانازی ئەم حیزبە تاووتوێی مێژووی ڕۆژهەڵات پڕ کەلێن و کەڵەبەرە. ئەم ڕەوتە سیاسییە کە بە جۆرێک لە جۆرەکانی ماکەی زۆربەی هەرە زۆری حیزب و پارتەکانی ئێستای باشوور و ڕۆژهەڵاتە، کەم تێچووی لە پێناوی ڕزگاری کورد لە هەموو پارچەکان و بەتایبەت ڕۆژهەڵات نەداوە. ئەم حیزبە هەردەم ویستوویەتی بە ئابدێت و گەشاندنەوەی دروشم و وێژاری خۆی، لە گۆڕەپانی سیاسی ئێران و کورستان‌د ئامادەیی هەبێ. ئەم حیزبە کە لە سەرەتاوە بە فەلسەفەی دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد هەنگاوی ناوەتە مەیدانی خەباتەوە؛ لەم سۆنگەیەوە ڕێبەرانی کاریزماتیکی خۆی قوربانی ئامانجێکی مرۆیی کردوە، کە لە لایەن داگیرکەرانەوە بە کردەوەی نامرۆیی وڵامی دراوەتەوە. ئەم حیزبە لە ڕەوگەی خەبات و مێژووی خۆیدا، بە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی سەردەمیانەو ڕەچاوی دۆخی ناوچەو پێشڤەچوونی باری دیموکراسی لە جیهان و کارامەیی سیستمەکان لە قۆناخی دوای شەڕی یەکەمی کەنداو بە وازهێنان لە ئۆتۆنۆمی سیستمی فیدراڵی بۆ چارەسەری کێشەکانی وڵاتی فرەنەتەوەی ئێران هێنایە بەرنامەی خۆی و، بۆ ماوەیەک بوو بە باسی ڕۆژەڤی ئۆپۆزیسیۆن و کاردانەوەی کۆماری ئیسلامی، بەڵام بە تێپەڕی کات کۆماری ئیسلامی کە لە هێنانەئارا و خوڵقاندنی گەمە و سیناریۆی جۆراروجۆر بە کوردی و بە کورتی لە قەیران‌خوڵقێنی‌دا باڵادەستی هەیە بە هێنانە کایەی جۆراوجۆر و هەڵفریواندنی بیروڕای گشتی جیهان و دوژمن‌داتاشی و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک و بەڕێوەبردنی سیناریۆ و شانۆی جۆراوجۆر و تەشەنە



# له‌ پەراوێزی سەردانی سەرۆککۆماری تورکیە بۆ ئێران



عەزیز مەعرووفی

سەرەڕای هەموو هەڕەشە و گوڕەشەکانی هێندێک تاقم و مۆرەی سەر بە سوپای پاسدارانی ڕێژیم و وتەبێژی کۆمسیۆنی سیاسەتی دەرەوەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی ئێران، ڕەجەب تەیپ ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیە، وێڕای وەفدێک لە ڕاوێژکاران و وەزیرانی وڵاتەکەی وەک وەزیرانی دەرەوە، ئابووری ، وزە و سەرچاوەکان و ڕاوێژکاری میت بە سەردانێکی یەک ڕۆژە چوو بۆ ئێران. چەند ڕۆژ پێشتر، تاقم و مۆرەکانی دەوڵەتیی و سوپای پاستاران، ٦٥ نوێنەری مەجلیس بە نامە داوایان لە حەسەن ڕوحانی، سەرۆککۆماری ڕێژیم دەکرد، ڕێ لە هاتنی ئەردۆغان بۆ وڵاتەکەیان بگرێ، سەفەرەکەی هەڵوەشێندرێتەوە یان لانی کەم وەپاش بخرێ. ئەردۆغان پەکی نەخست، زۆر بە پێداگیرییەوە لە کاتی دیاریکراو سەفەرەکەی کرد. ناوبراو لە کۆشکی سەعدئاباد لە گەڵ حەسەن ڕوحانی کۆبووە، لە عەلی خامنەییش کۆبووە

نارەزایەتی دەبرین بۆ وەها سەفەرێک، بۆ دەرخستنی ڕق و بێزاری لە قسەکانی چەند ڕۆژ پێشتری ئەردۆغان لە ئاست ئێران دابوو. ئەردۆغان چی گوتبوو؟ ئەدی هەڕەشە و نارەزایەتی بۆچی؟ ئەردۆغان، ڕۆژی ٢٦ی مارس، ڕاستەوخۆ هاوکاری و پشتیوانی وڵاتەکەی بۆ هێرشی عەرەبستان و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر حوسییەکانی یەمەن و گوڕەوشاردانی حوسییەکانی یەمەن ڕاگەیاند، وێڕای ئەوە بە ڕاشکاوی ئێرانی بە دەست تێکێشان لە وڵاتانی یەمەن، سوریە و عێراق تۆمەتبار کرد. ناوبراو گوتی:» پشتیوانی لۆجەستیکی تورکیە بۆ عەرەبستان و هاوپەیمانانی ڕادەگەیەنین. ئێران و گرووپە تیرۆریستییەکان دەبێ لە یەمەن بکشێنەوە. ئێران بە سیاسەتی دەست تێکێشان و ئاڵۆزی نانەوە وڵاتانی ناوچەی وەزاڵە هێناوە، ئەوەش هەرگیز جێی قەبووڵ کردن نییە. ئێران، بۆی نییە جێی داعش لە مووسڵ بۆ خۆی بگرێتەوە». هەڕەشە و خۆ سوور کردنەوەی ئەو تاقم و مۆرانەی ڕێژیم کە بە بێ خەت دانی ڕێژیم، نەکراون، ڕاست بۆ ئەوەیە کە نیشانی نەیارەکانیان بدەن ڕێژیم ئێران لە سەر سیاسەتی ناردنە دەرەوەی شۆڕش و هەروەها لە سەر دامەزرانی هیلالی شیعە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سوورە و بە ئاسانی سەر بۆ تەوەرەی سوننە نەوی ناکات. ئەوە لایەنێکی دۆخی و هەستیاری سەردانەکە بوو.

لایەنێکی دیکەی ئەوەیە، ئەو سەردانە، دوا بە دوای کۆبوونەوەکانی لۆزان و ڕێککەوتنی ئێران و وڵاتانی ١+٥ لە سەر بەرنامەی ئەتۆمیی شەڕخوازنەی ئێران پێکهات. ڕێژیمی ئێران کە خۆی وەک لایەنی براوە لە تێکڕایی وتووێژەکان و ڕێککەوتنی لۆزان، دەردەخست، هەوڵی ئەوە بووە بیروڕای نێوخۆیی و دەرەکیی سەبارەت بە کرۆکی ڕاستییەکان بشێوێنێ و خۆی



وەک براوە دەرخا و دیزەبەدەرخۆنە کرانی بەرنامە هەستییەکەی وەک سەرکەوتن بە چاوی دوست و دوژمن دابداتەوە.

تورکیە و ئێران، دوو لە گرینگترین وڵاتانی جێگای مشت و مڕ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دان. ئێران، خۆی بە داکۆکیکار و پارێزەری هەموو شیعەکانی جیهان دادەنێ و لە تەشەنە و بڵێسە سەندنی شەڕ و ململانێی نێوان تەوەری شیعە و تەوەرەی سوننە کە عەرەبستان ، میسر و تورکیە ئاڵا هەڵگرین، نەپرینگاوەتەوە. ئێران، وڵاتانی سووریە، یەمەن و عێراقی کردۆتە مەیدانی تەراتێنی دەست و پێوەندەکانی خۆی، لە کوێ شەڕ و ئاژاوە هەبێ ئێرانیش لەوێ هەیە. بۆیە سەرەڕای ئەو هەڕەشانەی لە سەرێ باسمان کردن، ئەردۆغان چوو بۆ ئێران تاکوو ناڕاستەوخۆ بە ئێران بڵێ، ئێمەش هەین و سەرەڕای هەموو بەرژوەندییە هاوبەشەکەنمان لە گەڵ ئێران، بەرژەوەندی تایبەتمان لە هەرەمی سوننە دا هەیە و ئاسان نییە چاو لە پەلکێشی ئێران بۆ وڵاتانی دەورووبەر بنوقێنین.

ئەردۆغان، لەو سەفەرە دا لە گەڵ هاوتا ئێرانییەکەی، هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکانی هەڵسەنگاندوە. ئاوڕ لە دۆخی یەمەن، عێراق، سووریە و تێکڕایی بوارەکانی هاوکاری نێوانیان دراوەتەوە و، لە هەمووی گرینگتر لە کۆشکی سەعد ئاباد، بۆ جارێکی دیکەش کێشەی لە مێژینەی کورد و کوردستانیان هەڵسەنگاندۆتەوە. بەم جۆرە، دووهەمین کۆبوونەوەی هەیئەتی شوورای بەرزی هاوکاری و پێوەندی ئێران-تورکیە بەڕێوە چوو.

قورسایی سەردانی ئەردۆغان بۆ ئێران دوو خاڵ لەخۆ دەگرێ؛ یەکەم، بواری ئابووری، وزە و بازرگانی؛ بڕیار بوو ڕێژەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ئابووری نێوان دوو وڵات، پار ٣٠ میلیارد دۆلار بێ. کاریگەری گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران نەیهێشت ئەو ئاڵ و گۆڕە بە نیوەی ئاستی خۆشی بگات. ٩٥ لەسەدی هەناردەی ئێران بۆ تورکیە گازی سرووشتییە، ئەردۆغان داوای داشکانی نرخی گازی لە ئێران کرد و داوای کرد دوو وڵات لەمەوبەوا هەوڵ بدەن ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوانیان بە دۆلار نەکەن بەڵکو بە لیرەی تورکی و تمەنی ئێرانی بیکەن. کەواتە، گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران خێری بۆ تورکیەش نەداوە، لە خۆرا نەبوو تورکیە یەک لەو چەند وڵاتە بوو لە ئەنجومەنی ئاسایشی شوورای نەتەوەیەکگرتووەکان دژی هەر چەشنە گەمارۆیەک بە دژی ئێران دەوەستاوە. جیا لەوە ئاکەپە، پارتی دەسەڵاتداری تورکیە کە کۆڵەکەی دەسەڵاتیی لە سەر مەزهەب و ئابووری قایم کردوە، پشووی بە ڕێککەوتنی ئێران و وڵاتانی ١+٥ و هەلوەشاندننەوەی گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران خۆش کردوە و بووەی دەرفەتەکان بۆ برەوپێدانی پێوەندەی ئابووری و وزە بقۆزێتەوە، بێ گوێ دانە هەڕەشەکان، توانی سەفەری خۆی بسەپێنێ.

دووهەم، کێشەی لە مێژینەی کورد و کوردستان و خەباتی ناسراوی کوردە. لە دۆخی ئاڵۆزی ناوچە، ململانێ بێ سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، لە مەڵبەدندێک کە لێوان لێوە لە گرژی و ئاڵۆزی و لە پێکدان، کێشەی کورد بۆتە فاکتەرێکی بەهێز. ئەو فاکتەرە گرینگە، لە ژێر کۆنترۆلی دەوڵەتانی ناوچە بە تایبەت دوو وڵاتی تورکیە و ئێران چۆتە دەر و داوێنی ئەوانیشی گرتۆتەوە. کێشەی کورد لە باشوری کوردستان و لە ڕۆژئاوای کوردستان بە جۆرێک بەرەو پێش چووە، توانیوێتی پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆخۆی دەستەبەر بکات، شتێک کە مایەی تووڕەیی و دەمارگرژی ئەو دوو وڵاتەیە. لێدان و گورچ و بڕی داعش لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە باشووری کوردستان و کۆبانی، نموونەی زەقی ئەو ڕاستییەن.

تورکیە و ئێران گەورەترین بەشی کوردستانیان داگیر کردوە، بۆیە ئەو کاتانەش پێوەندەی دوو وڵات بە گرژترین ئاستی خۆی دەگات، نابێ لەوە غافڵ بین، ئەوان بۆ کۆسپ و تەگەرە داتاشین و هەتڵە بوونی ڕەڕەوەی شۆڕشی کوردستان و تواندنەوەی ئامادەن پێکەوە دانیشن و وەک خەسلەتی باوی مێژووییان، پەنا بۆ بن کۆڵ کردن، ئاژاوە و ئاڵۆزی‌نانەوە دە نێو ڕیزەکانی نەتەوەی دابەش کراوی کورد بەرن. لەو سۆنگەوە، دوو نموونەی لەو چەشنە بێنینەوە؛ ساڵی ١٩٧٤ ڕاست ئەو کاتە ڕێژیمی پاشایەتی ئێران پێوەندەی توند و تۆڵی لە گەڵ شۆڕشی باشووری کوردوستان هەبوو، بە ڕێککەوتن لە گەڵ ڕێژیمی بەعسی عێراق کە بە ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایر بە ناوبانگە، ئەو شۆڕشە بەرین و ڕەوایەی تووشی نسکۆ کرد. دووهەم؛ ٢٠١٢ ئەو کاتەی ئەردۆغان سەرۆک وەزیرانی تورکیە بوو، بە مەبەستی دالّدەدانی تاریق هاشمی، جێگری سەرۆککۆماری عێراق، نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عیراقی بەوە تۆمەتبار کرد، کەلێنی شیعە و سوونەی قووڵتر کردۆتەوە و غەدر لە سوونەکان دەکات. ساڵیک دواتر لایەنێکی ڕاستتری ئەو هەڕەشەی ئاشکرا کرد، گوتی من بۆیە هێندە دژت بووم چونکە کارێکت کرد کوردەکانی باکووری عێراق بیر لە سەربەخۆیی بکەنەوە.

چوونی ئەردۆغان بۆ ئێران و کۆبوونەوەی لە گەڵ کاربەدەستانی پلە بەرزی ڕێژیم، کۆتایی بە ناکۆکی و ملانێی ئەو دوو وڵاتە ناهێنێ. ئەو دوو وڵاتە روانگەی تەواو جیاوازیان لە سەر سووریە و عێراق هەیە، بەڵام وێڕای ئەوە ئێران وەک تەوەری شیعە و دەسەڵاتی» سەفەوی» و تورکیەش وەک دەسەڵاتی «ئیمپراتۆری عوسمانی»و هاوپەیمانی گرینگی تەوەری سوننە لە خۆیان دەڕوانن، لە ناوچەدا سیاسەت و ئامانجەکانی خۆیان بەرەو پیش دەبەن و هەوڵیش دەدەن ئەوەندەی بۆیان بکرێ لە بەرژوەندییەکانی یەکتر نەدەن. هەموو کاتێکیش ئەوندەی هاوکێشە ناوچەیی و نێو دەوڵەتییەکان ڕێگا بدەن ئامادەن لە سەر کێشەی کورد سات و سەودا بکەن، پێک بێن و ناکۆکییەکانیان وەلا بنێن. ڕاستە ئێستا هاوکێشەکانی ناوچە ئاڵۆزن، بەڵام ناشبێ بێ ترس دانیشین.

## درێژەی: سیاسەتی ئەمریکا گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیمە

پێکردنی ئیدیۆلۆژییە ئایینی و شیعییەکان بە مەبەستی دروستکردن و زیادکردنی پەڕپۆ لە چوارقورنەی جیهان و، بە تایبەت لە وڵاتانی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناڤین، بۆ پتەوکردن و درێژکردنەوەی ژیانی پڕ لە نەگبەتی خۆی، هیوای لە جۆشی ئۆپۆزیسیۆن و خەڵکی گۆڕانخوازی وڵاتی بۆ ڕووخانی سیستم لە باربرد و، تەنانەت دوای کۆتایی‌هاتنی دەوڵەتی خودی ئیسلاحات و دانان و هێنانی مۆرەیەکی وەک ئەحمەدی نیژاد، ئاوی پاکی بەدەست ئەوانەش داکرد کە لە نێوخۆی سیستمەوە هەوڵی چاکسازیی و ڕیفۆرمیان دەدا. ئەم هەڵسوکەوتەی بەرەی بنئاژۆخوازی ئاڵقە لەگوێی ویلایەت پەیامێکی روون و نیوەرۆکێکی بێقاوخ بوو بۆ ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی چاوی بڕیبۆ ئاسۆی چالاکییەکانی نێوخۆ. ئێستاکەش کە ئەمریکا گەورەترین شوێندانەری سیاسی جیهان، راشکاوانە بە سەرکردایەتی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی رادەگەیەنێ؛ سیاسەتی گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژمی هەیە نەک گۆڕینی سیستم، دەبێ ئەو بزووتنەوەیەی کە لە هەموو بوارەکانەوە؛ لە ئاست هێزو دەسەڵاتو تیۆریو دەستڕۆیشتوویی‌و .... لە بەرانبەر ڕێژیمدا دابەزیوە، بڵێی چ سیاسەتێک بگرێتەبەر؟ بزووتنەوەی سەراسەری بە جۆرێک تەرەکەوڵات بووەو لە وڵاتانی ئورووپا هەواری خستوە کە بە دژواری دەکرێ بڵێین توانای ڕێکخستن و شوێن‌دانەری لە سەر رەوتی ڕووداوەکانی نێوخۆی هەیە، هەروەها هیوا و ئۆمێد بە بزووتنەوەی نێوخۆییش دوای زیندانی کردنی ڕێبەرانی لە ماڵەکانی خۆیاندا لە کاڵی دا و، خەمی نان برستی لە کۆمەڵگەی ئێران بڕیوە؛ جارێکی دیکە شەقامان بخرۆشێنن.

بزووتنەوەی کوردیش سەرەڕای هەڵوەرینی زۆربەی هێزە چەکدارەکانی و دابەزینی هێژمۆنی لە نێوخۆ و سەرهەڵدانی پارت و لایەنی دیکە، کە کەمتاکورت توانیویانە وزە و پوتانسیەلی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ڕەکێشی کاناڵی ویستەکانی خۆیان بکەن، تووشی پەتایەکی گورچوبڕی مەترسیدار هاتوە کە ئەویش لەتبوون و جیابوونەوەی حیزب و لایەنە خاوەن پێگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. هەر لەو سۆنگەیەوە سەرەڕای لەباربوونی ژینگەی ڕۆژهەڵات بۆ چالاکیی سیاسی و نەتەوایەتی؛ تووڕەیی خەڵکی کوردستان لە پارتە ڕەسەنەکان و بەدەنگەوەنەهاتنیان لە بۆنەکانی وەک هەڵبژاردنەکان، دەبێ ئەو بەشە لە بزووتنەوە کە نایەوێ بە پێچەوانەی ڕەوگەی رووبار مەلە بکا تووشی تێفکرین و تێڕامانێکی قوڵ بکا. ئاشبوونەوەی لۆژیکیانە و تووڕهەڵدانی هەندێ بیری چەوتی حیزبایەتی و پشتگوێ خستنی بەرژەوەندی تاکەکەسی و دەستەیی و گۆڕین و گونجاندنی سیاسەتی بزاقی رزگاریخوازی دەگەڵ واقعی کۆمەڵگە و ئابدەیت و بەرۆژکردنەوەی ویست و داواکان و زۆر تەوەری دیکە رەنگە لەم هەلومەرجە گێژەن و ئاڵۆزەی ئێستای ناوچەکەدا، خوێنی مەییوی شادەمارەکانی کۆمەڵگەی کوردی ببزێوێ و، هێژمۆنی و ئیعتباری بزووتنەوەی کوردیش بگەشێنێتەوە. هەنووکە بەهۆی نەورۆز و چەندین بۆنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیکە لایەنە کوردییەکان دەتوانن بە وردبینی و دانواندن بۆ یەکتر، بە گوتار و هێڵی سیاسی یەکگرتووانە، بە لە بیرنەکردنی شێوازە کلاسیکەکانی خەبات، هەنگاو بنێننەوە گۆڕەپانی ئاڵۆزی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتەوە، کە هەروەک لە ئاستی کوردستانی‌دا دەبینن، چالاکی خۆڕسکی پێشکەوتنخوازنەی کۆمەڵگە، بەستێنێکی لەبارە بۆ هەوڵ و تێکۆشانی ئەرێنیتر. ئەگەر ویستی ئەمریکا و جیهان کە ئێستا بە کردەوە دەگەڵ ئێران لە چەند بەرەدا لە شەڕدان، تەنیا لە گۆڕینی رەفتاردا خۆی دەبینێتەوە، کەواتە بزاقی کوردی بە هەڵسەنگاندنی هێز و توانای خۆی و لەباربوون و گونجاوی و توانای وەرگرتنی گوتاری خۆی لە لایەن کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران و تەنانەت جیهانیشەوە، بە نەسڵەمینەوە لە هەندێک چەمک و دەستەواژەی سازشکار و دانواندن، ڕێکارێکی نوێ لەپێناو هێشتنەوەی خۆی و گوتاری خۆی لە بیری تاکی ڕۆژهەڵاتدا بگرێتەبەر.

کۆمەڵگەو بزاقی ڕۆژهەڵات چیدی بەرگەی ئەم بۆشاییو دابڕانە ناگرن، هەروەها یادگەی زامداری تاکی کوردیش کە هەموو دەرەتانەکانی لێبراوە، چیدی بەرگەی ئەم ئاڵۆزییەی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵات ناگرێ. نەورۆزی ئەمساڵ و بەڕێوەچوونی بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز بەتایبەت لە مەریوان و ناوچەکانی دەورووو پشتی دەبێ بزووتنەوە بە تایبەت حیزبی دیموکرات بیر خۆی بخاتەوە، کاتێک هیواکانی دوارۆژی وڵات بە وێنەی ڕێبەرانی ئەم حیزبەوە و بە سرودی نەتەوایەتی «ئەی رەقیب«ەوە لە ژێر هەڕەشەی داپڵۆسێنەرترین ڕێژیمێکی تا سەر ئێسکان دیکتاتۆر و خوێنڕێژ لە دەوری ئاگری نەورۆز کۆدەبنەوە.

ئەگەرچی دووپاتی لێکدانەوەی هەڵەی دەرفەتەکان یارمەتیمان ناکا، بەڵام داهاتنی کۆماری ئیسلامی لە سەر هەندێک پرسی سەرەکی وەک پرسی ناوکی و بەهەند وەرگرتنی ئەحمەدشەهید ڕێپۆرتێری نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ مافی مرۆڤ لە ئێران، و گرژتر بوونی بەربەرەکانیی ناوچەیی دژی پیلانەکانی ڕێژیم، کە بەرەبەرە پشووی هەڵکشاوی ئێران دەخنکێنن دەتوانێ ڕێگەخۆشکەر بێ هەتا بزووتنەوە بزاقی کوریش بە گرتنەبەری ڕێکاری نوێ و خوڵقاندنی دەرفەتی گونجاو و دەگەڵ ناوەندە بکەوێتە ململانێیەکی کەمتێچوو، نۆژەنکردنەوەی فەرهەنگی دیالۆگ دەگەڵ دەسەڵات و بەتایبەت کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان.

# دەوڵەتی ڕانتی



ڕێبوار مەعروفزادە

دەوڵەتی ڕانتی بەو دەوڵەتانە دەکوترێ کە بەشێکی بەرچاو لە داهاتەکەیان لە ڕێگەی هاوکاری دەرەکی یان لە ڕێگەی فرۆشتنی سەرچاوەکانی ژێرزەوی (وەک گاز و نەوت) دەستەبەر دەکەن. وڵاتانێک وەک عێراق، عەرەبستانی سعوودی، ئێران، ئەلجەزایر و قەزاقستان نموونەی ئەو وڵاتانەن کە تاڕادەیەکی زۆر پشت بە داهاتی فروشتنی نەوت و گاز دەبەستن. میسر و ئوردن دوو نموونە لەو وڵاتانەن کە پشت بە هاوکاری ماددی دەرەکی دەبەستن. داهاتێکی دەرەکی زۆر، ئەو توانایەی بە دەوڵەتانی ڕانتی داوە کە تاڕادەیەک ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆییان لە کۆمەڵگەکەیان هەبێ و بتوانن هێندێک بەرنامەی سیاسی و ئابووری بە بێ ڕەزامەندی هاووڵاتیانیان بەڕێوە ببەن. توانای ئابووری دەوڵەتانی ڕانتی وایکردوە کە بتوانن دەسەڵاتی خۆیان لە ڕێگەی دابەشکردنی سەرمایە بپارێزن. هەروەها هاووڵاتیان لە زۆربەی وڵاتانی ڕانتیماڵیات نادەن و هەر بۆیە کەمتر خوازیاری ئەوەن لە پرۆسەی سیاسی دا بەشداری بکەن. ئەگەرچی ئەو وڵاتانەی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەوت هەناردە دەکەن، ئاستی گەشە و بەشداریی سیاسی تێیاندا جیاوازە بەڵام هەموویان لە نەبوونی دێموکراسی، ڕێژەی زۆری گەندەڵی و نەبوونی دەوڵەتی وڵامدەر هاوبەشن. لەو وتارەدا ئاوڕێک لە تایبەتمەندییە نەرێنییەکانی دەوڵەتانی ڕانتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەدرێتەوە کە پشت بە داهاتی هەناردەکەری نەوت دەبەستن.

### بەڵای نەوت

نەوت مایەی چارەڕەشی نیە، بەڵام کەڵک وەرگرتنی خراپی دەوڵەتان لە داهاتی نەوت بۆتە مایەی بەدبەختی بۆ چەند وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ئەو بیرۆکەیە کە نەوت مایەی چارەڕەشییە، لە نێو بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست باوە. کارناسان پێوەندی پێچەوانەی نێوان هەبوونی نەوت و پێشکەوتن لە وڵاتێکدا بە «بەڵای نەوت» ناو دەبەن. بۆ نموونە گەشەی ناخالسی نەتەوەیی ئەندامانی ئۆپێک لە ساڵی ١٩٦٥ تا ١٩٩٨، ١،٣٪ کەمی کردوە بەڵام گەشەی ناخالسی میللی وڵاتانی لە حاڵی گەشە کە داهاتێکی کەمتریان هەبووە، بەگشتی ٢،٢٪ گەشەی کردوە. ئەوە نیشان دەدا کە وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک لەو ساڵانەدا لەگەڵ ئەوەدا داهاتێکی زۆری هەناردەکردنی نەوتیان بووە، بەڵام ئابوورییەکەیان دابەزیوە. دەکرێ نەوت بە شێوەی دروستیش کەڵکی لێوەربگیرێ. وڵاتانێک وەک نورویژ، کانادا و ئەمریکا ڕادەیەکی بەرچاو سەرچاوەی نەوتیان هەیە و لە سیستمێکی سیاسی وڵامدەر و دێموکراتیش بەهرەمەندن. کاتێک لە ساڵی ١٩٦٠ بەملاوە نەوت لە نورویژ دۆزرایەوە، پارلمانی ئەو وڵاتە چەند یاسایەکی دەرکرد بۆ ئەوەی داهاتی نەوت لە درێژخایەندا خزمەت بە هاووڵاتیانی نورویژ بکا. بەگشتی پارلمانی نورویژ نەیهێشت داهاتی نەوت بکەوێتە دەست دەوڵەت و دەوڵەت لە هەر پرۆگرامێک دا کە ویستی خەرجی بکا. ئێستا نورویژ بە پێی بەراوردی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یەکێک لەو وڵاتانەیە کە توانیوێتی باشترین ئاستی ژیان بۆ هاووڵاتیانی دابین بکا. بە گشتی ئەو وڵاتانەی خاوەنی دامەزراوەی دێموکراتیک بوون پێش لەوەی نەوت بدۆزنەوە، توانیویانە بە باشی کەڵک لە داهاتی نەوت وەربگرن. بەڵام دەوڵەتانی ڕانتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست داهاتی نەوتیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن یان بەشوێن هێندێک ئایدیای خۆیان بکەون بە بێ ئەوەی ئەو ئایدیانە پشتگیری خەڵکی لەپشت بێ. بۆ نموونە عەرەبستانی سعوودی لە ساڵی ٢٠١٤ لە ئاستی جیهانی دا یەکەم وڵات بووە لە کرینی چەکوچۆڵ؛ ئەو وڵاتە تەنیا لە ساڵی ٢٠١٤، ٦،٤ میلیاردی دۆلار چەکوچۆلی کریوە. لە ساڵی ٢٠١٤، عەرەبستانی سعوودی و ئیمارات پێکەوە زیاتر لە کۆی هەموو وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاوا لە بەرگری نیزامی خەرجیان کردوە. کۆماری ئیسلامی ئێران ساڵانێکی زۆر بۆ دەستراگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی هەوڵی دا، تێچووی ئەو پرۆگرامە بە زیاتر لە ١٠٠ میلیارد دۆلار بەراورد دەکرێ. کەوایە دەوڵەتەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرپرسیارن لەوەی «بەڵای نەوت» لەو وڵاتانەدا بڵاو بووەتەوە.

دەوڵەتی ڕانتی و ناکارامەیی

ناکارامەیی یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دەوڵەتی ڕانتییە. داهاتی نەوت سەرەتا ئابوورییەک دروست دەکا کە بەرهەمهێنەر نیە کە ئەوەش دەوڵەتێکی گەندەڵ و دواجار کۆمەڵگەیەکی گەندەڵ بەرهەم دێنێ. لێرەدا مەبەست لە گەندەڵی ئەوەیە کە کەسێک داهاتێکی هەبێ بە بێ ئەوەی بۆ ئەو داهاتە کاری کردبێ و زەحمەتێکی ئەوتۆی کێشابێ. داهاتی زۆری نەوت وا دەکا کە بەشەکانی دیکە وەک کشتوکاڵ و بازرگانی، ماشێن سازی و ... توانای ململانێ لەگەڵ کەرتی نەوتیان نەبێ و ئەو بەشانە پەراوێز بخرێن. کەوایە لە درێژخایەندا داهاتی نەوت وا دەکا ئابووری یەک پێکبێ کە فرەچەشن نیە و کەرتی نەوت وەک گەورەترین بەشی ئەو ئابوورییە لەقەڵەم بدرێ. هەورەها دەوڵەتی ڕانتی هاندەرێکی نیە بۆ ئەوەی خەڵک بۆ جموجۆڵی ئابووری و پێکهاتنی ئابوورییەکی نەتەوەیی فرەچەشن و چالاک هان بدا چونکە سەرمایەکی مفتی دەست دەکەوێ. دەوڵەت بە کۆنترۆلکردنی بەشتی نەوت، دەست بەسەر تەواوی ئابووریدا دەگرێ. هەورەها دەوڵەتی ڕانتی داهاتی نەوت بەکاردێنی بۆ ئەوەی ئەو کەس و گرووپانەی کە ویستی، یارمەتی ماددییان بکا و کاریان پێ بدا. بۆ نموونە لە ساڵەکانی نێوان ١٩٥٠ تا ١٩٧٠ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لە وڵاتانی هەناردەکەری نەوت لە لایەن دەوڵەتانی ڕانتی دامەزرابوون و داهاتێکی زۆریان وەردەگرت بێ ئەوەی هیچ ماڵیاتێک بدەن. هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لە وڵاتانی خاوەن نەوت فێر بووە کە کار نەکا و داهاتی هەبێ. ئەو بابەتەش تاڕادەیەکی زۆر ئەخلاقی کاری لەو وڵاتانە دارماندوە. دەوڵەتانی ڕانتی لەگەڵ ڕێژەی زۆری گەندەڵی ڕووبەڕون. بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی لە ساڵی ٢٠١٤، عێراق، یەمەن و لیبی لە ریزی گەندەڵترین وڵاتانی جیهاندا بوون. هەر بۆیە لە نێوان داهاتی نەوت، دەوڵەت و کۆمەڵگە پێوەندییەک دروست دەبێ: لە لایەک دەوڵەت هیچ بەرهەم ناهێنێ و پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێ و لە لایەکی دیکە خەڵک جموجۆلی ئابووری ناکا و پشت بە دەوڵەت دەبەستێ.

### دەوڵەتی ڕانتی و نەبوونی دێموکراسی

دەوڵەتانی ڕانتی خاوەنی سیستمێکی دێموکراتیک نین. بە گشتی سەرجەم دەوڵەتانی ڕانتی ئەزموونی کۆلۆنیالیزمیان هەبووە و لە دوای داگیرکاری بەدەست وڵاتانی ڕۆژئاوا دامەزراون. ئەو داکیرگارییە ڕێگەی بۆ دامەزرانی ڕژیمگەلی تەک حیزبی و بنەماڵەیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خۆش کرد. هەر بۆیە ئەو دەوڵەتانە پێش لەوەی ببن بە دەوڵەتی ڕانتی و لە داهاتی نەوت بەهرەمەند بن، دەوڵەتگەلێکی تۆتالیتر و نادێموکراتیک بوون. بەڵام دەستراگەیشتیان بە داهاتی نەوت، تۆتالیتاریانیزم و میلیتاریزمی لە نێو دەوڵەتانی ڕانتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەهێز کرد. عەرەبستانی سعوودی، کویت، قەتەر و بەحرەین نموونەیەک لە وڵاتانی خاوەنی سیستمی پاشایەتین کە دواتر بەتایبەتی بە چوونەسەری بەهای نەوت لە دەیەی هەفتای سەدەی بیستەم بەملاوە بوون بە خاوەنی دەوڵەتگەلی ڕانتی. دەوڵەتگەلی ڕانتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست سەرمایەی ماددی تەرخان دەکەن تا دەنگی خەڵک بکرن و ئەو کەسانەش کە ئامادە نەبن دەنگی خۆیان بفرۆشن، سەرکوت دەکرن. دەوڵەتانی ڕانتی نەک هەر هەوڵ بۆ کرینی دەنگی هاووڵاتیان خۆیان دەدەن، بەڵکوو لە ئاستی نێودەوڵەتیش دا هەوڵ دەدەن پشتیوانی سیاسی و نیزامی بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. نزیکی و هاوکاری لەمێژینەی ئەمریکا و عەرەبستانی نموونەیەکی باشە بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن توانای ئابووری دەوڵەتێکی ڕانتی دەتوانێ لە کرینی پشتیوانی نێودەوڵەتی ڕۆل بگێرێ. عەرەبستان هەم نەوت بۆ ئەمریکا دابین دەکا و هەم بازارێکی گەورەیە بۆ فروشی چەکۆچۆلی ئەمریکا. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٠، ئەمریکا کۆمەڵێک فرۆکەی نیزامی بە بەهای ٦٠ میلیارد دۆلار بە عەرەبستان فروشتووە. لە بەرامبەر ئەو قازانجە ئابوورییە ئەمریکا لە عەرەبستان دەستی دەکەوێ، ئەمریکاش پشتیوانی ئەمنییەتی، نیزامی و سیاسی عەرەبستان دەکا و گوێی خۆێ لە بوونی دیکتاتۆری و پشێل کردنی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە دادەخا.

### ئاکام گیری

بوونی سەرچاوەی نەوت خۆی لە خۆیدا مایەی چارەڕەشی نیە، بەڵام کەڵک وەرگرتنی نادروست لە داهاتی نەوت، چارەڕەشی بەرهەم دێنێ. دەوڵەتی ڕانتی بەکەڵک وەرگرتن لە توانای ئابووری، هەوڵ دەدا کۆنترۆلی کۆمەڵگە بکا و خەڵکێکی پاسیڤ بەرهەم بێنێ. دەوڵەتی ڕانتی دەوڵەتێکی ناکارامەیە چونکە پشت ئەستوور نیە بە ئەنجامدانی پلان و جموجۆلی ئابووری. لە درێژخایەندا دەوڵەتی ڕانتی بە سێ شێوە دەکرێ تووشی گرفت بێ: یەکەم، بە یاسا پێش لە کۆنترۆل و خەرج کردنی داهاتی نەوت لە لایەن دەوڵەت بگیرێ کە دیارە ئەو بابەتە لە نەبوونی دامەزراوەی دێموکراتیک و پارلمانی دێموکراتیدا ئەستەمە. دووهەم، حەشیمەتی وڵات ئەوەندە زۆر بێ کە ئیتر نەکرێ بە داهاتی نەوت، دەنگی خەڵک بکردرێ. توانای ئابووری دەوڵەت بە بەراورد بە حەشیمەتی ئەو وڵاتە دابەزێ. سێهەم، بەها و پێگەی نەوت لە بازاری جیهانی دا کەم بێتەوە.

سەرچاوەکان:

Angrist, Michele Penner. “Party Systems and Regime Formation in the Modern Middle East: Explaining Turkish Exceptionalism,” published by PH.D. Program in Political Science of the City University of New York, on 2004

Ehteshami, Anushiravan. “Reform from above: the politics of participation in the oil monarchies,”published in 2003 by Wiley on behalf of the Royal Institute of International Affairs

Karl, Terry. “Oil-led Development: Social, Political, and economic Consequences,” published on January 2007 by CODRL Stanford

Gray, Matthew. “A Theory of Late Rentienism in the Arab States of The Gulf,” published on November 2011 by Center for International and Regional Affairs Georgetown University School .of Foreign Service in Qatar

Algazeera Report. “US Confirms $60 bn Saudi Arm Deal,” published on 20 October, 2010

Canada Compete. “What Norway did with its oil and we didn’t,” published on May 16, 2013 on The Global And .Mail

Nagraj, Aarti. “Top 10 Countries with The World’s Biggest Oil Reserves,” published on April 13, 2013 on Gulf .Business

HIS Report. “Saudi Arabia Replaces India as Largest Defense Market for US, IHS Study Says,” published on March 7, 2015 from: http://press.ihs.com/press-release/aerospace-defense-terrorism/saudi-arabia-replaces-india-largest-de-fence-market-us-ihs

Saudi Arabia Becomes world’s top” arms importer,” published on March 9, 2015 from: http://www.buzzfeed.com/sheerafrenkel/the-23-most-corrupt-countries-in-the-world#.fc1KZd4NJ

# «خەونی ئێمپراتوریی ئێرانی»، لە یەمەن، کەوتە بەر «گەردەلوولی ڕاشکاو»



ئازاد کەریمی

لە غەڵبەغەڵبی شەڕی داعش لە تکریت و مووسڵ لە عێراقدا، ئێسکادرانی هەوایی پێکهاتوو لە سعوودیو چوار وڵاتی عەرەبی لە کەنداو لە گەڵ زۆربەی وڵاتە عەرەبیەکان بێجگە لە عێراق، سوریە و لوبنان هێرشیان کردە سەر پێگەکانی میلشیاکانی گروپی «حوسی» لە باکوورو باشووری یەمەن.

حوسیەکان گروپێکی چەکدارن سەربە « زەیدی»یەکانی پارێزگای»سەعدە« و ئەم هەرێمە ٢٤٣ کیلۆمتر دوورە لە «سەنعا»ی پایەتەختی یەمەنەوە.

«حوسێن حوسی» دامەزرێنەری بیرۆکەی « یەکیەتیی مەزهەبی زەیدی» بوو، هەروەها بە شێوازی خومەینی دەستی کرد بە پڕۆپاگەندەی دژی وڵاتانی ڕۆژاوایی، بێجگە لە حوسین حوسی، نوێنەرێکی پەرلەمانی یەمەن بە ناوی «بەدرەدین حوسی» لە ساڵانی هەشتای زایینیدا کە سەربە زەیدیەکان و هەروەها سکرتێری حزبی» الحق» بوو، بیرۆکەی بەرپاکردنی دەوڵەتێکی زەیدی مەزهەبی لە یەمەندا دروست کردبوو. لە ساڵی ٢٠٠٤وە دوای ئەوەی دەرکەوت کۆماری ئیسلامی ئێران خەریکی دنەدانی ئەو گروپەیە بۆ کاری تێکدەرانە دژ بە دەوڵەتی یەمەن، «عەلی عەبدوڵلا ساڵح» سەرۆک کۆماری یەمەن کە خۆی زەیدی مەزهەبێکی سێکولارەو لە ساڵی ١٩٧٨وە سەرۆک کۆماری یەمەنە، هێرشی کردە سەر حوسییەکانی یەمەن و لە سێپتەمبەری هەمان ساڵدا (خەرمانان ١٣٨٣) بەدرەدین حوسی و چەند کەسی دیکەی کوشت.

دۆزی حوسییەکانی یەمەن لە ٢٠٠٤ بە دواوە کەم یان زۆر لە بەر باسی ڕاگەیاندنی گشتی جیهانیدایەو ئەم چەکدارە زەیدییانە وا وڵاتەکەی خۆیان بەرەوهەڵدێر بردوە بێجگە لە هەندێ دروشمی دژە ئەمریکاو ئیسراییل هەڵگری هیچ جۆرە ئایدۆلۆژیای سیاسی نینو خاوەن بەرنامەیەکی دیار و ڕوون بۆ بەرپاکردنی دەوڵەتەکەیان نین.

بیرۆکەی حیزبی « الحق» بۆ گەیشتن بە دەسەڵات هەڵگری هەمان ئەندیشە کلاسیکەکەی ئیسلامی سیاسییە.

دیارە بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی لە ناو وڵاتە عەرەبیەکاندا پێشتر تاقی کراوەتەو وەک «ئیخوان موسلمین» لە میسر، «ئەمەل» لە لوبنان و دواتر بیرۆکەی کۆماری ئیسلامی لە شیعەی دوازدە ئیمامیدا لە ئێران کە دوای ڕاپەڕینی ١٩٧٩ی زایینی لە ئێران لە لایەن خومەینییەوە خرایە بەرباسو ڕێفراندۆمو دەنگدانو لە ئاکامدا کرا بە دەوڵەت.

دیارە بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی پێشتر لە لایەن عەلی شەریعەتیو چەند نووسەری شیعەی ئێرانی وەک «جەلال ئالئەحمەد» بابەتی لە سەر بڵاو کرابوویەوە.

حزبوڵڵا، حەماس و شەباب، بوکوحەرام، گرووپی ئەبوسەیافو «ئەلحەق» حزبی حوسیەکانی یەمەنو تەنانەت قاعیدە، هەموویان گروپی چەکداری ئیسلامینو بەدوای بەرپاکردنی دەوڵەتی ئایدۆلۆژیکی خۆیانن لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا. خاڵی سرنجڕاکێش لەم گروپانەدا پەیوەست بوونیان بە دەوڵەتانی دیکەی ئیسلامییە لە بواری فاینانس(ماڵی) و لۆجیستیک و متمانەدارییانەوە (اعتبارات).

ئەوەی لە سەرحوسییەکان بۆ وێنە باس دەکرێ نیشاندەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەوان لە ئێرانەوە بە دوورو نزیک یارمەتی دەدرێن تاکوو بجولێنەوە و دژبە دەوڵەتەکانی خۆیان شۆڕش بکەن. هەموو کەس دەزانێ زەیدیەکان تەنیا لە پارێزگای سەعدە لە باکووری یەمەندا ئەژینو ئەوان خەڵکی وڵاتی یەمەنن. وڵاتێکی کۆن بە مێژوویێکی قەدیمەوە... ئەوان خاوەنی وڵاتی خۆیانن و هەتا ئێستابە پێویستیان نەزانیوە ڕاپەڕینی» زەیدی» بکەن. بەهەرحاڵ حزبی «الحق» بە بیرۆکەی دژایەتی لە گەڵ ئەمریکا و ئیسراییلەوە دامەزراوە و دواترڕووی لە توندوتیژی لە «گوتار»و لە «کردار»دا کرد وشەڕە مەبەستدارەکەی هێناوەتە «ناوماڵی خۆی» لە یەمەن. ئەوەی لە مێژووی زەیدیەکاندا تۆمارکراوە باسی بەربڵاوی و یەکنەگرتوویی ئەوان دەکات. ئەوان هێشتا بە شێوازی عەشیرەتیو تایفەیی دەژینو ئەزموونی دەوڵەتداری مۆدێرنیان نیە، هەرچەند وەک تاکێکی یەمەنی لە دەسەڵاتدا بەشدارییان کردوە بۆ وێنە عەلی عەبدوڵڵا ساڵح بە کودەتاییکی سەربازی لە ساڵی ١٩٧٨وە هەتا ٢٠١٢ بۆماوەی ٣٤ ساڵ فەرمانڕەوای یەمەن بوو.

لە ساڵی ١٩٦٢وە کە «جەماڵ عەبدوناسر» هێزی سەربازی نارد بۆ یەمەن و هەتا لەت بوونی یەمەن بە دووبەشی «باکوور»و «باشوور»و بەشداربوونی هەر دوویەمەن لە شەڕی سارد لە نێوان دوو بەرەی «کۆمۆنیستی»و «کاپیتالیستی» و یەکگرتنەوەی دووبارەیان دوای ڕووخانی سۆڤیەتی پێشوو لە ١٩٩١دا ،کۆمونیستەکان و سێکولارەکانی سەربە ڕۆژاوا کۆنترۆڵی یەمەنی یەکگرتوو، هەروەها یەمەنی لەتکراو، دواتر یەمەنی دووبارە یەکگرتویان بەدەستەوە بووە. کاتێ یەمەن یەکی گرتەوە بەرەی سەربە ڕۆژاوا، ئیدارەی وڵاتی گرتەوە دەستی خۆیو عەلی عەبدووڵلا ساڵح بوو بە سەرۆکی وڵات. عەبدڵلا ساڵح زەیدی مەزهەبێکی سێکولار واتە دەوڵەتدارێکی دوورلە بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی بوو، هەربۆیە جیاوازی ئایین و ئاینزا (مەزهەب) لە سیستەمی حکوومەتی سێکولاری یەمەندا بێواتا بوو. بەڵام لە دوای ڕووخانی سەدام حسێنو بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن شیعەکان لە عێراقداو ئاوەڵابوونی دەستی کۆماری شیعە مەزهەبی ئێران لە عێراقدا، ئێران شەقاوێکی گەورەی هاوێشت بۆ ئەوەی بیرۆکەی ئیمپراتوری شیعە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکات بە ڕووداوێکی بە کردەوەیی کە هیچ دیاردەیەک نەتوانێ نکۆڵی لێ بکات. بە هەرحاڵ «نینۆکەشەڕە»ی ئێران لە بەحرەینو باکووری سعوودیو باشووری لوبنانو پشتگیری ئەم وڵاتە لە دەوڵەتی «عەلەوی/بەعسی» سووریە لە بەرامبەر شۆڕشی سوننە لەم وڵاتەداو هەروەها ختۆکەدانی حوسییەکانی یەمەن لەم وڵاتە کە سەرەتا وادەردەکەوت بۆ ئازاردانی شانشینی سعودییە کە سنووری لە گەڵ پارێزگای سەعدەی یەمەن هاوبەشە و ئێستا دەرکەوتوە ئەم «گەمە» کردنانە پێشەکی پلانێکە بە مەبەستی بەرپاکردنی دەوڵەتێکی شیعە لە یەمەنو سێناریۆی لەت بوونەوەی دووبارەی یەمەن بە شێوازێکی دیکە وا ئێران بە ڕێوەی دەبات، مەبەستی کۆماری ئیسلامی ئێرانە.

پێگەی یەمەن لە جوگرافیای سیاسیدا زۆرگرنگە لە بەرئەوەی کۆنترۆلی «دەریای سوور» دەکات لە ڕێگەی گەرووی « بابالمندب»ەوە، هەروەها سنووری دەریایی لە گەڵ چەند وڵاتی ئەفریقاییداهاوبەشە، لە لایەکی دیکەوە کەنارەکانی یەمەن ئەڕوانێ بە سەر «ئۆقیانووسی هێند»دا. کەواتە ئێران لەڕێگەی کۆنتڕۆڵ کردنی یەمەنەوە دەتوانێ هێزی دەریایی نیشتەجێ کراوی ئەمریکا لە دەریای سووردا و هەروەها کۆنترۆڵی باشووری ئیسرایلوگەرووی ئابووری «ئۆردون» واتە کەنداوی «عەقەبە»ش بخاتە مەترسییە، لە لاییکی دیکەشەوە میسرو «کاناڵی سوێز»وشانشینی سعودی بە گشتی ئەکەنەوە بەرهەمووجۆرە شاڵاوێکی نەرێنی پەلامارەکانی ئێرانەوە. کەواتە یەمەنو کێشەی حوسیەکان - و هەروەها پەلامارەکانی «القاعدە» لە پارێزگای «حەزرمەوت» کە دۆزی ئەویش پەیوەستە بە بابەتێکی دیکەی ئیسلامی سیاسی لە جۆری ڕادیکالیسمی سوونەگەری ولەوانەیە لە دەرفەتێکی دیکەدا لە سەری توێژینەوە بکرێ - بابەتی « ئاسایشی جیهانی» ی بە شێوازێکی کەم وێنە خستوەتە مەترسیەوە. ئێران لەم بەربەرەکانیەدا هاوکێشەی سەرەکیەو دەیەوێ بە پەلهاوێژتن بۆ هەر شوێنێکی دنیا لە ڕێگەی وروژاندنی «پرسی شیعە»، ئەمنیەتوئاشتی جیهانی تێکبدا. ئەم ئارەزووە مەترسیدارەی ئێران بۆ ڕۆژاواو جیهانی عەرەبی قەبووڵ ناکرێ هەربۆیە بە ئەو پەڕی تواناوە لە بواری سیاسیو نیزامییەوە لە بەرانبەریدا ڕاوەستانو هەم بە شەڕو هەم بە دیپلۆماسی بەرەنگاری ئێرانوهاودەستە زەیدیە ڕادیکاڵەکانیان کردو سەرەڕای شەڕلەگەڵ حوسیەکان کە لە ئۆپەراسیۆنی بەربڵاوی «گەردەلوولی ڕاشکاو»دا خۆی نواند،ئێستاش لە « ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان»دا بڕیاری گەمارۆدانی ئەم گرووپە - وا پاشکۆی کۆماری ئیسلامی ئێرانە- لە بواری ئابوریونیزامییەوە ڕاگەیێندرا. ئەمەش خەونی هاشەوپاشەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ گەیشتن بە ئیمپراتوری ئۆقیانوسەکان دەزڕێنێ.

ئەدەب و هونەر

کوردستان
ژمارە: ٦٥٤
٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٤
٢١ی ئاوریلی ٢٠١٥

# ڕووشاندنی هەستی هونەرمەندان بە چ مەبەستێک؟!




عەلی لەیلاخ

که باس له هونەر و کاریگەرییەکانی دەکرێت هەر نەتەوەیەک دەیهەوێت ئاستی هونەر و هونەرمەندانی خۆی بەرز بنرخێنێت. چونکه له مێژە «هونەر» وەک میراتێکی بەهێزی مرۆیی توانیویەتی ببێتە ڕایەڵێک بۆ ناساندنی گەلان بە یەکترو دەرخەری ئاستی شارەستانیەتی هەرگەلێکە. «کۆنفسیۆس» دەڵێ: بۆ ناسیاری شارستانیەتی هەر گەلێک، سەرنجی مۆسیقاکەی بدە».

هونەر بەگشتی هەڵگری مێژوویەکی دوور و درێژە له ڕەوتی کۆمەڵگای ئینسانی و بەسەر سەرجەم بوارە فیکرییەکان شوێندانەریی خۆی سەلماندووە. بەشێکی زۆر له بیرۆکەفیکرییەکان و ڕێبازە زەینییەکان یان له پانتایی هونەردا تاقی کراونەتەوە یان هونەر بۆتە هۆی سەرهەڵدانیان.

کاریگەریی هونەر بەسەر کۆمەڵگە تاڕادەیەکە که هیچ بزاڤ و بزووتنەوەیەکی فیکری، ئایدۆلۆژی، سیاسی، خۆی بە نیسبەت هونەر بۆ جێ خستنی ئایدیاو بیروباوەری خوی نەتەنیا بێنیاز نەزانیوە، بەڵکوو زۆریش هەوڵی داوە سەرنجی هونەرمەندان بەرەولای خۆیان ڕابکێشن و بەستێنێکی لەباریان بۆ ئامادەبکەن. ئەگەرچی له ڕەخنەی زانستی تایبەت بەهونەر نابێت هونەرمەند بەتەواویی لەخزمەتی بانگەشەی بیرۆکەیەکدا بێت و لەوچوارچێوە قەتیس بمێنێتەوە چونکە مانەوە له بازنەی هەر بیرۆکەیەکی سیاسی، فیکریی، خەسار له نەفسی هونەری ئەو هونەرمەندە دەدا. هەر بە پێی ئەمە خاوەنی سەرەکیی و هەمیشەیی هونەرمەند خەڵک و کۆمەڵگەیە بۆیە جاروبار دەبێتە هۆی گلەیی وگازندە له هونەرمەندان له مۆزیسین و نووسەرەوە بگرە هەتا شێوکاروگورانی بێژە و سەرجەم مژارەکانی دیکەی هونەر. بەڵام ئاستی پایەبەرزی و شوێندانەریی هونەرمەندان لەسەر کۆمەڵگە ئەوەندە بەهێز و بەرچاوە که زۆرجار دەورو ڕۆڵی هونەرمەندان لەسەر لایەنە سیاسی وکۆمەڵایەتییەکان دەبینین. بۆ نموونە له مێژووی سیاسی وڵاتێک وەکوو ئەرمەنستان دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و دەرچوونی له ژێر ڕکیفی یەکیەتیی سووڤیەتی ئەوکات، ئێستاکە چاودێرانی سیاسی لەسەر ئەو باوەڕەن که جووڵانەوەی هەستی ناسیونالیستی خەڵکی ئەرمەنستان و «وشیاریی نەتەوەیی» گەلی ئەرمەنی جیا له مێژوویەکی پڕ چەوسانەوە قەرزداری ڕۆڵی هونەر و هونەرمەندانی دەروەستە. بەپێویستی دەزانم لێرە بۆ وەبیرهێنانەوەی دەور و نەقشی هونەرمەندێکی ئەرمەنی و شێوەی ڕێزگرتن و پاڵپشتی کردنی خەڵکی ئەرمەنستان بەهەمووچین وتوێژێکەوە لەو هونەرمەندە دەروەستە بە کورتی بخەمە بەر باس.

«لۆریس چکناواریان» مۆزیسین و ڕێبەری ئۆرکسترا و ئاوازدانەری بەناوبانگی جیهان، له دایک وباوکێکی ڕاکردوو له کۆشتن و قەڵاچۆی ئەرمەنییەکان له تورکیە که پەنابەری ئێران دەبن له شاری «برۆجرد»ی سەربە پارێزگای لۆرستان له ساڵی١٣١٦ی هەتاوی لەدایک دەبێ. ئەوەی که له ژیانی هونەریی ئەم مۆزیسینە بەناوبانگە زیاتر



بەرچاو و جێی تێرامانە سۆزو هەستی بێ وێنەیە بە نیسبەت نەتەوەی خۆی. هەروەها کاریگەریی و شویندانەریی هونەرمەندانەو میللی گەرایانەیە بەسەر دۆخی سیاسی وڵاتی ئەرمەنستان. کاتێک له ساڵی ١٩٨٨ی زایینی کارەساتی بوومەلەرزەی «ئیسپیتاک»ی ئەرمەنستان ڕوودەداو دەبێتە هۆی کوژرانی ٢٥٠٠٠کەس ونزیک بە ٥٠٠٠٠٠کەس ماڵوێران و بێ پەنا دەبن، ئەم هونەرمەندە هەر له یەکەم چرکەکانی ئەم کارەساتە فریای هاوڵاتییەکانی دەکەوێت و دەتوانێت له کەسایەتیی هونەری خۆی بە باشی کەڵک وەربگرێت و نزیک بە ١٥میلیۆن ڕۆبل یارمەتی کۆدەکاتەوە بۆ لێقەوماوانی ئەو بوومەلەرزە. ئەمە لە کاتێک دایە کە «گۆرپاچۆڤ»سەرۆک کۆماری یەکیەتی سووڤیەتی ئەوکات بۆ یارمەتی دان بە خەڵکانی زیان لێکەوتوو له کارەساتی ناوکی «چرنویل» تەنیا دەتوانێت ١میلیون ڕۆبل پارە کۆبکاتەوە!! بەبەراوردێکی خێرایی ئەم دوو کاراکترە، بۆمان دەردەکەوێت کە هونەرمەندانی دڵسۆز و دەروەست چەندە دەتوانن بەسەر کۆمەڵگای خۆیان کاریگەریی پۆزتیڤ و بەهێزیان هەبێت. جێی ئاماژەیە «لۆریس چکناواریان» بۆ سەرخستن وگەیشتنی خەڵکی ئەرمنیا بە سەربەخۆیی «سیاسی وکیانی» دەور و ڕۆڵێکی باشی گێرا. تائاستێک که چاودێرانی سیاسی سەرکەوتنی ئەرمنستان بە شۆرش و کاریگەریی هونەر دەزانن .

ئەمە ئاماژەیەک بوو بە نموونەیەکی جیهانی و سەردەمیانە لەسەر دەور و نەقشی هونەر و هونەرمەندانی هەرگەلێک بەسەر هەلومەرجی سیاسی،فیکری وفەرهەنگی کۆمەڵگە.

کورد ئەگەرچی نەتەوەیەکی هونەرحەز و هونەرپەروەرە، شوێن پێی هونەری کوردی بەتایبەت له ژانری مۆزیک و ئاوازەوە بەسەر هونەری گەلانی



پێکهێنانی «دەوڵەت – نەتەوە»،کوردیش ئەم مافەی له خەونێکەوە بەرەبەرە خەریکە له ناخی کۆمەڵگا دەبێتە ویست و داواکاری بێگومان هەبوون و هاتنە مەیدانی هونەرمەندانێکی دەروەست و هەڵسۆڕ وەکوو (هیمن، هەژارو، ڕەزازی، شوان پەروەر، نەجمەی غوڵامی و

کوردستانی بۆنەتە چریکەیەکی هاوبەش و هاوسۆز له نێوان زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کورد، ئەمە بەشێوەیەکی مەعنەویی و هونەریی له خزمەتی هاوسۆزیی نیشتمانی دایە.

ئەگەر له دنیای ئەمرۆدا «وشیاری نەتەوەیی» فاکتەرێکی بەهێزە بۆ پرۆسەی نەتەوەسازی و


دیکەی ئێران ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە که له مێژە گەلی کورد هونەر بەلایەوە گرینگ بووە. ئەگەرچی نەتەوەی کورد لە باری زاراوە و کلتوورەوە نەتەوەیەکی فرەچەشن و هەمەرەنگە هەرئەم تایبەتمەندییە زۆر جار بۆتە بەربەستێک لەسەر ڕێی جەریان و ڕێکخراوەسیاسییە نەتەوەییەکان که نەتوانن گوتاری سیاسی خۆیان بە باشی جێ بخەن. بەڵام بە وردبوونەوەیەک له دۆخی ئێستای کورد له باری شوناسخوازییەوە بۆمان دەردەکەوێت که چەندەها هونەر بەتایبەتی مۆزیکی کوردی ئەم بووشایی و پچرانەی پڕکردوتەوەو خوار و ژوور و ناوەندیی پێکەوە گرێ داوە. ئەگەر له «ئیلام و قەسرەشیرین» تادەگاتە دوورترین گوندەکانی باکووری کوردستان دەنگ وگورانی هونەرمەندانێک وەکوو حەسەن زیرەک وسەیدعەلی ئەسکەری



شاریڤان ..هتد) کاراکتەرێکی ئێگجار شیاو شایستەن که بە ئافراندنی کاروچالاکیی هونەری هەم ژێرخان و ماڵی هونەری کوردیان دەوڵەمەندتر کردەوە و هەمیش توانیویانە ببن بە هاندەرێکی باش بۆ ورووژاندنەوەی هەستی نەتەوەیی. بەڵام تەنیا بەرهەم خوڵقاندن مەرج نیە، بەڵکوو پێوەندیی نێوانی کۆمەڵگە و هونەرمەندان دەبێ دوولایەنە بێت. واتا هەموو چین وتوێژی کۆمەڵگە خاوەنداریەتیی له هونەرمەندانی خۆی بکات. بەڵام بەداخەوە ئاستی چاوەڕوانی له هونەرمەندان زۆرجار لەلایەن کۆمەڵگەی سیاسی کوردەوە دەگاتە ئاستێک که هەر لایەنێک دەیهەوێت فلان هونەرمەندێک بەناوی خۆی تاپۆ بکات و مۆرکی خۆی پێوە بنێت.

بە گوتەی «گونتەرگراس» نووسەر و فیلەسۆفی بەناوبانگی ئاڵمانی که ساڵی ٢٠١٤ کۆچی دوایی کرد، له بابەتێکدا دەڵێ: «هونەرمەند پێش ئەوەی هونەرمەند بێت شارۆمەندی شارێک و خەڵکی وڵاتێکە» . لێکدانەوەی ئەم قسە ئەوە دەگەێنێت که ڕاستە هونەرمەند چ نووسەر، چ مۆزیکژەن و هتد نابێت بە نیسبەت خەڵک و وڵاتەکەی خەمسارد بێت. بەڵام ئەم خەمسارد نەبوونە و هاتنە مەیدانی هونەرمەندان و بەشداریی چالاکانەیان له دۆخی سیاسی گەلی کورد نەک کەمتر بە قازانجیان تەواوبووە، بەڵکوو ئەگەر له بەرهەمێکی ئەوان بۆن و ڕەنگی لایەنگەریی لایەنێک یا بیرۆکەیەکی فیکری پێوە دیار بێت، هەرزوو کەسانی دیکە ولایەنی دیکە بە دڵبژۆکی لەگەڵی هەڵسوکەوت دەکەن و تەنانەت بە بێ له پێش چاوگرتنی هونەرەکەی کەرامەتی هونەریی درووخێنن وکەسایەتی دەشکێنن! هونەرمەندی کورد یان دەبێ بێ هەڵۆیست نەبێت یان هەڵۆیستەکەی بە پێی مەرامی «من « بێت! بەداخەوە نموونەمان لەم بارەوە زۆرن که بیرمان لەوە نەکردوتەوە هونەرمەند مۆڵکی هەموومانە ئەرگەریش لەگەڵ ئێمەش هاوبیروڕا نەبێت. له بیرمان نەچێت هونەری هەر هونەرمەندێکی کورد پاسپۆرتی پێناسەو باشترین و بەهێزترین بەڵگەیە بۆ خۆ سەلماندن بە دنیای دەرەوە. گەورەترین نەققاشی ئیسپانیا «سالوادرودالی» ماوەیەک پێرەوی دیکتاتۆری ئیسپانیای کردوە، بەڵام هەموو تاکێکی ئیسپانیایی خۆیان بە خاوەنی ئەو هونەرمەندە دەزانن .

ئەمەگناسی هەر گەلێک بە نیسبەت هونەرمەندان دەرخەری ئاستی شارستانیەت و گەشەی شوعووری فەرهەنگی و سیاسی ئەو گەلەیە.



.................

**ژێدەر:**
**مێژووی مۆسیقای کوردی. حەمەی حەمە باقی**
**ماڵپەری همشهری**
**ماڵپەڕی «آکادمی موسیقی آهنگ»، ،**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 654 April 2015

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## سەرکەوتنی وێنەگرێکی کورد لە فستیڤاڵی وێنەی «آن» لە تاران





وێنەگرێکی کوردی خەڵکی مەهاباد خەڵاتی یەکەمی فستیڤاڵی وێنەی « ئان»ی وەدەست هێنا.

بەپێی ڕاپۆرتی پەیامنێری کوردستانو کورد میکاییل بایەزیدی، هونەرمەندی وێنەگری شاری مەهاباد کە لە فستیڤاڵی وێنەی « ئان» لە شاری تاران بەشداریی کردبوو، خەڵاتی یەکەمی ئەو فستیڤاڵەی بردەوە.

لەم فستیڤاڵەدا کە بە بەشداریی ٣٠٠ هونەرمەندی وێنەگر لە شارەکانی پارێزگاکانی ئێران بۆ نموونە تاران، سمنان، خوراسانی باشوور، خوراسانی باکوور، گوڵستان، مازندەرانو ورمێ بەڕێوەچوو، ١٤٠٠ وێنەی هونەرمەندانی بەشدار لە بەشی پێشبڕکێ دابوون کە ٨ وێنەی میکاییل بایەزیدی خەڵاتی یەکەمیان وەدەست هێنا.

سەرکەوتنی یکاییل بایەزیدی، هونەرمەندی وێنەگری شاری مەهابادو وەدەستهێنانی پلەی یەکەمی فستیڤاڵی وێنەی «ئان» لەمساڵدا لە حاڵێک دایە کە ناوبراو ساڵی ڕابردووش هەر لەو فستیڤاڵەدا خەڵاتی دووهەمی پێدرابوو.

## بەڕێوەچوونی کۆڕە شێعرێک لە هەولێر لە پەسنی شەهیدو پێشمەرگەکانی کوردستان

بۆ ڕێزنان لە ئازایەتیو قارەمانەتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو بیرەوەریی شەهیدانی سەربەرزی نیشتمان لە شەڕی داگیرکەرانی کوردستاندا کۆڕە شێعرێک لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو.



بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی وێژەیی هەولێر ڕۆژی شەممە ٢٩ی خاکەلێوە کۆڕە شێعرێکی بۆ شاعیران بۆتان جەلال، زیاد نادرو ڕەسووڵ سوڵتانی پێک هێنا.

ئەو کۆڕە شێعرە وەک باسکرا بۆ پشتیوانی لە پێشمەرگەی کوردستان و هاوسۆزی لەگەڵ ئەو ڕۆڵەگیان لەسەردەستانەی نیشتمان پێک هاتو خەڵکێکی زۆر لە شاعیرانو نووسەرانو هونەرمەند و هۆگرانی ئەدەبی کورد تێیدا بەشدار بوونو ئەو سێ شاعیرەش شیعرەکانیان خوێندەوە.

ڕەسووڵ سوڵتانی، شاعیری خاوەن هەست کە یەکێک لە بەشدارانی ئەو کۆڕە شێعرە بوو، لە لێدوانێکدا بۆ کوردستانو کورد دەڵێ: لەگەڵ هەڕەشەو پەلامارەکانی دەوڵەتە ئیسلامییەکەی داعش بۆ سەر کوردستانو بەرەنگاریی قارەمانانەی پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانمان، هونەر لە باشووری کوردستان گیانێکی حەماسیی بەبەردا هاتەوەو دیسان سروودو گۆرانیی نیشتمانیو شیعری حەماسی کە لە باشووری کوردستان لە دوای ڕاپەڕینەوە تەواو فەرامۆش کرابوو و کەس قەڵەمیشی پێدا نەدەهێنا و تەنیا لە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکاندا ناویان دهات، دیسانیش بووژانەوە.

## پەسندکردنی خەڵاتی «برایم یونسی»



لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو چەند ساڵ دوای کۆچی دوایی، خەڵاتی برایمی یونسی لە بواری ئەدەبیات بە پەسند گەیشت.

ئەم هەنگاوە لە لایەن شورای شاری بانەوە دوای هەوڵێکی زۆر توانیان ئەم خەڵاتە دیاری بکەن.

ئەم خەڵاتە لە لایەن شەوبۆ محەمەدیان جێگری شورای شاری بانە سەرپەرشتی دەکرێت.

ئەو خەڵاتە بە دووهەم خەڵاتی ئەدەبی لە دوای خەڵاتی هونەری ماملی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە بە ناوی کەسایەتیە دیار و ناودارەکانی کوردەوە ناودێر کراوە.

## تاوتوێ کردنی ئەدبیاتی کوردیی منداڵان



**لە سمیناریکدا لە شاری بۆکان ئەدبیاتی کوردیی منداڵان تاوتوێ کرا.**

بە بەشداریی شاعیرانو چالاکانی فەرهەنگیو ئەدەبیی کورد، سمینارێکی تایبەتی لەسەر ئەدەبیاتی کوردیی منداڵان لەژێر ناوی «تاوتوێ و لێکدانەوەی ئەدەبیاتی منداڵان لە ڕۆژئاوای ئێران» لە شاری بۆکان بەڕێوەچوو.

مستەفا ئیلخانیزادە، بەرپرسی کۆڕی فەرهەنگی و فێرکاریی ئەدەب لە شاری بۆکان لە لێدوانێکی تەلەفونیدا بۆ کوردستان و کورد دەڵێ لەو سمینارەدا، کە چالاکانی فەرهەنگیی کورد لە شارەکانی، مەهاباد، سەقز، بۆکان و سەردەشتەوە بەشدارییان تێدا کردبوو، چەند کەس لە چالاکانی فەرهەنگی و ئەدەبیی کوردستان، وەکوو یوونس ڕەزایی، پرشنگ ئیلخانیزادە، سەلاحەدین خزرنژاد، دیانا مورادیان لە ئیلام، شەرارە ئیلهامی، بە دوو زمانی کوردی و فارسی، وتاریان لەسەر ئەدەبیاتی منداڵان و خەسارناسیی ئەدەبیاتی منداڵان، پێشکەش کردوە.

مستەفا ئیلخانیزادە بە بایەخەوە لەو کارە دەڕوانێ و دەڵێ بەرنامەی چەند کۆڕ و سمیناری دیکەشیان لە حەوتووەکانی داهاتوودا لە بەردەست دایە.

## سەرکەوتنی تێکواندۆکارێکی کورد لە کێبڕکێیەکانی پۆمسەی قارەمانیی ئاسیادا

**محەممەد خانی تێکواندۆکارێکی کرماشان لە کێبڕکێیەکانی پۆمسەی قارەمانیی ئاسیادا پلەی یەکەمی وەدەست هێنا.**



بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەرییە وەرزشییەکان، تێکواندۆکارێکی کوردی خەڵکی کرماشان لە کێبڕکێیەکانی پۆمسەی قارەمانیی ئاسیا کە لە ٢ تەمەنی جیاوازی منداڵو مێرمنداڵ بە بەشداری ١٢٧ تێکواندۆکار لە ١٧ وڵات لە هۆڵی زانکۆی تایپە لە وڵاتی چین تایپە بەڕێوەچوو، پلەی یەکەمی بەدەست هێنا.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە ئەمە یەکەمین خولی ڕکەبەرایەتی قارەمانی تێکواندۆی منداڵانی ئاسیا «کیوروگی» بوو و لە ڕێکەوتی ٢٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، خانەخۆیی چین تایپە دەستی پێکرد و هەتا ڕێکەوتی ٢٧ی خاکەلێوە درێژەی کێشا.

لەو کێبرکێیانەدا محەممەد خانی تێکواندۆکاری مێرمنداڵی کرماشانی لە کێشی ٦٥- کیلۆدا پلەی یەکەمی بەدەست هێنا.

## کۆچیدوایی نووسەرو فیلسووفی ئاڵمانی، «گۆنتەر گراس»



گۆنتەر گراس، نووسەر،شانۆنامە نوویس،پەیکەرتەراش وبیردۆز ی ناسراوی ئەڵمانی لە ١٣ی ئاوریل لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

«تەپڵی تەنەکە، مشک و پشیلە و ساڵە سەگییەکان»، لە ناسرواترین بەرهەمەکانین.

هەندێک لە بەرهەمەکانیشی کراونەتە کوردی.

ساڵی ١٩٩٩ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیی وەرگرتووە.

ساڵی ١٩٧٩ «فۆلکر شلۆندرۆف» دەرهێنەری ئەڵمانی ڕۆمانی تەپلێ تەنەکەی کردووەتە فیلمی سینەمایی.

### بەر لە ماڵاوایی

## ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا، بۆنەیەکی نەتەوەیی و خەباتگێڕانە



قادر وریا

١١ بانەمەڕی ١٢٧٩(١ی مای١٩٠٠) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەسێک هاتە سەر دنیا کە دواترو لە دەیەی پێنجەمی تەمەنی دا، ڕێچکەیەکی لە مێژووی نەتەوەکەی دا ڕەنگرێژ کرد کە لە ماوەیەکی کەم دا، ئاراستەی ئەم مێژووە و چارەنووسی نەتەوەکەی گۆڕی.

قازی محەممەد، کە بەر لە هاتنیشی بۆ نێو کۆمەڵەی ژێکافو حیزبی دیموکراتی کوردستان، کەسایەتییەکی دیارو شوێندانەری مەهاباد بوو، لەو کاتەوە کە هاتە نێو کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، ئەو زەمینە و دەرفەتەی بۆ پێک هات کە ڕۆڵێکی گەورە لە ژیانی سیاسیی نەتەوەکەی دا، بگێڕێ. قازی محەممەد بوو کە لە سەر بناغەی کۆمەڵەی ژێکاف حیزبی دیموکراتی کوردستانی بنیات ناو، کردی بەو هێزە سیاسییە لە لایەکەوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری بەرنامە و ئامانجەکانی کۆبکاتەوە و لە لایەکی دیکە، بیکا بە نوێنەری نەتەوەی کورد بۆ وتووێژو دانوستان لە گەڵ ئازەربایجانو سۆڤیەتو لایەنەکانی دیکە تا پشتی پێکهاتنی دەوڵەتێکی کوردی لەم ناوچەیە بگرن.

ئەوە هەر ناسراویو پێگەی ئایینیو کۆمەلایەتیی خۆیو بنەماڵەکەی نەبوو کە یارمەتیدەری بەرزبوونەوەی دەور و ڕۆڵی قازی محەممەد لە کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بوون. زاناییو ڕۆشنبیریی سیاسیو گشتیی ئەو کەسایەتییەو بیروباوەڕو هەڵسوکەوتی ئینسانیو شارستانیو دیموکراتانەی ئەو، هاندەری توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکو دۆستانی ئازەربایجانی و بیانییش بوون بۆ ئەوەی لە پێشەوەی خۆیانو لە ڕووبەرووی خۆیان‌دا، ڕێبەر و کەسایەتییەکی بەرپرس و جێگای متمانە بەدی بکەن.

قازی محەممەد، لە ماوەی کورتی سەرکۆمارییەکەی‌دا، وەها درەوشاییەوە، کە ڕووناکییەکەی بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر زەمانو مەکانی بڕی. ئەو دەسەڵاتە کوردییەی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆکایەتیی کرد، لە ماوەی یازدەمانگ لەسەرکاربوونی‌دا، لە ژێر ڕێبەریو کاریگەریی بیرکردنەوەو سیاسەتی ئەو کەسایەتییەدا نموونەیەکی ئەوەندە بەرزو گەش لە دەسەلاتدارەتیی خستەڕوو، کە کاریگەرییەکانی لە سەر ئازادیخوازانو خەباتکارانی کوردستان هەتا ئێستاش نەسڕاوەنەوەو بوون بە ڕووگەو سەرچاوەی ئیلهامی سیاسیی نەتەوەکەی.

پێشەوا قازی محەممەد، ئەگەر لە سەردەمی ژیانی سیاسیو لە چڵەپۆپەی دەسەڵاتو ڕێبەری‌دا، هەوێنی تەباییو یەکگرتوویی خەڵکو ڕەمزی ڕەتکردنەوەی بندەستیی نەتەوەییو جاڕدانی دەوڵەتی کوردی بوو، لە شەهیدبوونیشی‌دا، هەڵگری پەیامی سەردانەنواندنو پشتنەکردن لە ئامانجی ڕزگاری بوو. ئەو بە بەرگرییە بوێرانەو مێژووییەکەی لە بێدادگای ڕێژیمی شایەتیو بە چوونی سەربەرزانەی بۆ سەر سێدارەی دوژمنان، بەو هەمووە دەسکەوتو ناوەڕۆکە سیاسیو دیموکراتییە دەوڵەمەندەی لە ڕێگای کۆماری کوردستانو لە ماوەیەکی کورتی دەسەلاتدارەتی‌دا بەرهەمی هێنا، نەک هەر سەری خۆی، بەڵکوو بڕگەیەکی هەستیار لە مێژووی نەتەوەکەشی بەرز کردەوە.

ڕێزگرتن لە١١ی بانەمەڕ، ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد، لە لایەک ڕێز گرتنە لە ڕێبەرو سەرکردەیەک کە زۆر لە شانازیو دەسکەوتەکانی مێژووی هاوچەرخی نەتەوەکەمان لە سەر دەستی ئەو بەرهەم هاتوونو لە دایک بوون، بۆ نموونە: دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تەمەنترین حیزبی کوردی، دامەزرانی جمهووریی کوردستان یەکەم دەسەڵاتی مودێڕنی نەتەوەیی، هاتنە دنیای ئاڵای کوردستان، پێکهاتنی هیزی پێشمەرگە و چەندین دەسکەوتی دیکە. لە لایەکی تریشەوە ڕیزگرتن لە بیرەوەریی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد، نیشاندانی وەفادارییە بەو ئامانجانەی ئەو سەرکۆمارە گیانی خۆی لە پیناویان‌دا بەخت کرد، پێداگرتنەوەیە لە سەر ڕێگا و ڕێبازێک کە پێشەوای شەهید خستیە بەر دەمی نەتەوەکەی، ڕێگای ڕزگاربوون لە بندەستی و ڕێبازی بە سەربەستیو بە سەربەرزیی ژیان.

نابێ هەر وا بە سادەیی بەلای سەدوپازدەهەمین ساڵڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەددا کە دەبێتە ١١ی بانەمەڕی ئەمساڵ، تێپەڕ بین. لە نێوخۆی وڵاتو لە ژێردەسەڵاتی دوژمنانی ئاواتو ئامانجەکانی پێشەوای ڕێبەرو ڕێنیشاندەردا، ڕۆژی لەدایکبوونەکەی پێویستە وەک بۆنەیەکی نەتەوەییو خەباتگێڕانە بە شکۆیەکی تایبەتەوە، یادی بکرێتەوە. لە بەشەکانی دیکەی کوردستانو لە هەر جێگایەک کوردستانیان دەژین، ڕێزگرتن لەم بۆنەیەو، بە ڕێزەوە یادکردنەوەی هزرو ئەندیشەو پەیامو هەڵوێستو ئامۆژگارییەکانی ئەو کەسایەتییە مێژووییە، پێویستە بە ئەرکێکی نەتەوەیی دابنرێ. با گیانی سەرکۆماری شەهیدمان پێشەوا قازی محەممەد لە بەرزایی مێژوودا، شاد و شایەد بێ کە نەتەوەکەی بە قەدرزانی و پێزانینەوە ڕێگای ئەو، کە ڕێگای ڕزگاریی خۆیانە، درێژە دەدەن.